ده‌زگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی و سه‌رنووسه‌ر
مصطفى جلالى

سالی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

● پێنج شه‌ممه ١٩٨٣/٢/١٧ ژماره (٦٧٥) ● ٨ لاپه‌ڕه ● به ٥٠ فلسه ● الخميس ١٩٨٣/٢/١٧ العدد (٦٧٥) ●

له‌م ژماره‌یه‌دا
گفتو گۆیه‌ك له‌گه‌ڵ هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تی هه‌رێمایه‌تی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست ڕاگری نهێنیی لقی سه‌روودا له ل (٤) دا بخوێنه‌وه.

له‌نامه‌یه‌کی کراوه‌ی سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین دا بۆگه‌لان و سوپای ئێران:

چاره‌نووسی داگیرکه‌ره فراوانگه‌ری یه‌کان سه‌خت ترو تاڵ تر ده‌بێت

ئێمه به گیانێکی نیشتمانیانه‌و مرۆڤانه بیرله به‌رژه‌وه‌ندی گه‌لانمان ده‌که‌ینه‌وه

ئه‌وه له نامه‌یه‌کی کراوه‌دا هاتووه که به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین سه‌ر له ئێواره‌ی سێشه‌ممه ئاڕاسته‌ی گه‌لانی ئێران و سوپای ئێرانی کردووه تێیدا ئاواتی خۆی ده‌ربڕیوه که هه‌موان له ئه‌م ڕاستییانه تێبگه‌ن و خۆیان له هه‌ر کارێکی سه‌ره‌ڕۆیی تر له که‌رتی میسان یان له که‌رته‌کانی ترو له هه‌مان شوێنی شیبه‌وه یان له شوێنه‌کانی تره‌وه دووره‌په‌رێز بگرن چونکه ئه‌و چاره‌نووسه‌ی که چاوه‌ڕێی داگیرکه‌ره فراوانگه‌ری یه‌کان ده‌کات تیژترو تاڵتر ده‌بێت له‌و چاره‌نووسه‌ی که هه‌زاره‌ها ئێرانی بوون به قوربانی بۆی که به بڕیاری ده‌سته‌ڵات به‌ده‌سته‌کانیان پاڵیان پێوه‌نرابوو ئه‌وانه‌ی که ڕاده‌ی که‌می به‌ته‌نگه‌وه‌هاتنی گه‌له‌کانیان له‌ ده‌ستدا نییه.

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین ووتی به هه‌موو ڕێگایه‌ك هه‌وڵمان داوه ترسناکی ڕه‌فتاری ده‌ستدرێژی که‌رانه بۆ ڕژێمی ئێران روون بکه‌ینه‌وه‌و بانگ‌ڕاهێشتن بۆ ئاشتی له ده‌ستپێکردنی هه‌ست‌کردن به لێپرسراوێتی و تێگه‌یشتنی ڕاستی هۆیه جوگرافی و هۆیه‌کانی تر که ئه‌و واقیعه ڕوونده‌که‌نه‌وه که عیراق و ئێران دوو ده‌وڵه‌تی دراوسێی یه‌کترین که له توانای هیچ کامێکیاندا نی یه ئه‌م واقیعه پشت گوێ بخه‌ن

(له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ڕۆژنامه‌که‌مان له ژێر چاپدا بوو، هه‌موو لاپه‌ڕه‌کان لێدرابوون، ئه‌وا ده‌قی نامه کراوه‌که له ژماره‌ی داهاتوودا بڵاوده‌کرێته‌وه).

نامه‌یه‌کی کراوه له سه‌ره‌کی به‌ڕێزه‌وه صدام حسین بۆ

خێزانی دواکه‌وتوو و ڕاکردووه‌کان

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین ڕۆژی شه‌ممه نامه‌یه‌کی کراوه‌ی ئاڕاسته‌ی خێزانی دوواکه‌وتووه‌کان و ڕاکردووه‌کان له سه‌ربازی یان ئه‌وانه‌ی په‌یوه‌نددارن کرد، ئه‌مه‌یش ده‌قی نامه‌که‌یه ..

به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان ئه‌ی برا عیراقی یه‌کان

سڵاو ڕه‌حمه‌ت و به‌ره‌که‌تی خواتان لێ بێت.. پاشان .. ئێمه‌ی عیراقی .. به‌ڵکو هه‌موو سه‌ربه‌رزه خێرداره‌کان له ڕۆڵه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب له هه‌ر کوێیه‌ك بن، جه‌نگه نه‌به‌ردییه سه‌رکه‌وتووه‌کانی ئه‌م دواییه چه‌ندین واتای به‌شنی تایبه‌ت له شانازی کردن و مه‌ردایه‌تی‌یان تێدا بزواندین .. ئه‌وه‌بوو هه‌موو نه‌ریتی خێرو خۆشه‌ویستی و سه‌ختی بیروباوه‌ڕیانه‌و وێنه‌کان و هێماکانیان له دڵدا بووژاندینه‌وه، ئه‌وه‌بوو من هه‌ستم کردو هاوڕێیانیش له‌گه‌ڵمدا هه‌ستیان کرد که هه‌ندێك خێزانی ئه‌وانه‌ی ده‌روونیان نووچی‌داو له به‌رده‌می وه‌سوه‌سه‌ی ئاره‌زووی له ڕێ لاده‌ری و تێڕوانینی ته‌سکی ژیاندا بێهێزبوون له‌م جه‌نگانه‌دا، بگره له جه‌نگه‌کانی پێشووشدا، سه‌ربه‌رزیی به‌شداری کردنیان نه‌بووه .. ئه‌وانن که ته‌نیا ژان دڵیان ده‌گوشێت و، په‌ژاره‌و ناخ هه‌ڵکێشان ده‌یانگرێته‌وه، بۆیه له به‌ته‌نگه‌وه بوونی ئێمه بۆ بنیاتنانی عیراقێکی گه‌شه‌سه‌ندووی گه‌شبینی هاوسان، هه‌موو ڕۆڵه‌کانی له بنیاتنانی [illegible] نه‌به‌ردی و سه‌ربه‌رزیی کردن له نیشتمان به‌شداربن و، بۆ ئه‌وه‌ی نه‌هێڵین چه‌ند گرێ کوێره‌یه‌کی تایبه‌ت له ده‌روونه‌کاندا هه‌ندێك له ڕێگای ڕاست لابدات به‌بێ ئه‌وه‌ی له‌وه‌پێش ئاره‌زووی له‌ڕێلادانی هه‌بێت و .. له ڕێزلێنانی ئێمه‌و شانازی کردنمانه‌وه به‌و په‌یوه‌ندییه پته‌وه‌ی که به هه‌موو عیراقییه‌کانمانه‌وه ده‌به‌ستێت و بۆ ئه‌وه‌ی ڕۆژێك له ڕۆژان یه‌کێکیان له کارێك له کاره‌کاندا گله‌ییمان لێ نه‌که‌ن، بینیمان که شتێکی گونجاوه هه‌لێکی نوێ بۆ ڕاکردووه‌کان و دوواکه‌وتووه‌کان ئه‌وانه‌ی له سه‌ربازی و له خزمه‌ت له هێزه‌کانی ئاسایشی ناوخۆدا ڕایانکردووه یان دواکه‌وتوون بکرێته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی خۆیان بخه‌نه کاروانی سه‌ربه‌رزی و شکۆمه‌ندی، که پاڵه‌وانه مه‌رده نه‌به‌رده‌کان ئاڵاکه‌یان هه‌ڵگرتووه له‌وانه‌ی که مافه‌کانی نیشتمان و هاووڵاتێتییان زانیوه، به‌وپه‌ڕی لێهاتوویی و به‌جه‌رگی [illegible] ئه‌رکه‌کانیان به‌جێهێناوه.. بۆ ئه‌وه‌ی که‌س نه‌مێنێته‌وه گله‌ییمان بخاته سه‌ر یان گله‌ییمان لێ بکات له کاتێکدا که یاسا به‌سه‌ر ئه‌وانه‌دا جێبه‌جێ ده‌که‌ین که له سه‌ربه‌رزی و ئه‌رکی هاووڵاتێتی لایان داوه‌و دواکه‌وتوون ..

ئه‌وا بڕیارماندا له ڕاکردووه‌کان و دواکه‌وتووه‌کان ببوورین ئه‌وانه‌ی که ناویان براوه، له سه‌ریانه خۆیان بگه‌یه‌ننه وه‌حده‌کانیان یان مه‌ڵبه‌نده‌کانی سه‌ربازگری یان بنکه‌کانی حزب بۆ ئه‌وه‌ی به‌شێك بن له کاروانه .. ئه‌م به‌خشینه‌یش تا ١-٣-١٩٨٣ به‌رده‌وام ده‌بێت هیواداریین خێزانه په‌یوه‌نداره‌کان به‌وه‌ی نه‌ریت و هه‌ڵویسته ڕاسته‌قینه‌کان پێویستیان پێ ده‌کات ڕۆڵه‌کانیان ڕێنمایی بکه‌ن .. پاش ئه‌وه که‌مته‌رخه‌مه‌کان لۆمه له که‌س ناکه‌ن خۆیان نه‌بێت.. بۆ ئه‌وه‌یش جیاوازییه‌کی بیروباوه‌ڕیانه‌و جه‌وهه‌ری له نێوان ئه‌وانه‌ی هه‌ر له یه‌که‌مین ڕۆژی جه‌نگه‌وه تاکو ئێستا به‌رگرییان له عیراق کردو، ئه‌وانه‌ی سه‌ربازییان له کاتی خۆیدا کردو، له نێوان ئه‌وانه‌دا که به‌خشیمانن .. ئه‌وا نیشانه‌ی قادسیه نابه‌خشرێت به‌و که‌سه نه‌بێت له وانه‌ی لێیان له جه‌نگه‌کانی دوارۆژدا به شێوه‌یه‌کی چاك و بێوێنه ده‌جه‌نگێت ئه‌ویش به ته‌ئیدی فه‌رمانده ڕاسته‌وخۆکانیان .. ئه‌مه‌و سه‌رکه‌وتن له خوا ده‌خوازین.

صدام حسین
دوازده‌هه‌می شوباتی ١٩٨٣

سه‌رجه‌می زیانه‌کانی دوژمن له جه‌نگه‌کانی ئه‌م دوایی یه‌ی شیب دا «١٥٢٥٨» کوژراو بووه

سه‌رچاوه‌یه‌کی سوپایی له سه‌رکردایه‌تی گشتیی هێزه چه‌کداره‌کان ڕۆژی یه‌کشه‌ممه ڕایگه‌یاندووه که سه‌رجه‌می زیانه‌کانی دوژمن له جه‌نگه‌کانی ئه‌م دوایی یه‌ی شیبدا له ٦-٧ شوباتی ١٩٨٣ه‌وه تاکو ده‌ی شوبات

پازده هه‌زارو ٢٥٨ کوژراوو ژماره‌یه‌کی زۆری بریندارو ژماره‌یه‌کی زۆر گه‌وره‌ی ده‌ستگیرکراو، ٩٨ تانك به تێکشکێنراو ساغه‌وه، ٨١ نه‌فه‌ربه‌ری زرێلی به تێکشکێنراوو ساغه‌وه، ٨٤ ئۆتومبیلی هه‌مه چه‌شنه سووتێنراوو ساغه‌وه، ٤١ شه‌فل به تێکشکێنراوو ساغه‌وه، چوار ڕامالکه‌ر، یه‌ك مووشه‌كهاوێژ، سه‌ره‌ڕای تێکشکاندن و سووتاندنی ژماره‌یه‌کی زۆری چه‌ك و ته‌قه‌مه‌نی و ئامێری جۆر به جۆرو ده‌ست به‌سه‌رداگرتنی ژماره‌یه‌کی زۆرتر که به که‌ڵکی به‌کارهێنان دێن.

هه‌روه‌ها سه‌رچاوه‌که ووتوویه‌تی تاقمه خوێنمژه‌که‌ی خومه‌ینی به‌م کاره سه‌ره‌ڕۆیه

پووچه‌ڵه‌ی خۆی و هێزه‌کانی و گه‌لانی لێقه‌وماوی ئێرانی خستووه‌ته داوی چه‌ندین ئامانجێکی فراوانگه‌ری‌ی به‌ده‌وه که هه‌رگیز له‌تواناداا نی یه به‌دی بهێنرێن.

به‌یاننامه ژماره (١٠٠٠)

هێزه چه‌کداره‌کانمان له چالاکی یه‌کانی خۆیاندا، دژ به هێزه‌کانی دوژمن له که‌رته‌کانی جه‌نگدا، زیانی زۆرتر به دوژمن ده‌گه‌یه‌نن و، له ماوه‌ی ڕۆژی هه‌ینی‌یه‌وه تا ڕۆژی دووشه‌ممه به‌م جۆره‌ی خواره‌وه زیانیان له دوژمن داوه:

١٦٩ کوژراو، ژماره‌یه‌کی زۆری بریندارو ده‌ستگیرکراو، ٦ سه‌نگه‌ری پیاده، سێ ڕووانگه، یه‌ك تۆپخانه‌ی ١٠٦ ملم، یه‌ك شه‌فل، شه‌ش تانك، شازده ئۆتومبیل، سێ کۆمه‌ڵ ته‌قه‌مه‌نی، سێزده نه‌فه‌ربه‌ری زرێلی، دوازده کۆمه‌ڵی پیاده.

ئه‌مه‌و له ماوه‌ی ئه‌م هه‌فته‌یه‌دا، فڕۆکه‌وانه پاڵه‌وانه‌کانمان چه‌ندین جار هێرشیان بردووه‌ته سه‌ر سه‌نگه‌ره‌کانی دوژمن و زیانی گه‌وره‌ی سه‌روماڵییان لێداوه‌و، ڕۆژی شه‌ممه هێزی ده‌ریایی و فڕۆکه‌کانی هێرشیان بردووه‌ته سه‌ر دوورگه‌ی خارك و شۆسته‌ی نه‌وت‌بار کردن و ده‌زگاکانی نه‌وت پڕکردن و نه‌وت هه‌ڵگرێکیان پێکاوه، له ئه‌م هه‌فته‌یه‌شدا، ڕۆژی دووشه‌ممه، به‌یاننامه‌کانی سه‌رکردایه‌تی‌ی گشتی‌ی هێزه چه‌کداره‌کان گه‌یشته ژماره (١٠٠٠).

کوشتنی نوێنه‌ری خومه‌ینی له کوردستانی ئێراندا

تاران ــ ١٥ ــ گوێگرتن:

ڕژێمی ئێران دانی به‌وه‌داناوه که مه‌لا محمد صالحی نوێنه‌ری خومه‌ینی له‌ شاری تکاب له کوردستانی ئێران له لایه‌ن به‌رهه‌ڵستکاره چه‌کداره‌کانه‌وه کوژراوه.

ئه‌م کاره‌ش له‌و نامه‌ی پرسه‌یه‌دا ده‌رکه‌وت که منتظری بۆ خێزانه‌که‌ی مه‌لا محمد صالحی ناردووه‌و ڕادیۆی تاران بڵاوی کردووه.

به‌ڵام منتظری له‌ نامه‌که‌یدا باسی ئه‌وه‌ی نه‌کردووه که که‌ی و له‌ کوێدا له شاری تکاب ئه‌م نوێنه‌ره‌ی خومه‌ینی کوژراوه.

به‌رهه‌ڵستکارانی ئێران خۆیان باسی له‌ناوبردنی دوانیان له‌ کاربه‌ده‌سته خوێنڕێژه‌کانی ئێران کرد که مهاجام مهرانی و علی مهرانی بوون و له ناوچه‌ی کافالوش له سه‌رووی ئێراندا له‌ناوبراون.

خومه‌ینی جارێکی تریش ده‌چێته‌وه خه‌ڵوه‌ت

پێرێ له تارانه‌وه ڕاگه‌یه‌نرا که هه‌موو سه‌ردان و چاوپێکه‌وتنه‌کانی خومه‌ینی که له پێش ١٥ ڕۆژدا خومه‌ینی دیاری کردبوو لابرا.

ئه‌مه‌ش له نووسینگه‌ی خومه‌ینی‌یه‌وه له قوم ڕاگه‌یه‌نرا، به‌بێ ئه‌وه‌ی درێژه بدرێ به هۆی چوونه خه‌ڵوه‌ته‌که‌یه‌وه. هه‌روه‌ها له‌م دواییه‌دا تێبینی ئه‌وه‌ش کراوه که ووته‌و خوتبه‌کانی خومه‌ینی له لایه‌ن خه‌ڵکی تره‌وه ده‌خوێنرێته‌وه.

ڕۆژنامه‌کانی جیهان

ده‌رباره‌ی سه‌رکه‌وتنه‌کانی سوپاکه‌مان ده‌دوێن

ده‌زگاکانی ڕاگه‌یاندنی فه‌ره‌نسا دووانه‌که‌ی ڕه‌فسه‌نجانیان بڵاوکردووه‌ته‌وه که تێیدا دانی به شکستی‌ی هێرشه‌که‌ی ئه‌م دوایی‌یه‌ی ئێراندا ناوه که ویستی له ناوچه‌ی شیب له‌ سنووری عیراق بپه‌ڕێته‌وه.

ڕۆژنامه‌ی ــ لۆمۆتان ــ ووتوویه‌تی سه‌ره‌کی په‌رله‌مانی ئێران ڕه‌فسه‌نجانی ئاخری دانی به شکستی‌ی هێرشه‌که‌ی ئێراندا ناوه بێ ئه‌وه‌ی بتوانێت ئامانجه‌کانی به‌دی بهێنێت.

ڕادیۆی (ئار. تی. ئێل)یش ووتوویه‌تی ئه‌م دان پێدانانه‌ی ڕه‌فسه‌نجانی به‌ڵگه‌یه‌کی نوێیه ده‌رباره‌ی سه‌رکه‌وتنی عیراق و سه‌رکوت‌کردنی هێرشه‌کانی ئه‌م دوایی‌یه‌ی ئێران.

ڕۆژنامه‌ی (هیرالد تریبیون)یش ووتوویه‌تی لێپرسراوانی ئه‌و کۆمپانیا بێگانانه‌ی له دوورگه‌ی (خارگ)ی ئێرانیدا ئیش ده‌که‌ن به شێوه‌یه‌کی ڕاسته‌قینه له هێرشه‌کانی عیراق ده‌کۆڵنه‌وه.

له به‌ڵکرادیش ڕۆژنامه‌ی بۆربا له گۆشه‌یه‌کی هه‌فتانه‌دا باسی جه‌نگی نێوان عیراق و ئێرانی کردووه‌و په‌نجه‌ی بۆ ئه‌وه ڕاکێشاوه که قه‌واره‌ی زایۆنی ئامانجی له‌و یارمه‌تی‌یانه‌ی به ڕژێمی خومه‌ینی‌ی ده‌دات، عیراقه، چونکه یه‌کگرتوو و هاریکاری‌که‌رو پڕ له هێمنیی ئاسادیشه.

ڕۆژنامه‌ی (پۆلیتیکا)یش ووتوویه‌تی ئه‌م ژماره زۆره‌ی دیله‌کانی ئێرانی دووپاتی ڕاستگۆیی به‌یاننامه‌کانی عیراق ده‌که‌نه‌وه‌و هه‌ڵوێستی عیراق ده‌رباره‌ی پێشنیاره‌کانی ئاشتی واقیعی و بنیات‌نه‌رانه‌یه‌و هینه‌کانی ئێران له‌و چه‌شنانه‌یه که قبوڵ نه‌کرێن.

ڕۆژنامه‌ی (بایز)ی ئیسپانیش چه‌ندین وێنه‌ی دیله‌کانی ئێرانی بڵاوکردووه‌ته‌وه که له‌م ده‌ستدرێژی‌یه‌ی ئێراندا به ده‌ستی سوپا دلێره‌که‌مان دیل کراون.

تاران ــ تایبه‌تی:

له پایته‌ختی ئێراندا له تاران په‌رده له ڕووی گرتنی پێنج‌سه‌د سووپایی ئێران هه‌ڵماڵراوه له‌وانه‌ش ژماره‌یه‌ك ئه‌فسه‌ری گه‌وره‌ن و ئه‌مه‌ش به‌و ناوه‌وه بووه که هاوکاریان نه‌کردووه‌و له‌وفرمانانه یاخی بوون که پێیان دراوه بۆ به‌شداری

گرتنی ٥٠٠ سووپایی ئێران و له‌سێداره‌دانی ١٥٠ ئه‌فسه‌ر که به‌رهه‌ڵستکاری کاره سوپایی‌یه‌کانی شیب بوون

کردنی ئه‌و هێرشه‌ی ڕژێمی مه‌لاکان کردیانه سه‌ر ناوچه‌ی شیب. چونکه ئه‌مانه باوه‌ڕیان به‌و ئه‌نجامه ناخۆشه هه‌بوو که سووپای ئێرانی سه‌رنه‌که‌وتوو له‌و هێرشه‌دا تووشی بوو.

سه‌رچاوه نزیکه‌کان له کاربه‌ده‌ستانی ڕژێمه‌که‌وه ووتوویانه که سه‌دو په‌نجا ئه‌فسه‌رو عه‌ریف و نایب عه‌ریف و سه‌رباز پاسه‌وانانی خومه‌ینی له به‌ندیخانه‌ی ئیفین به‌گولله کوشتوونیان و ژماره‌یه‌کی تری ئه‌و سووپاییانه‌ش وایان لێده‌کرێ.

Institut kurde de Paris

دوو بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش
ژمارەی بڕیار ١٩٧
مێژووی بڕیار ١٢-٢-١٩٨٣

بڕیار

بەپێی بەندەکانی برگەی (أ)ی مادەی چل‌ودوویی دەستووری کاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٢-٢-١٩٨٣دا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا :-

یەکەم - بە تەواوی ئەوانە دەبەخشرێن کە :

١ - تاوانی ڕاکردن‌و ئامادەنەبوونیان کردووە وەك لە یاسای سزای سوپایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٤٠و یاسای تاوانی ڕاکردن لەوڵات لە کاتی خزمەتی سوپای ژمارە (٢٨)ی ساڵی ١٩٧٢دا دەقیان دانراوە ·

٢ - ئەوانەی تاوانی دواکەوتن‌و بەگوێ‌نەکردنیان کردوە کە لە یاسای خزمەتی سوپای ژمارە (٦٥)ی ساڵی ١٩٦٩دا دەقیان دانراوە ·

دووهەم دەبێ ئەوانەی بەندەکانی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە خۆیان بگەیەننە وەحدەکانیان یا دایەرەکانی تەجنید یا بارەگاکانی حزب لە ماوەیەکدا کە لە ڕۆژی ١-٣-١٩٨٣ تێنەپەڕێ ·

سێیەم - بەندەکانی ئەم بڕیارە بەسەر ئەوانەیشدا جێ‌بەجێ دەکرێ کە پێش خستنەکاری ئەم بڕیارە خۆیان داوەتە دەستەوە

چوارەم - ئەوانەی گیراون یا بەندکراون‌و بەندەکانی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە بەردەدرێن هەرچەندە بڕیاری بەندکردنیان بڕابێتەوە یا نا و ئەوانەیش کە هێشتا لە قۆناغی لێپرسینان یا لە دادگاکاندان بەو مەرجەی لەبەر تاوانی تر نەگیرابن یا بەندنەبن ·

پێنجەم - ئەو پارەیەی لە پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە لە سزادا درابێ ناگەڕێنرێتەوەو ماوەی ڕاکردن‌و ئامادەنەبوون‌و گیران‌و بەندبوونی ئەوانەی بڕیارەکە دەیانگرێتەوە بۆ مەبەستی خزمەت‌و مووچە ناژمێررێ·· و ئەو پلەیانەیش کە بە هۆی حوکمدانەوە داگیرابن لەم تاوانانەدا پێیان دەدرێتەوە ·

شەشەم - بەندەکانی ئەم بڕیارە ئەوانە دەگرێتەوە کە سەر بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆن ·

صدام حسين
سەرەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش
ژمارەی بڕیار - ١٩٨
مێژووی بڕیار ١٢-٢-١٩٨٣

بڕیار

بەپێی بەندەکانی برگەی (أ)ی مادەی چل‌ودووی دەستووری کاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ١٢-٢-١٩٨٣دا بڕیاری ئەمەی خوارەوەی دا :

١ - نابێ ئەوانەی لە خزمەتی سوپا ڕایان‌کردوە یا لێی دواکەوتوون لە دایەرەکانی دەوڵەت‌و کەرتەکانی سۆشیالیست‌و تێکەڵ‌و تایبەتی‌و کۆمپانیا بێگانەکاندا ئیشیان پێ‌بدرێ کە لە عیراقدا ئیش دەکەن ·

٢ - ئەوەی بەگوێی بەندەکانی ئەم بڕیارە نەکا حوکمێکی بەسەرا دەدرێ لە ساڵێ کەمترو لە سێ ساڵ زیاتر نەبێ‌و ·· ئەو کۆمپانیا بێگانانەیش کە لە عیراقدا ئیش دەکەن‌و بەگوێی ئەم بڕیارە ناجووڵێنەوە دەخرێنە ناو لیستەی ڕەشەوە ·

٣ - بێجگە لەو سزایەی کە لە برگەی (٢)ی ئەم بڕیارەدا دیاری‌کراوە. ئەو کارگا یا دووکانە داگیردەکرێ کە ڕاکردوو یا دواکەوتووەکە لە خزمەتی سوپا ئیشی تیادەکا کە ئەم بڕیارە دەیگرێتەوە ئیتر ئەم کارگا یا دووکانە هی ڕاکردوو یا دواکەوتوەکە خۆی بێ یا هی هەر کەسێکی تری کەرتی تایبەتی ·

٤ - ئەم بڕیارە جێی بڕیاری ژمارە (٤٠)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەگرێتەوە کە لە ٧-١-١٩٧٨دا دەرچووەو لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاریگەرە ·

صدام حسين
سەرەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

لە کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێر

هەڤاڵ یونس عبدالرزاق
ئافرەتی کورد هوشیارانە بیر لە هەموو مەسەلەیەك دەکاتەوە

بە ئامادەبوونی بەڕێز سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی هەریمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی ، یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێر لەژێر دروشمی (چەسپاندنی دەوری ئافرەت لە دروست‌کردنی عیراقی نوێدا مانای بەرزی جەنگی قادسیەی صدامە) بەست···

بەڕێزان خاتوو (منال یونس عبدالرزاق) سەرەکی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق‌و یحیی محمد رشید پارێزگاری هەولێرو هەڤاڵ ولید عایش جێدارى رازگری سەرکردایەتی هۆبەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لە هەولێرو جەماوەرێکی زۆر لە نوێنەرانی ئافرەتان ئامادەبوون ···

● **لە سەرەتای کۆنگرەکەدا خاتوو پەیمان خالص سەرەکی یەکێتی ئافرەتان لە هەولێر وتەیەکی خوێندەوە تیایدا وتی :-**

یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێر وەك هەموو ڕێکخراوەکانی تری پارێزگاکە هەوڵی ئەوەی داوە کە دەوری سەرەکی خۆی ببینێ لە هۆشیارکردنە - وەو تێ‌گەیاندنی ئافرەتان لە لایەنە سیاسی‌و ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە ··· بەشداری کردنی کردارانەمان لە جەنگی ڕەوامانداو دژی ڕژێمی ئێرانی کۆنەپەرست ···

هەروەها وتی :-

یەکێتی ئافرەتان بە پشتگیری کردنی حزب‌و شۆڕش‌و سەرەکی فەرماندە هەڤاڵ صدام حسين ، گەیشتۆتە قۆناغی سەرکەوتن‌و هەست بە لێپرسینەوە کردن ، چونکە ئافرەتی ئەمڕۆ لە بارودۆخی جەنگدا سەرەڕای چاك هەڵگرتنی لە ڕیزەکانی سوپای میللی لە هەموو کۆمپانیاو کارگەو فەرمانگەکانا شوێنی برای پیاوی گرتۆتەوە لە کارکردندا·

ئینجا وتی :-

کۆنگرەی چوارەمینی لقی هەولێری یەکێتی ئافرەتان نەخشەیەکی نوێ دەکێشێ بۆ ئیش‌وکاری داهاتوومان بە ئامانجی پشتگیری تەواومان بۆ جەنگی ڕەوا بە تایبەت لە ڕووی ئابووری‌یەوە ···

● هەروەها بەڕێز یحیی جاف پارێزگاری هەولێر وتەیەکی خوێندەوەو تیایدا دەست‌نیشانی دەوری یەکێتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێری کرد ، لە ڕووی چالاکی‌و کارە پەسندەکانیان‌و بە سەرکردنەوەی ماڵی شەهیدان‌و سەردانی خاوخێزانی بەدیل‌گیراوەکان‌و بەستنی کۆڕی بەردەوام دەربارەی ڕووی ڕاستی جەنگی قادسیەی صدام ···

ئینجا وتی :- زیاتر پێویستە لەسەر یەکێتی ئافرەتان هەوڵ‌و تەقەڵلا بدەن لە بارودۆخی ئەمڕۆماندا‌و ڕیزی دایکان‌و خێزانی شەهیدان بگرن‌و بەسەریان بکەنەوە ·· · داوای سەرکەوتنیش بۆ کۆنگرەکەتان دەکەم ئاواتەخوازم بڕیارەکانی مایەی شانازی هەموو لایەك بێت لەگەڵ خواست‌و ئارەزووەکانی حزب‌و شۆڕش بگونجێت ···

● هەڵبژاردن دەستی پێ‌کردو ئەم خوشکانە بوونە دەستەی بەڕێوەبردنی تازەی لقی یەکێتی لە هەولێر ···

١ - نافعه عثمان ابو بكر·
٢ - امل محمد اسماعيل·
٣ - پروين مجيد ·
٤ - هناء محمد اسماعيل·
٥ - دلسۆز وعدالله ·
٦ - شكريه طيب ·
٧ - كوثر محمد سعيد ·
٨ - سميره يوسف صليوه ·
٩ - فيروز حسن رسول·
١٠ - گوليشان محمد سعيد ·
١١ - نسرين بهجت ·
١٢ - جميله ابراهيم ·
٣ - فاطمه علي اسماعيل·

● لە کۆتایی کۆنگرەکەدا بروسکەیەك بەرزکرایەوە بۆ سەرەکی فەرماندە هەڤاڵ صدام حسين کە هەمیشە سەربازێکی بەوەفابن لە پێناوی پاراستنی وولاتی عیراق ، وولاتی کوردو عەرەب ··· .

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرەکی فەرماندە صدام حسين

جەماوەری گەلی کوردمان ئامادەبوونی خۆی بۆ بەرگری کردن لە خاکی نیشتمان‌و بڵندی عیراق دووپات دەکاتەوە·

بەڕێز احمد عبدالقادر نەقشەبەندی سەرەکی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان سڵاوی ئاڕاستەی ئەو داستانە پاڵەوانێتی‌یەی ئەو سەرکەوتنانە کردووە کە سەربازەکانی سوپا بەجەرگەکەمان لە کەرتی میساندا وەدی‌یان‌هێناون ·

لە بروسکەیەکدا کە بۆ سەرەکی فەرماندە صدام‌حسين بەم بۆنەیەوە ناردوویەتی دووپاتی کردووەتەوە کە جەماوەری گەلی کوردمان ئامادەن بە خوێنی خۆیان سەربڵندی‌ی عیراق بنووسن‌و بۆ بەرگری‌کردن لە خاکی پاکی نیشتمان خوێنی خۆیان ببەخشن ·· ئەمەیش دەقی بروسکەکەیە :

بەڕێز سەرەکی فەرماندە موهیب روکن صدام حسينی بەڕێز ··

لەم ڕۆژە نەمرانەی مێژووی گەلی عیراقماندا کە سەربازەکانی مافپەروەرێتی سەربازە دلێرەکانی سەرکردە صدام حسين لە شکۆمەندترین‌و نەجیب‌ترین جەنگدا دەجەنگێن بۆ بەرگری کردن لە مافەکانمان‌و سەربەرزی‌و سەربڵندیمان‌و ·· جەماوەری گەلمان بە عەرەب‌و کوردو کەمە نەتەوەیی‌یە براکانی تریەوە لە جەژنەکانی هەشتی شوباتی پیرۆزدا دەژین ، کەرتەکانی سوپا بەجەرگەکەمان لە نایاب‌ترین داستانی پاڵەوانێتی‌و خۆبەخت‌کردن لە ناوچەی شیبی کەرتی میساندا وەدی‌دەهێنن‌و ·· بە مەردی‌ی مەردان‌و سەربەرزی‌ی پاڵەوانان دژ بە هێرشە دڕندەیی‌یەکانی پاشماوەی هێزە شکست خواردەکانی خومەینی ڕادەوەستن ·

بەم بۆنە مەزنەوە بە شانازی‌ی دەزانم بە ناوی جەماوەری گەلی کوردمانەوە کە لە ژێر سایەی دەستکەوتە نایابەکاندا دەژێت کە شۆڕشە مەزنەکەی ١٧-٣٠ی تەمووز وەدی‌هێناون ، ڕایبگەیەنم کە ئێمە هەمیشە ئامادەین بە خوێن سەربڵندی‌ی عیراقی سەربەرز تۆمار بکەین‌و یەکێتی‌یە پۆڵایینەکەی بپارێزین‌و بە خوێن بەرگری لە خاکی پاکی نیشتمانمان بکەین‌و پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنە نایابانەی سوپای پاڵەوانمان لە کەرتی میسان لە گەلی عیراقی مەزن‌و سەرکردایەتی مێژوویی‌یە تێگەیشتووەکەی بکەین ·

داوایش لە خوای بە توانا دەکەین بەزەیی بە شەهیدەکانماندا بێتەوە بیانخاتە بەهەشتی بەرینەوەو سەرکەوتنەکانی سوپای مەزنمان بە سەرکردایەتی‌یە مێژوویی‌یە تێگەیشتووەکەت پتەوتر بکات ·

احمد عبدالقادر نەقشەبەندی
سەرەکی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان

لە بروسکەیەکدا بۆ سەرەکی فەرماندە صدام حسين

جەماوەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی سڵاو لە سەرکەوتنەکانی سوپا مەزنەکەمان دەکەن

بەڕێز سەرەکی فەرماندە صدام حسين بروسکەیەکی سڵاوو پیرۆزبایی لە بەڕێز جمال حاجی شریف حسين سەرەکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستانەوە پێگەیشتووە بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی سوپا مەزنەکەمانەوە لە داستانە نەمرەکەی شیبدا دژ بە هێزەکانی دەستدرێژی کەرو ستەمگەری خومەینی ، ئەمەیش دەقی بروسکەکەیە :

سەرەکی فەرماندە پاڵەوانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی موهیب ڕوکن صدام حسينی بەڕێز ··

جارێکی تریش سەربازەکانی مافپەروەرێتی سەربازە پاڵەوانەکانت پاڵەوانانی سەدەی بیستەم لە جەنگە پیرۆزەکەی قادسیەی صدام‌دا لە ناوچەی شیب دژ بە هێرشە دڕندەیی‌و شەڕانی‌یە - کەی دەست‌و تاقمەکەی جادووبازو جادووگەری ڕاوەستان ·· دژ بە بایە زەردەکە ڕاوەستان·· سوپای تەتەرە نوێ‌یەکان ئەوەی بە هەموو تیناو بتەوی و بە هێزی‌یەوە ئەم بایە ڕابوەستێنن کە لەلایەن ئیمپریالی‌و زایۆنی‌و عەرەب زمانەکان قەزافی‌و ئەسەدەوە پالپێوەنراوە ·· تا بۆ هەموو جیهان بیچەسپێنن کە مەرد لە عیراقدا هەن‌و ·· سەرکردایەتی لە عیراقدا هەیە تۆ سەرکردەی دەکەیت·

بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی سوپا مەزنەکەمانەوە لە ناوچەی شیب بەسەر هێزمە - کانی ڕژێمی ئێران لە داستانەکانی خۆبەخت کردندا ·· بە ناوی خۆم‌و بە ناوی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن‌و جەماوەری بە وەفای ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستانەوە پیرۆزبایی دڵسۆزانە لە دڵەوە لە سەرکردایەتیتان دەکەین بۆ ئەم سەرکەوتنە مەزنە نایابانەو بەڵێنتان پێ دەدەین لە پشتەوەی سەرکردایەتی‌یە تێگەیشتووە کەتانەوە سەربازی بەوەفابین تا دوا هەناسە ·

هەر بژین بە سەرکردەی مەزنی ئەم گەل‌و نەتەوەی عەرەبە کە بۆ سەرکردایەتی‌یە دانایی‌یەکەتان بەوەفان‌و بەرەو پێشەوە بۆ سەرکەوتنی زۆرترو زۆرتر ·· خوا سەرمان بخات ·

جمال حاجي شريف حسين
سەرەکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان

سەرەکی فەرماندە صدام حسين

بەڵێنێکی بە خوێن نوسراوی لە کرێکارانی هەولێرەوە پێ دەگات

هەولێر / ئاد·ع· ·· کرێکارانی پارێزگای هەولێر بەڵێنێکی بەخوێن‌نووسراویان بۆ سەرەکی فەرماندە صدام‌حسين بەرزکردەوە پەیمانیانیان تیا تازەکردەوە کە وەك تەیمانێکی پتەو بوەستن بۆ پاراستنی شۆڕشە مەزنەکەمان‌و بۆ زیادکردنی بەرهەمودەزگا پیشەسازی‌یەکان ·

ئەمەی خوارەوەیش دەقی ئەو بەڵێنەیە کە هەندێ لە کرێکارانی هەولێر بەناوی برا کرێکارەکانی هەولێرەوە مۆریان کردوە ·

بەڵێنی پەیمان

بە دەنگتەوە دێین صدام·· بەدەنگتەوە دێین پاڵەوانی عیراق ·· بەدەنگتەوە دێین پاڵەوانی ئازادی نەتەوەیی ·· کرێکارانی هەولێر گیانیان فیداتانە بۆ پاراستنی خاکی پیرۆزی نیشتمان ·· بە دەنگتەوە دێین‌و ئامادەین وەك تەیمانێکی پتەو ڕاوەستین بۆ پاراستنی شۆڕشە مەزنەکەمان شۆڕشی جەقدم - سی تەمووزی پیرۆز ·

کرێکارانی کورد هەمووی کورد ئامادەی بەرگری‌کردنن لە نیشتمان ·· بە دەنگتەوەین‌و لەسەر بەڵێنمان ماوین بۆ زیادکردنی بەرهەم‌و پاراستنی دەزگا پیشەسازی - یەکان ·· بۆ پاراستنی باڵی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەب ·

تێکۆشەری پاڵەوان ··

ئێمە بەڵێنی خۆمان تازەدەکەینەوە بۆ هێنانەدی دروشمەکەمان / دەستێ کاردەکاو دەستێ چەك هەڵدەگرێ لە پێناوی پاراستنی حزب‌و شۆڕشدا / هەموو کرێکارانی هەولێر سەربازی بەوەفان بۆ بەزاندنی پیلانەکانی تەماعکاران کە ئەوانەی بە زوبان عەرەبن یارمەتی‌یان دەدەن وەك قذافی و اسد · با ئاڵای عیراق هەر بەرزبێ‌و شۆڕشەکەیشمان سەرچاوەی پرشنگدار بێ بۆ نەوەکانی دوارۆژ ·· بەخشینی مەدالیای ئازایی بە هەندێ کورد سەربەرزی‌یە بۆ ئێمەو بۆ هەمووی ئەو کوردانەی عیراق کە لە پاڵ چاودێری‌یە پیرۆزەکەتانان‌و لە کاتێکدایە ئەو وشانەی کە لە سێبەری حوکمداری ئۆتۆنۆمیدا لە دڵتانەوە دەردەچن دەچنەناو دڵی هەموو کوردەکانی عیراقەوە ·

سەربەرزی بۆ ئێوەو بۆ عیراقی پاڵەوانمان‌و بۆ سوپا بەباوەڕەکەمان ·

کرێکارانی هەولێر
٢٩-١-١٩٨٣

کارتی پیرۆزبایی بۆ
بووکی شۆڕش‌و
سوپای میللی

● بە بۆنەی تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر شۆڕشی هەشتی شوباتی پیرۆزدا جوانترین ڕێزو سڵاو پێشکەش بە بەڕەکی تێکۆشەر هەڤاڵ صدام حسين دەکەین کە لە کاتێکا سوپای دلێری عیراقی خوێنی ئاڵی خۆی لە پێناوی پاراستنی وڵاتدا دەڕێژێ·· هەروەها سڵاوو ڕێزمان بۆ گیانی پاکی گشت شەهیدانی جەنگی ڕەوامان ···

ئاشکرایە لە گەلی کوردمان وەکو عێراقیەك چەکی شەرەفمەندایەتی لەشان‌دایەو بڕیاری خۆبەخت‌کردنی داوە بۆ پاراستنی یەکێتی عێراق··· ئێمەش وەك سەربازێکی عێراقی خۆمان بە بەختیار دەزانین کە هاوبەشی شەڕی پاراستنی سنووری وڵاتەکەمانم کردوە کە ئەمەش دوپاتی کۆڵنەدانمان دەکاتەوە ·· · دیسان سەربەرزی بۆ بیرەوەری شۆڕش هەشتی شوبات بەسەرکردایەتی هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسين ·

علي ابراهيم دەروێش
ئەندامی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان

بەرەکانی جەنگ لە پێناوی پاراستنی سنووری نیشتمان‌و بەرگری‌کردنمان لە یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان ·

نجم‌الدين سعيد
سەرەکی جوتیارانی سلێمانی

● گەرمترین ڕێزو سڵاو بە بۆنەی بیستەم بیرەوەری شۆڕش هەشتی شوباتەوە پێشکەش بە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش‌و هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسين بێت ··· هەر بەم بۆنەیەوە بە ناوی یەکێتی جوتیارانی هەرەوەزی کشت‌وکاڵی پارێزگای سلێمانیەوە بەڵێن‌و پەیمان نوێ دەکەینەوە کە هەمیشە سەربازێکی وەفادار بین بۆ پارێزگاری کردنی خاك‌و ناوی نیشتمانەکەمان‌و لە هەمان کاتیشدا زیادکردن‌و چاك‌کردنی بەرهەم بۆ پشت‌گیری کردنی جەنگی ڕەوامان جەنگی پیرۆزی

● بەناوی جەماوەران‌و ئەندامانی جوتیارانی پارێزگای سلێمانیەوە پیرۆزبایی لە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش‌و سەرەك کۆمار صدام حسين بە بۆنەی بیستەم بیرەوەری شۆڕشی هەشتی شوباتەوە دەکەین ئەو شۆڕشەی کە هەموو چینەکانی گەلی عێراقی لەژێر ئاڵایدا حەساوەتەوەو ئەمەش هەر ئەو بیرەوەرییە کە سوپای میللی تیادا هاتە کایەوەو ئێمەش کە خۆمان بە یەکێك لە جەنگاوەرانی دەزانین بۆبە هەڵوێستی خۆمان بەم بۆنەیەوە دووبات دەکەینەوە کە هەمیشە سەربازێکی ئامادەبین بۆ چوونمان بۆ سەنگەرەکانی پێشەوەی

بڕوانە ل : ٧

سەردەمی بوژانەوە

زنجیرەی مێژووی

د. کمال مظهر احمد

فواد مجید میسری کردویەتی بەکوردی

بەشی چوارەم
نەمران

لەبەر رۆشنایی لاپەڕەکانی پێشەوە ، بۆمان دەردەکەوێ بووژاندنەوە رۆڵێکی گەورەی لە ژیانی رۆشنبیریی وولاتە ئەوروپایی یەکاندا بینیوەو کاری لە سەرجەم بیرو هونەری مرۆڤایەتی کردووەو چرایەکی درەوشەداری شارستانیەتی مرۆڤایەتی یە. هەر لەو سەردەمەدا بوو بەرهەمە ئەدەبیی و هونەری یە نەمرەکان گەیشتنە لوتکەی جوانیی • هەر بەهۆی سەدەی بووژاندنە وەیشەوە ، زیندوو کردنەوەی کەلەپووری کۆن ئەو گۆڕانە مەزنەی بەسەردا هاتو زانستو فەلسەفەو زانیاری یە سروشتیی و مرۆڤایەتیی و پەروەردەیی یەکانو یاساو سیاسەت و زۆر لایەنی دیکەیشی گرتەوە •

وەك لە پێشەوە باسکرا ، سەرپاکی گەلانی ئەوروپا بەشداری یان لە سەدەی بووژاندنەوەدا کردو سامانێکی گەورەو شاراوەی فۆلکلۆری میللیی و نەریتی نەتەوەیی و تاقی کردنەوەی رابوردوویان سەرلەنوێ خستەوە بەردەست • ئەمە جگە لەوەی چەندین رۆڵەی مەزنی پێگەیاندو هەموویان بە پەرۆشەوە ، لە پێناوی بەرەو پێشەوە بردنی رەورەوەی مێژووی کۆمەڵایەتیدا ئامادەی کارو خۆبەخت کردن بوون •

زۆربەی هۆمانیستەکان سووربوون لەسەر ئەوەی بێووچان کۆشش بکەن ، چونکە لەو باوەڕەدا بوون ئادەمیزاد بە زانایی لە دایك نابێو تەنها هەوڵو تەقەللای بەردەوام دەیگەیەنێتە ئەو پلەیە• خۆیشیان نموونەی ئەو ئادەمیزادەبن لە پلەی کەمالیان نزیك کردەوە ، چونکەشەوو رۆژ خۆیان دەڕەتاندو دلسۆزانە کاریان دەکردو هەم سوودیان لە خەلکی تر وەردەگرتو هەم سوودیان پێ دەگەیاندن •

لێرەدا دەتوانین ووتەیەکی «پییەر پاولۆ»ی هۆمانیستی ئیتالیایی بەنموونە بهێنینەوە کە ئەوپەڕی بەختیاریی لە کۆششی بێووچاندا دەبینییەوە ، بەڕادەیەك شەوی بەمردن دەشوبهاند ، وەك دەی ووت : «نووستن کات بە فیڕۆ دەدا» ، هەر لەو بارەیەوەو لە ووتارێکیدا کە ئاڕاستەی زانایانی کرد دەڵێ : ئەو کەسەی ئارەق بڕێژێ بەسەر هەموو تەنگو چەڵەمەیەکدا زاڵ دەبێو دەگاتە پایەی خۆی •(١) ئابەم گیانە بەرزەوە پیاوانی سەدەی بووژاندنەوە کاریان دەکرد •

راستی یەکەی کەس بۆی نالوێ سەرژمێری یەك بەیەك ناوی زاناو نیگارکێشو نووسەرانی ئەو سەردەمە بکا ، چونکە سەدان ناوی درەوشەندار هەن کە ، وەك لە بەشی خاسی یەتو ئەنجامەکانی بووژاندنەوەدا ووتمان ، بەرهەمی نەمریان بۆ بەجێ هێشتووین • لێرەیش بەدواوە هەوڵ دەدەین چەند بیرو رایەکی گشتیی سەبارەت بە جموجۆڵی هەندێکی تر لەو کەلە پیاوانە بخەینە پێش چاو ، تاوەکو وێنەیەکی راستەقینە بووژاندنەوە لە قۆناغە جیاجیاکانیدا نیشان بدەین •

پێشەوایانی بووژاندنەوە

گومان لەوەدا نی یە کە دەرکەوتنی پێشەوایانی بووژاندنەوەو سەرهەڵدانی بزووتنەوەی مرۆڤایەتی لە ئیتالیادا ، بارو زرووفی مێژوویی رەخساندیی و کەشدی پێکردن • «دانتێ»و «پەترارك» و «بۆکاشیۆ» کە سێ زانای ئەو سەردەمەن ، بەردی بناغەیان بۆ تەلاری بەرزو بڵندی بووژاندنەوە دارشت • هەر لەبەر لەوەیشە بیرو جموجۆڵیان بایەخێکی تایبەتی یان پێ دەدەرێو بەهۆیانەوە دەتوانرێ دەستنیشانی لایەنە بنچینەیی یەکانی قۆناغی یەکەمی بووژاندنەوە بکرێ •

دانتێ ١٢٦٥ ١٣٢١ :

«دانتێ ئەلیگیری » شاعیرێکی ناسراوی ئیتالیایەو لای هەموان یەکەم موژدەدەری سەدەی بووژاندنەوەیە • لە «فلۆرەنسا» لەدایك بووەو لە ژیانی سیاسیدا هاوبەشی یەکی دیاری کردووەو لە رووی فیکری یەوە سەر بەو رێبازە سیاسی یانە بوو کە دژی دەسەڵاتدارانی سەردەمەکەی بوون • هەر لەبەر ئەمەیش بوو پاشملە حوکم دراو تا ئەو کاتەی لە «رافنا» گیانی بەخاك سپاردا ، ئاوارەو دەربەدەری نیشتمان بوو •

« دانتێ » رۆشنبیرترین کەسی سەردەمەکەی خۆیەتی (٢)• بۆیە توانی لە لایەنە گرنگو نادیارەکانی رەوتی گەشە کردنی ژیانو کۆمەڵ بە شێوەیەك تێبگا کە بە نیسبەت ئەو کاتەوە تێگەیشتنیان کارێکی هەروا ئاسان نەبوو • «دانتێ» بەزوویی پەنجەی بۆ ئەوە راکێشا کە زمانی نەتەوەیی لە توانایدا هەیە پاڵ بە میللەتەوە بنێو گۆرانێکی بنەڕەتی تێدا پێکبهێنێ • بەو هەڵوێستەیشی بووە دیارترین ئەو پێشەوایانەی داوایان دەکرد لە بەرهەمی ئەدەبیدا لە بریتی لاتینی زمانی ئیتالیایی بەکار بهێنرێ • ئەم بانگەوازەیش لەناو رۆشنبیرانی «فلۆرەنسا»دا بە جۆرێك دەنگی دایەوە ، رۆشنبیران وەك خۆیان دەیان ووت ، هەستیان بە «تامو چێژی شێوەی نوێ دەکرد » •(٣)

لە سەرەتاوە نووسینەکانی «دانتێ» رۆڵێکی گرنگیان گێڕاو ئەم رێبازە تازەیەیان چەسپاند • چونکە لە دارشتندا ئاوازێکی ناسكو تەڕوبڕی پێ دەبەخشین ، بەمەیش ژمارەیەکی زۆر نووسەرو خوێنەری بەلای خۆیدا راکێشاو هانیدان بایەخی پێبدەنو چێژی لێ وەربگرنو سەرەتایەکی گرنگیش بوو ، تاوەکو ئەدەب لە چوارچێوە ئەکادیمیایی یە تەنگەبەرەکەی سەدەی ناوەڕاست دەرباز بکا • بەو پێیە ئەم لایەنە فیکری یە گرنگە لەوە دەرچوو تەنها بابەتی فێرکردنی ئەو توێژە هەڵبژاردەیە بێ کە زمانە کۆنەکانیان دەزانی ، بە پێچەوانەوە هێزی داهێنەرانەی کەوتە بەردەست کۆمەڵانی خەلك •

« دانتێ » ئەوەندە پەرۆشی زمانی نەتەوەیی بوو ، هەر بە نووسینەوە رانەوەستا ، بەڵکو وەك زانایەکی زمان شوناس چی توانای هەبوو تەرخانی کردو هەمیشە پێی لەسەر گرنگیی و هێزی دەربڕینی دادەگرتو چەند باسێکیشی «لە بارەی زمانی زارەکی »یەوە نووسی (٤)و یەکەم کتێبی بەراوردکاریی لە بارەی زمانو شیعری رۆمانی یەوە دانا

خۆشەویستی ی زمانی نەتەوەیی لای «دانتێ» گەیشتە پلەیەك بە «نانی جۆ »ی دەشوبهاند ، چونکە لەو سەردەمەدا هەر ئەو جۆرە نانە وورگی هەزاران کەسی ئیتالیایی پڕ دەکرد لە کاتێکا جۆرە نایابەکان وەك زمانی لاتین بۆ توێژێکی کۆمەڵایەتی تەرخان کرابوو • ئا ئەم شوبهاندنەو بەو مەرکەوتوویی یە مەغزاو مەبەستێکی ئەوەندە قووڵی هەبوو ، وێنەیەکی ئاشکرای رێبازی فیکریی ئەم شاعیرە مەزنەمان دەخاتە بەردەست • ئەو دەی ویست ، بۆ خەڵکیی ، بۆ گەلی ئیتالیا بنووسێ ، بۆیە زمانی جەماوەری هەڵبژاردو بە هۆیەوە لەگەڵیاندا دەدواو فێری دەکردنو بە بڕوایەکی بەتینیشەوە دژی ئەو کەسانە راوەستا خۆی واتەنی بە چاوی سووکەوە تەماشای «زمانی رازاوەی میللی»مان دەکەن » •

١ ـ ن•ف• بیفیاکینا ـ پییەر پاولوی هۆمانیست ، زانایانو کاری فیکریی •

«ئابووریی و سیاسەتو کەلتووری ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا » بە زمانی رووسی ـ مۆسکۆ ـ ١٩٧٢ ل ٣٤٢ •

٢ ـ هەندێك سوورن لە سەر ئەوەی نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل سەبارەت بە (دانتێ)و وەرگێڕانی «کۆمیدیا» بە نیسبەت پسپۆرانی ئەوروپاوە ـ ئەگەر زرووفێکی گونجاویان بۆ برەخسێ ـ پێویستی بە ١٥ـ٢٥ ساڵ دەبێ •

٣ ـ ١•١• جوبیر ـ دانتێ ـ «مێژووی جیهان» بەزمانی رووسی بەرگی سێیەم ل : ٦٢١ •

٤ ـ «دانتێ» ئەو کتێبەی بە زمانی لاتینی نووسی تاوەکو سەرنجی نووسەرو زانایان بۆ ئەوە رابکێشێ کە تا چ رادەیەك زمانی ئیتالیایی توانای دەربڕینی هەیە • لەوەیشی دەترسا گەر بێو بە ئیتالیایی بینووسێ ئەوانە پێیان شەرم بێ بیخوێننەوەو دەستو دەستی پێبکەن

دڵدارە بێ دەستەکە

نوسینی ئۆدکی
دکتور هیوا عمر احمد
لە ئینگلیزییەوە کردویەتی بە کوردی

شەوێکی خامۆشی دوادوایی پایزبوو • دوو پیاو لە ناو گاشەبەردەکانی کەنارەکە دانیشتبوون • بە دەنگی نزم قسەیان ئەکرد • یەکێکیان سەربازێکی گەنج بوو ، پێشکی خوێی ناو گاشەبەردەکانی ئەگرت ، ئەوەك گوندنشینو ماسی گرەکان کۆی بکەنەوەو بیبەن ئەوی تریان ماسی گرێکی پیری لوت چەماوەو گەنم ڕەنگ بوو • سەربازەکە باسی دڵداری ئەکرد ، پیرەکە تەمبەڵانە ووتی :ـ

ـ (کێ بەم زستانە دڵداری ئەکات ؟ ئێستا کاتی لە دایكبوونو زانە) •

ـ (جا ئەوە قسەیە ؟) •

ـ (ئەی بۆ قسە نی یە ؟)•

ـ (نەبەخودا قسە نی یە؟)•

ـ (من وەکو تۆ بە ئەرکەوە نەبەستراومەتەوە • من سەربەستمو کاوردم زۆرکردومو ژیان زۆری فێرکردوم) •

ـ (لێت تێناگەم) •

ـ (ڕۆژێ دێ تێبگەی)•

تەپەدۆری تۆڕەکان لە ئاوەکەدا بێجوڵە وەستابوون •

ـ تۆ بۆچی ناخەوی ؟

پیرەکە بە دەم کۆکەکۆکێکەوە وەڵامی دایەوە :

ـ (تەپەدۆری تۆڕەکان نابینی ؟• بە دیار تورەکانەوە دانیشتووم) •

ـ (بەڵێ ، ئەیانبینم) •

ـ (بەسرپێرێ ، تورێکیان دڕاندبوو) •

ـ (دۆلفین دڕاندبووی ؟)•

ـ (نەخێر ، لەوانەیە سەگی دەریا دڕاندبێتی) •

بەردێکم بجوك وەك لە ژێرپێی گیاندارێکەوە ترازابێ ، بە کەنار کردەکەدا بە ناو گژوگیا ووشکەلاتووەکەدا ـ بەربۆوەو کەوتە ناو دەریاکەو شڵپەی هات • سەربازەکە دەستی کرد بە گۆرانی ووتن :ـ

ئەزانی بۆ
مرۆڤی پیر ، باش ناخەون؟
لەبەرئەوەیە ، لە لاوی دا
زۆر خۆیان مەستکردوە•

پیرەمێردەکە بۆڵاندی ـ (من وانیم) •

گۆرانی یەکەی تەواوکرد

ـ چی تر وایان لێ ئەکا
وەك نەخۆش بخەون ؟
لەبەرئەوەیە ، لە لاوی دا
باش دڵداری یان نەکردوە•

ـ (مامە پاسکال ، بە دڵت بوو ، جا وانی یە ؟

ـ (کە تەمەنت لە شەست ساڵدن تێپەڕی ، لە بری من وەڵامی خۆت بدەرەوە)•

بێدەنگ بوو• پیرەمێردەکە سەبیلەکەی لە دەم دەرهێناو کێشای بە بەردێکدا ووتی:ـ

ـ (ئەزانی دڵداری جاران چۆن بوو ؟)

ـ ؟ دڵداری هەموو کاتی هەروەك یەکە)

ـ (وانی یە ، لە بناری ئەم گردەی ئەیبینی ، خێزانی ـ سینزامان ـ ئەژیلن ، لێیان بپرسە با سەرگوروشتەی ـ کارلۆنی ی باپیریانت بۆ بگێڕنەوە • ئەوسا ئەزانی دڵداری جاران چۆن بوو ؟)

ـ (تۆ بۆم بگێڕەوە)

باڵندەیەك بە قریشکەیەکی ناسۆزاوی هەناوی شەوەکەی هەڵدڕی

ـ (جاران ئافرەت بایەخێکی تری هەبوو)

ـ (ئەمەیانم ئەزانی)

ـ (هەمیشە پیاوان لە جەنگدا بوون) •

ـ (زۆریش بێوەژنکۆشی ئەکرد)

ـ (هەرچەندە سەربازیش هەبوو ، بەلام جەردە ژیانی بەو حەڵە ماڵ تردبوو • (ناپس) هەر پێنج ساڵەو فەرماندارێکی نوێی لێبوو• نافرەتان لە ماڵەوە نەمانەوە)

ـ (باشتر وایە ئەمرۆش نەیەڵین بێبەرنەدەرەوە)

ـ (جەردەکان وەکو جوجەڵە نافرەیان ئەفڕاند)

ـ (نەتزانی ، بەسوەك ڕێوی)

سەبیلەکەی داگیرساندەوە ، مژێکی درێژی لێدا :

ـ (چیتر ؟)

ـ (کەر نەتەوێ بۆتبگێڕمەوە ، بێدەنگبە)

سەربازەکە لە بێدەنگی پیرەکە وەڕس بوو ـ (دەی گوێم گرتووە)

ـ (نزیکەی سەد ساڵ لەمەوبەر ، لە ترۆپکی ئەو چیایەدا ، کابرایەکی پشتکۆمی گریکی ئەژیا ناوی ـ ئیشیلانی ـ بوو ، بەدزی یەوە جادوگەری ئەکرد • کوڕێکی ڕاوچی هەبوو، ناوی (ئەرایستایدیس) بوو • دەولەمەندترین بنەماڵەی ئەو سەردەمەش ـ گالیاردیس ـ بوون • ئەمرۆش بە ناوی (ستینزامان)ی باپیریانەوە خشەیەك هات ، گوێیان قولاغ کرد ، ماژە هاژێك لە کەنارەکەوە هات •

ـ (ئەوە ماسی یە ، خەریکی خۆراکی دەم قولاپەکانە)

ـ (پاش ئەوە چی بوو ؟)

ـ (بەلێ ـ گالیاردیسەکان سێ برابوون • ئەوەی من باسی ئەکەم ـ کارلۆنی ناوەنجی یانە • لە بەردەم زلیو دەنگ گری ناوی یان نابوو ـ کارلۆن • حەزی لە ـ ژۆلیای کچی ـ بلاك سمیث ـ کردبوو ، خاوونێکی بیمەت بوو • لە بەرچەند هۆیەك مارەکردنە ـ کەیان دواکەوت • کوڕی گریکەیەکە مرخی لە ـ ژۆلیا ـ خۆش کردبوو ، بەلام هیچی بۆ نەئەکرا ، زۆر هەوڵی دا دلێ بۆ خۆی ڕابکێشی ، بەلام بێهودەبوو • سەرت نەیەشێنم ، ڕۆژێکیان ـ ژۆلیا ـ لە ڕەزەکەیانا کاری ئەکرد • کوڕەکە ئەمەی بە هەڵزانیو بەو گوزەرەدا هەڵگەڕا • وا خۆی پیشاندا ماندووەو ڕێی هەڵەکردووە • بە لای کچەکەدا تێپەڕی ، خۆی لە بەرپێدا خست• کچەکە دەستو دلی باش بوو، چیچکانی دایەوە تا بزانی ئەو زەلامە چی یەتی ؟ کوڕەکە مینجە مینجێکی کردو بە لاوازی یەوە ووتی :ـ

ـ (دەستم بە دامانت ، زۆر ماندووم ، با کەمێ لێرە بحەوێمەوە ، ئەوسا ئەڕۆم •

هەرچەندە زۆریش لە دەستگیرانە خانەگومانەکەت ئەترسم بێتو لای تۆ بمبینێ ئەم کوژێ) •

سەری خستە سەرڕانی ـ ژۆلیا ـ ، خۆی کرد بە مردوو • کچەکە ترساو هاواری کرد ، تا بە فریایان بکەون خەلکیان بە سەرا ڕژا ، لە پڕ کوڕەکەهەستایە سەرپێو وا خۆی نواند ، لە کۆبوونەوەی خەلکەکە حەپەساوە ، دەستی کرد بە قسەکردن ، گوایە دەستی لە گەردنی کچەکە کردووەو یەکیان خۆشئەوێو بۆ سڕینەوەی ئەم شەرمەزاری یە ئامادەیە ، بیخوازێ • خەلکەکە ئەوەیان لە بیر نەما کە کچەکە خۆی هاواری کردبوو • باوەڕیان بە قسەی کوڕەکە کرد • کچەکە سوێندی خوارد کە ئەمە درۆیە • بەلام کوڕی گریکی یەکە ووتی گوایە ، ژۆلیا ـ لە ترسی ـ کارلۆن ـ ڕاستی نالێ • کچەکە خەریك بوو لە تاوا شێت بێ • کەوتە بەردەباران کردنی خەلکەکە• ئەوانیش گرتیانو چوار پەلیان بەستو بەرەو شار هێنایانەوە • کارلۆن ـ نوێی لە هاواری ـ ژۆلیا ـ بوو ڕای کرد بیگاتێ • بەلام کە کارەسابەکەیان بە لنگەوقوچی تێگەیاند ، خۆی گەیاندە دەستگیرانەکەیو بەدەستی چەپ ، بە هەموو هێزی خۆی شەقازلەیەکی لێداو نیتر کەوتە وێزەی کوڕی گریکی یەکە • خەلکەکە تێکەوتنو لە یەکیان ووتی :ـ (بە خوا گێلو دوورخستنەوە سەربازەکە کەوج بووە !)

ـ (مێشکی پیاوی بە ئابڕوو لە دلیایەنی • ئەمە هەمووی چەند ڕۆژێ پێش جەژنی سەری ساڵ ڕوویدا• نازانم چۆن بوو ـ کارلۆن ـ ناکاما ڕاستی بەسەرهاتەکەی بۆ ئاشکرا بوو • ماڵی ـ ژۆلیا ـ نەچوون بۆ کڵێسە لە ماڵەوە مانەوە • دیاری یەکیان لە ـ کالۆنەوە پێگەیشت ، بریتی بوو لە بەرچنەیەك لقی دار کاژو دەستی ـ چەپی کارلۆنی

جوتیار

هێشتا بەدلەڵ ژ شەڤێ مادی جۆتیار ژ خەو رادبت و دەنگ ل کابانی یا خۆ دکەت : هلو ماڵ ئاڤا هلو کشاێ دانێ سەر کوچکێ • و ئەو ب خۆ ژی دبەزتە خانی ێ کایێ و تڕا دانەکێ کایێ هلدگرت ود ئافرێ دەوارێد خو دکەت و جەنگەکێ جەهی ب سەر وەردکەت ژ نوو پاش تێتە بەر گزرا دارا بەر ملەکی دار ئەو هندك چلوێ و تێتە خانی • د کوچکێدا یان ژی هەکە ئاگردان هەبت ئاگرێ خۆ دکەت ژ نوو پاش جلۆ ساکۆێد خۆ دبەر خۆ د کەت دام ودەلنگید خو د پێچت وکالکا بیستی دبە رخۆ دکەت وسەر گوهید خۆ جاك د پێچت ـو هەتا وی دمی کابانی یاوی چی نیسك بت یان کشام بت یان پەلوو وا لێنای و جوتیار تێر د خوت ئەو پاشی دەوارا د ئینتە دەر پەشتی حەیوانا تێر ئالیکا خوارێ ، دەوارا ئێکێ ژی ب جلو کورتان د کەت • هەکە لاوتیار بچتە جاندنیێ دوو سێ وەزنێد گەنمی تێرتوفکێ د کەت هەکە جوتیار بچتە شۆڤا ، قلێبا توڤی دگەلە خۆ نابەت جوتیار هەموو جارە نیرو کۆپەلین لە ئالی یەکی حەیوانی دانیت و کیسکی خوارناخو لە ئالێ دی دانیت • خوارنا جوتیاری دوو شێ نانەك و سەرکەکی بیڤازی و متەکا میوژا و شەبەقێ زو دەردکەڤتە جۆتنی ب ریقە جەند جۆتیارەك د کەهنە هەڤ دەست ب سحبەتێدا دنیایێ دکەن هەتا هەر ئێك دگەهتە زەڤی یا خو تێتە خوار ئەژ جوانا نیرو و کۆپەلین و کەلوپەلێد خو دادنیت ، کیسکێ توو تنێ ژ بەر بشتا خو دنینتە دەر ، جەگەرەکی دادگوت تیر دەر ، جەگەرەکی دادگوت نیز قومێد درێژ لێ ددەت • ساکۆێ خۆ دادنێت جۆتنێ خۆ گرێ ددەت ومساسێ دەستێ خو دکەت •

ودەنگ لدەوارا دکەت خەتە مالامن خەتە لاتا خۆ لێ ددەت لات ژی درێژیا وی درێژیا زەڤی یە و پانی یا لاتێ هەڤت گائیت دو کانیا جۆتیار دەست ب جۆتی خو دکەت ، دبەر هەر لاتکێرا جەگەرەکی د کێشت و جهۆرکێ کایێ د سەرێ وان حیوانا دگەت و بیهنا خۆ دنینت • ویاشی دەست ب لاتەکا دی د کەت•

ئەو نیڤرۆ جەند جۆتیارەك پێد زەبێد وان د نێزیکی هەڤی یان ژی شمانەك گافانەکی نیزیکی وان لێك کۆم د بن ئەو هەر ئێك خوارنا خو لبەر خۆ دا دنێت نانێ خو د خون وپاش هەر ئێك کیسکێ جەگەرا د هائێتە بەر هەڤالی خۆ و جەگەرێد خۆ د کێشن و رادبنە سەر د کێشن و رادبنە سەر جۆتێ خۆ • لدەمێ فرائینێ ئەوان ژبیر نە کویە جهۆرکێد کائێ د سەرێ دەوارێد خۆ بکەن نە وژێ حەیوانن بێ زمانن گونەهیە •

لاتە کادی لێ د دەێ و دەست ب جۆتێ وکەن و دبەرا گەلەك جارا جوتیار مێژ دکەتە ، سترانا سترانێد ئەڤینیێ و دلدارێ یان ژێ سترانێدا سوار چاکی ومێر خاسی ێ •• هەتا عەسرەکە تەوك ئەوان سێ •• جار لات وێ دبوینە سەر جوتیار دەوارا د سەکنینت و جۆتنێ خۆ بەر درەت وهەڤجارێ لسەر زەڤی ێ د هێلیت ئەو سوارێ دەوارا دبت ئەو تێتە مال •

خدیدا علی درویش



لەسەردەمی خۆیدا (قورتوبە) لە هەموو شارەکانی ئەندەلوس کتێبی زۆرتری تیابوو ، تەنانەت ئەگەر زانایەك لە (ئەشبیلیە) بمردایە و بیانویستایە کتێبەکانی بفرۆشن ، ئەیانبردنە قورتوبە •

ئەگێڕنەوە ـ حەضرەمی ـ کە زانایەکی گەورە بووە ، ماوەیەك لە قورتوبەدا ماوەتەوە و ، بۆ کتێبێك ، هەموو کون و قوژبنی بازاڕەکانی پشکنیوە • •• ڕۆژێکیان سەیری کرد ئەو کتێبەی ئەو بەدوایا وێڵە ، لە هەڕاجایە !! ئەویش کەلێ شاد بوو ، چووە پێشەوە و ویستی بیکرێ ، بەلام لەولاوە پیاوێکی زۆر پۆشتە و دەولەمەند دووقات و سێ قات لەسەری زیاد ئەکرد ، تا نرخی کتێبەکە گەیشتە ڕادەیەکی زۆر و لە توانای حەضرەمیدا نەما ••• حەضرەمی لە پیاوەکە نزیك بووەوە و ، وتی ، گەورەم ، خوا بێ ڕەیت کا ، ئەگەر ئەم کتێبە زۆر مەبەست و پێویستتە ، من دەستی لێ هەڵ ئەگرم ، چونکە بەڕاستی نرخەکەیمان لە ڕادە بەدەر زیاد کرد !!

کابرا وتی : ببوورە ، من (گەورە) نیم ، •••• ناوی ئەم کتێبەش نازانم و ، نازانم ناوەڕۆکەکەشی چییە !! بەلام هەر لەبەر ئەوەی لەناو ناودارانی شاردا دیار بم ، کتێبخانەیەکی زۆر گەورە و جوان و ڕێك و پێکم پێکەوە ناوە و ، ئێستاکەش بۆشاییەکی بچکۆلانەی ماوە پڕبێتەوە ، ئەم کتێبەش پڕ یە پڕیەتی !! کە دیم بە خەتێکی زۆر جوان نووسراوەتەوە و بەرگێکی باشی گیراوە ، زۆر پەسەندم کرد ، هیچ باکیشم لە نرخەکەی نییە ، چونکە پارەیەکی ئێجگار زۆرم هەیە ••• کە حەضرەمی وتەی کابرا ئەبیستێ زۆر پەست ئەبێ و پێی ئەڵێ ، جا زەوایە کەمێکی وەك تۆ ئەمەندە دارایی هەبێ !! •• •• •

بروانە ل : ٧

هاوڕێ سعدی مهدی صالح بۆ «هاوکاری» ئەدوێ

□ سەرکردایەتی شۆڕش و، سەرۆکی فەرماندە صدام حسین بەتایبەتی گرنگی گەورەیان بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان داوە.

□ گەلی کوردمان بەشداری جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆزی کردووە و بڕوای تەواویشمان بە هۆشیاری دڵسۆزی هەیە.

□ سەرکەوتنی کۆتایی بۆ عیراقییەکان دەبێ چونکە خاوەنی هەقن

عبدالوهاب تالەبانی ـ نووسینگەی هەولێر

لە پێناوی روونکردنەوەی هەندێ کاروباری ناوچەی کوردستان، لەم باروزوفەداکە وڵاتی عیراقمان پیادەڕوا، چاومان بە هاوڕێ سعدی مهدی صالح ـ ئەندامی حزبی بەعسی عەرەبی سەرکردایەتی هەریمایەتی نهێنییەکانی نووسینگەی سۆشیالیست و رازگری کەوت و ئەم گفتوگۆیەمان رێکخستنی لقی سەروو لەگەڵدا کرد:

● لەم دوایییەدا ژمارەیەك لە گەورە کاربەدەستانی حزب و شۆڕش وەکو بەڕێز مامۆستا طه محی‌الدین معروف ـ جێگری سەرکۆمار و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بەڕێز مامۆستا وطبان ابراهیم نوێنەری بەڕێز سەرکۆمار و بەڕێزتان ... سەریان لە ناوچەی کوردستاندا، ئایا دەکرێ هەندێ لایەن و ئەنجامی ئەم سەردانانە و ئیش و کاری ئەو لیژنانەی لەپاش سەردانەکەی مامۆستا طه محی‌الدین معروف دامەزران بۆ خوێنەرانی رۆژنامەکەمان روون بکەنەوە؟

(١) ـ شۆڕش و سەرکردایەتیمان و بەتایبەتی بەڕێز سەرۆکی فەرماندە صدام حسین گرنگییەکی بەردەوام و گەورەیان بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی داوە ئەویش لەبەر دوو هۆی سەرەکی، یەکەمیان: چونکە شۆڕش و سەرکردەکەی بڕوای تەواویان بە گەل هەیە و خۆشەویستی ئەم گەلە لە دڵیاندا چەسپاوە. دووەمیشیان: بۆئەوەی، ئەوی لە باروزروفی ناخۆشی پێش شۆڕش و تا روخانی دەستە بەکرێگیراوەکە لە ساڵی ١٩٧٥دا لەم نەکرا، جێبەجێ بکرێ.

بۆیە، لەو رۆژەوە، ئەم ناوچەیە راپەڕینێکی فراوانی لە هەموو روویەکەوە بەخۆیەوە بینی... لە رووی سیاسی و بەڕێوەبردنەوە جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمی سەرکەوتنی وەدیهێنا.. کە شۆڕش لە رێگایەوە بڕوای بتەوی خۆی بە مافە نەتەوەیی و رۆشنبیرییەکانی رۆڵەکانی گەلی کوردمان دەربڕی و، هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن دامەزران... لە رووی پێشکەوتن و بنیاتنانەوە، سەدان ملیۆن دینار بۆ دامەزراندنی پرۆژەی پیشەسازی و کشتوکاڵ و کردنەوەی رێگاوبان و گەیاندنی کارەبا بە دوورترین جێگاو، دروستکردنی گوندی هاوچەرخ و پێشکەش‌کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردە و کۆمەڵایەتی تەرخان‌کرا.

سەرەرای ئەو دەسکەوتە گەورە و زۆرانەی شۆڕش تا ئێستا پێشکەشی رۆڵەکانی گەلی کوردمانی کردووە لەم ناوچەیەدا، سەرەرای ئەوەش هێشتا شۆڕش و سەرکردەکەی ئارەزووی پێشکەش‌کردنی زیاتر دەکەن و، لەم رێگایەشدا هیچ شتێك رێگەی لێناگرێ، تەنانەت باروزروفی جەنگیش کارێکی ئەوتۆی نەکردۆتە سەر ئەم رێرەوەو، ئەو پارانەی بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی پێش جەنگ دەستیان پێ‌کرابوو تەرخان ـ کرابوو، سەرف‌کردنیان رانەگیراو، بە هەمان گەرم‌وگوڕی کار تیایاندا بەردەوام بوو.. خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانیش بێ‌راوەستان پێشکەش هاووڵاتیان دەکرێ.

ئا لێرەوە گرنگی بێدانی سەرکۆماری بەڕێز بۆ پێشخستنی ناوچەکەو سوور بوونی لەسەر بەردەوام بوون لەم رێگە بەداو پرسینی لە پێویستییەکانی هاووڵاتیان دەست پێ‌دەکا، بۆیە جێگری سەرکۆمار و ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش مامۆستا طه محی‌الدین معروفی نارد بۆ بەسەرکردنەوەی ئەم مەسەلانەو کۆبوونەوە لەگەڵ هاووڵاتیانداو گوێ‌گرتن لێیان و، سەرپەرشتی‌کردنی ئەو کۆمەڵە لیژنەیەی کە بۆ گەڵاڵەکردنی داواکاری و گیروگرفتەکانی هاووڵاتیان دامەزرابوون، بۆئەوەی لە دواییدا لێیان بکۆڵرێتەوە و چارەسەری موناسیبیان بۆ بدۆزرێتەوە.

هەروەها هاتنەکەی مامۆستا (وطبان ابراهیم)یش هەر لەم رووەوە بوو، ئەوەبوو بە راسپێری لە لایەن بەڕێز سەرەکی فەرماندەوە سەری لە ناوچەکەدا.. بۆ ئەوەی وێنەیەك دەربارەی گیروگرفتەکانی ناوچەکە بگەیەنێتە سەرەکی فەرماندەو، بە گورج‌وگۆڵی لێیان بکۆڵرێتەوە چارەسەر بکرێن، بۆ ئەوەش کە ئەو چارەسەرانە چاك و لە جێی خۆدابن چەند لیژنەیەك پێك‌هات بۆ دانانی چەند دیراسەیەك و لە پاشدا پێشنیاری موناسیبیان پێشکەش بکەن، وەکو چاکترین شێوە لەسەرە رێگای چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفت و کۆسپانەی لە بەردەم پەرەپێداتی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا وەستاون.

هیوادارین ئەو لیژنانە لە کاتێکی نزیکدا لە دانانی دیراسات و پێشکەش‌کردنی پێشنیارەکانیان ببتەوە، تاوەکو جێبەجێبکرێن و خەڵکی ناوچە بەری ئەم هەوڵە خێرخوازانە بە چاوی خۆیان ببینن...

ئەوەی کە باسم کرد لایەنێکی ئیش‌وکاری ئەو لیژنانەو هۆی سەردانەکانی نوێنەرانی سەرەکی بەڕێزە بۆ ناوچەکە. بەڵام لایەنەکەی تر دەربارەی بڕیارەکانی لێبوردن بوو کە سەرەك بە رۆڵەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بەخشی ئەوانەی لە خزمەتی سوپا دواکەوتن یان لێی هەڵاتن لە ئەنجامی هەندێ باروزروفی گرانداو، هەڵخەڵەتێنران و چەکیان دژی وڵات و شۆڕش و خودی خۆشیان هەڵگرت، دەڵێم دژی خۆیان، چونکە ئەم کارەیان لە دوژمنایەتی کردنی وڵات و میللەتەکەیانەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو لە ئەنجامی کورت بینی و بێ‌توانایییان لە جیاکردنەوەی چاکەو خراپەو زاست‌و هەڵەدا هەڵێنجاوە، کە ئەویش لە ئەنجامی وەزعە ناڵەبارەکەی ناوچەکەدا دروست‌بووەو، رێگای بۆ دوژمنانی نیشتمان و خائینانی گەل خۆش‌کرد کە ژمارەیەکی زۆر لە رۆڵەکانی گەل لە خشتەبەرن.

لە دەرچوونی ئەو بڕیارانەوە تا ئێستا هەوڵێکی چاك، لە لایەن ئەو لیژنە تایبەتیانەوە کە جێگری سەرکۆمار مامۆستا طه محی‌الدین معروف سەرۆکایەتی دەکرد دراوە.. لەم لیژنانەدا نوێنەرانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و حزبمان ـ حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و ـ حزبە نیشتمانپەروەرە کوردیەکانی ئەندام لە بەرەی نیشتمانیداو، پیاوانی ئاینی و نوێنەرانی یەکێتی و نەقابەکان و، ئارەزووی سەرەکی فەرماندە صدام حسین وابوو کە زوربەی ئەو هاووڵاتیانەی ئەو بڕیارانە دەیانگرێتەوە سوودی لێ‌ببینن، بۆیە بەردەوام ئامۆژگارییەکانی وابوو کە لەم رووەوە هەوڵێکی بێ‌وچان بدرێ، ئەوەبوو ئەو هەوڵانە لە ئەنجامدا جێگەی خۆیان گرت و بە باشی سەرکەوتن و، دەیان هەزار گەنجی کورد گەڕانەوە ئۆردوگاکانیان و، ئێستا رۆڵەکانی گەلی کوردمان خەریکی خۆئامادەکردنن بۆ بەشداری‌کردن لە جەنگی قادسیەی صدامدا دژی فارسە دوژمنەکانمان، ئەوانەی چاوی تەماعیان بڕیوەتە خاکەکەمان و دەیانەوێ گەلی هەڵکەوتومان کە دەڕوانێتە ئەوەی خۆی دروست‌کات و شەخسیەتی خۆی لەم ناوچەیەو لە نێو کۆمەڵی دەوڵەوتاندا بسەپێنێ زەلیل بکات.

● چۆن بەشداری‌کردنی گەلی کوردمان لە جەنگی قادسیەی صدامدا هەڵدەسەنگێنن، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە دەزگاکانی راگەیاندنی دوژمن، دەیەوێ وای دەرخا کە گوایا گەلی کورد تەنها تەماشای وەزعەکە دەکاو بەشداری لە جەنگەکەدا ناکا؟

ـ خوێنی هەموو خەڵکی عیراق بە عەرەب و کورد و هەموو کەمایەتییەکانی ترەوە لە مەیدانی جەنگداو، لە کاتی پاراستنی خاك و شەرەفی گەلدا تێکەڵ بوو، ئەمەش گەورەترین وەڵامدانەوەیە بۆ درۆو دەلەسەو پروپاگەندەی ئەو دوژمنانەی کە دەیانەوێ گومان بخەنە مەسەلەی بەشداربوونی گەلی کوردمانەوە لە جەنگی بەرگری کردن لە نیشتمان، لە ماوەی دوو ساڵ و نیوی رابوردوودا چەندین ئەفسەر و سەربازی کورد لە جەنگدا شەهید بوون، ئێستاش بە هەزارانیان شان‌بەشانی برا عەرەب و تورکمانەکانیان وا دەجەنگن، لە تەك ئەمەشدا لە نێو گەلی کوردماندا چەندین فەرماندەی سوپایی هەڵکەوتوون کە ئازایانەو قارەمانانە شەڕیان کردووەو پاشدا سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە.. ئایا تەنها ئەم بەڵگەیە کە لە واقیعدا خۆی نەهامەتی و بێ ئومێدی سەپاندووە بەس نیە بۆ بەرپەرچدانەوەی درۆو دەلەسەی دوژمنان، کە هەموو مەبەستێکیان تێکدانی یەکێتی نیشتمانیمانەوە گومان خستنە دەوری گەلی کوردمان لە مەسەلەکەداو، وای پیشان بدەن گوایە تەنها وەکو تەماشاکەرێك وەستاوە، ئەوەی دوژمنان دەیڵێن لە قسەی پڕوپووچ و ئەستوور تر هیچی تر نیەو، ساکارترین هاووڵاتی عیراقی چ کورد بێ، چ عەرەب لە مەبەستە تڵاوەکانی گەیشتوە.

بڕوامان بەرزە بە هۆشیاری گەلەکەمان و توانای جیاوازی‌کردنی لە نێوان باشەو خراپەداو، بەم بۆنەیەوە سوپاسی بێ‌پایانی خۆم دەگەیەنمە رۆڵەکانی گەلەکەمان لە ناوچەکەداو بۆ ئەوانەی بەشداری جێبەجێ‌کردنی بڕیارەکانی سەرکردەیان کرد.

● چۆن ئەنجامی بڕیارەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەربارەی لێبوردن لە راکردووەکان هەڵدەسەنگێنن؟

ـ گەڕانەوەی هەزاران گەنجی کورد بۆ ئۆردوگاکانیان، بەڵگەیەکی گەورەیە دڵسۆزی گەلی کوردە بۆ نیشتمانی عیراق و، خۆبەستنەوەیان بە خاکی پیرۆزیەوە، هەروەها وەڵامێکی توند بوو دژی پروپاگەندەی دوژمنانەو هەوڵی بەردەوامیان بۆ تێکدانی یەکێتی نیشتمانی گەلی عیراق و لاوازکردنی عیراق و زەلیل‌کردنی و لە پاشدا قووتدانی... ئەم گەڕانەوەیە لە دوای کردەوەیەی رۆڵەکانی گەلی کوردمان چاوی دوژمنانی کوێر کردو، تووشی نەهامەتی و بێ ئومێدی کردن. کە ئەم هەڵوێستە بە تێکدانی جورئەت و ئازایانەیە، بڕوای عیراقی کوردی بە شۆڕش و سەرکردایەتیەکەی و خۆشەویستی بۆ سەرکردە.. بە باشی راگەیاند، هەروەها پشتی سەرکەوتنەکانی بەسەر دوژمناندا تر کرد بەتایبەتی لەو جەنگەدا کە ئێستا لە سەر سنووری رۆژهەڵاتی وڵاتدا بەردەوامەو تیایدا فارسە دوژمنەکان تووشی گەورەترین زەرەرو زیان‌بوون لە گیان و لە کەرەستەی شەڕیشدا...

ئێمە بڕوامان پتەوە بەوە کە سەرکەوتنی کۆتایی بۆ عیراقییەکان دەبێ، چونکە خاوەن هەقن و، خاوەنی مەسەلەیەکی رەوانن، لەم جەنگەدا کە بەسەریاندا سەپێنراوە بەرگری لە خاك و شەرەف و سەربەرزیان دەکەن... بەرگری لە ئارەزووی رەوای پێشکەوتن و بنیاتنانی شارستانییەتی خۆیان و مرۆڤایەتی دەکەن.

● هەر وتەیەکی تر کە هاوڕێ ئەندامی سەرکردایەتی شۆڕش و رازگری لقی سەروو دەیەوێ ئاراستەی خوێنەرانی «هاوکاری» و رۆڵەکانی گەلی کوردمانی بکا..

ـ داوا لە خودای مەزن دەکەم کە هەوڵی هەموو دڵسۆزان سەرخا بۆ چاکی و پێشکەوتنی ناوچەکەمان و، بەو شێوەیەی کە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەمووزی مەزن رەچەسپێنێ.. هەروەها داواکارم کە رۆڵەکانی گەلەکەمان هەمیشە لە سایەی هەوڵ و تێکۆشانی سوارچاکی کاروانی عیراقی نوێمان صدام حسین کە هەموو وەختێکی بۆ گەلەکەی تەرخان‌کردووە بە رادەی خۆشەویستییەکی زۆر پیرۆز خۆشی دەوێن.. هەمیشە سەربەرز و پایەبڵند بژین.. سڵاوی خۆشەویستی بۆ سەرکردەی ئازاو نەبەردمان و، بەڵێنی دڵسۆزی و وەفاداری بۆ نوێ دەکەینەوە کە هەمیشە سەربازی کاروانی سەرکەوتوومان بین.

دەربارەی نووسین و کاری رۆژنامەنووسی

نووسینی: وائل عانی / احمد سید علی بەرزنجی کردوویەتی بەکوردی

جۆرەکانی چیرۆکی رۆژنامەیی

١ ـ چیرۆکی یادی ساڵانە: (جەژنەکانی لەدایك بوون، جەژنی گەورەپیاوان و وڵاتان و حیزب و یادکردنەوەکان).

٢ ـ وێنەی کەسێك: گرانترین چەشنی چیرۆکی رۆژنامەییە، نووسینی دەربارەی کەسێك دەوێ لە زۆر رووی ژیانییەوە، تۆژینەوەی ژیانی و کارەکانی، پەیداکردنی زانیاری لە هەموو ئەو کەسانەی دەورو پشتی یان لە خۆی.

چیرۆکی رۆژنامەیی زیاتر بەو زانیارییانە گرنگی دەدات کە ئەوکەسە وەك یەکێکی مرۆڤانە دەربخات.

٣ ـ چیرۆکی مێژوویی: بەشێکە لە چیرۆکی راگەیاندن، گرنگترین شێوەی یادە ساڵانەکانی دەوڵەتانە.

٤ ـ هەڵمەتی رۆژنامەیی: مەبەستی ئەم چیرۆکانە بەدیهێنانی مەبەستی گشتیی کۆمەڵە (نێزیك خستنەوەی مانای سەرژمێری گشتی دانیشتوان، مانای لەناوبردنی نەخوێندەواری پاك و خاوێنی ... هتد).

٥ ـ سەرژمێر (ئامار): باسی ئامارە گشتییەکان و بەبەرهەم هێنانی ئاژەڵەوە لە خاوەن باوەڕنامە بەرزەکان ... هتد).

٦ ـ کۆمەڵ: ئەو چیرۆکانەیە کە مەبەستی پتەوکردنی گیانی کۆمەڵەکەیەو ئامادەکردنیانە لە پێناوی مەسەلەیەکی دیاری‌کراودا (بەرگری نیشتمانی، یارمەتیدان لە پێناوی قەلاچۆکردنی مێش‌دا ... هتد).

٧ ـ چیرۆکی راگەیاندن: مەبەست لێی دیارخستنی مەسەلەیەکی دیاری‌کراوە بۆ خەڵکی و گەیاندنی پێیان.

٨ ـ ئەزمونی کەسێك: باسی لە داهێنان و دەسکەوتی کەسێك دەکات (باسێك دەربارەی دەرهێنەرێك کە لە دەرهێنانی شانۆگەرێ یەکدا داهێنانێکی کردووە، نووسەرێ چیرۆکێکی باشی نووسیوە، کرێکارێك بۆتە پاڵەوانی بەرهەم هێنان ... هتد).

٩ ـ چیرۆکی گەریدەیی.

١٠ ـ چیرۆکی دەنگ‌و باسەکان: لەگەڵ رووداوەکاندا دەڕواو لە گۆشەیەکی مرۆڤانەوە لەسەریان دەنووسێ (رۆژ ژمێری ـ تل الزعتر ـ، چیرۆکی شارێك بە بوومەلەرزە گرفتار بووە .... هتد).

١١ ـ سووکە رەخنە: رەخنەگرتن لە دیاردە خراپەکان وەك بیرۆکراتیەت.

١٢ ـ راڤەکردن: چیرۆکی کارە هونەرییەکان و ئەو باسانەی کە لەگەڵ فلیمی سینەماو شانۆگەرییەکان و ئەو کتێبانەدایە کە دەرچوون، ئەمەش بەمەبەستی یارمەتیدانی خەڵکی تا چێژی لێ ببینن.

خاسیەتە بنەڕەتیەکانی چیرۆکی رۆژنامەیی

١ ـ ئەو خاسیەتانەی کە لە مەبەستەکەیدان:

أ ـ هەوڵی ئەوە دەدات کە کاربکاتە سەر خوێنەر لە دوو توێی خستنەڕووی راستییەکان بۆی.

ب ـ رووکردنە سەرزو هەستی خوێنەر و دواندنی.

جـ ـ خرۆشاندنی سەرنج و حەزی خوێنەر.

٢ ـ ئەو خاسیەتانەی کە لە ناوەرۆکەکەیدان:

أ ـ پشت بەستن بە راستی.

ب ـ دەشێ راستەوخۆ چیرۆکەکە لەگەڵ رووداوەکەدابێ یان لەسەر دەمی‌دا وەیا نا.

٣ ـ ئەو خاسیەتانەی کە وان لە بنیاتنانی‌دا:

لەوانەیە چیرۆکەکە بە فۆرمێکی کووچکی (هرمی) بنوسرێ، لەخوارەوە بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە، پاشان بەجۆرێ دەنوسرێ کە زانیارییەکان تیایدا بە شێوەیەکی لۆژیکی دابەش‌دەبێ، لە هەردوو شێوەکەدا نوسەر دەیەوێ لە کۆتاییدا وەیا کەلێنی نێزیك دەبێتەوە بگاتە پۆپە.

٤ ـ ئەو خاسیەتانەی وان لە شێوازەکەیدا:

چیرۆکی رۆژنامەیی لە ئەدەبەوە نێزیکە، نووسەر دارشتن و یاری کردن بە بێژەو دیالۆگ و دوایی گێڕانەوەو وەسف و وەرگرتن بەکاردێنێ. رستە لەچیرۆکی رۆژنامەییدا دەبێ ساکارو پڕماناو مەبەست‌بێ، دەبێ بەشێوەیە دابەشکرێ کە گونجاندنێ بخولقێنێ.

خاسیەتەکانی نوسەری چیرۆکی رۆژنامەیی

لەسەر نوسەر پێویستە کە:

١ ـ باش لە ژیان بزانێ.

٢ ـ ئەدیب بێ.

٣ ـ زمان زان بێ.

٤ ـ بیرێکی سیاسی و ئاشکراو دیاری هەبێ.

٥ ـ زانینێکی فرەچەشنە (موسوعی) هەبێ.

Institut kurde de Paris

نوسینی ا - ن - دڵسۆز

چەن ڕۆژێک لەمەوبەر وەزیرانی دەرەوەی سێ وڵاتی ئێراند سوریەو لیبیا پێکەوە کۆبونەوە وە بەیانێکی یسێنزە ماددەیی یان دەرکردو هەرکەسەی گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی ، بۆدەهۆڵ لێدان وە پرو پاگانتسە کردن سەبارەت بەکۆبونەوەکەیان ، چاودێری کەرانی ڕامیاری باوڕیان لەسەرئەوەتە کە ئەم کۆبونەوەیە کۆبونەوەی سێ کڵولە کە بەهۆی تێ شکانی خۆیانو خرانەلاوەیان لەناو وڵاتەکانی ناوچەکەدا ناچار دەسیان داوەتە ئەم جۆرە پەلەقاژێیە بەلکو ئەوانیش دەست بدەنە کارێکی وەهای کەسرنجی وڵاتانی جیهان بەرەولای خۆیان ڕاکێشن ، بەکێ لەماددەکانی بەیانەکە بریتی یە لەوەی کەئەم سێ وڵاتە ببنەوە بەیەک وەپشتی یەکتر بگرن بۆئەوەی کە نەیێلن فەلەستینی یەکان لەگەڵ ئیسرائیلا ڕێک کەون ، وە ئەم سێ وڵاتە تێکۆشن بۆ ئازادکردنی سەرزەوی فەلەستین لە دەستی ئیسرائیل ، جائەگەر بێتو ئێمە سەبارەت بەهەموی مادەکان بنوسین وائەبێ کتێبێ لەچاپ بدەین ، بەڵام ئەڵێ « مشتێ نمونەی خەروارێکە » کەوابو ئێمە تەنها سەبارەت بەم ماددەیە باس ئەکەین . وەڕادەی مەردایەتی ئەم سێ پاڵەوانە ئەدەین لە « مەحەك » تابزانین ڕاستو درۆیی وتەکانیان والەچ پلەیێکا ، مێژوی تێکۆشانی فەلەستین بە خەتێکی زۆرگەورە وەڵامەکەی « قەذذافی » نوسیوە کە دابویەوە بە یاسیرعەرەفات ، لەکاتی پەلامار هاتنەکەی هێزەکانی ئیسرائیلدا بۆسەر لوبنانو فەلەستینی یەکان ، لەم کاتەدا فەلەستینی یەکان داوای یارمەتی یان لە هەموی جیهان ، بەتایبەت لەبرا عەرەبەکانیان کرد وەڵامی قەذذافی بۆ یاسیر عەرەفات ئەوەبو کەوتی ، باشتروایە کە هەموتان خۆتان بکوژنەوە ، بەلێ هەروا سوکو سادە یارمەتی قەذذافی هاتەوە سەرئەوەی کەبلێ خۆتان بکوژنەوە ، سەرەڕای ئەمەش ئێستە دەهۆڵێکی داوەتە بن دەستی وەئەیەوێ فەلەستین ئازادکات .

خومەینی : بزانین دەوری خومەینی چی بو ، خومەینی بیانوێکی گرت لەوەی قەذذافی سەیرتربو ، خومەینی داوای کرد لەعیراق کەماوەی بداتێ تاوەکو هێزە چەکدارەکانی ئێران بەسەر عێراقا تێپەڕنو بڕۆن بۆسەری ئیسرائیل ، خومەینی لای وابو کە هەرگیز عیراق روخصەت نادا کە هێزەکانی ئێران بەناوی خاکی عیراق تێپەڕن ، بەڵام ئەوەبوە کە دیمان عێراق وەڵامی دایەوە کە روخصەتیان ئەداتێ وە ئەتوانن بڕۆن بۆیارمەتی فەلەستینی یەکان ئێران گیرێکی خراپی خوارد نەی ئەزانی چی بکات ، تاوەکو لە کتوپڕێکا پەشیمان بویەوەو وتی ناء ئێمە ئەبێ لەپێشا فەتحی کەربەلا بکەین جالەوێوە ئەڕۆین بۆ ئازادکردنی فەلەستین ، باوڕ کە هێزە گەورەکانی ئەمڕۆی جیهانیش هێمان پاروی واگەورە هەڵناگلێنن ، بەلێ هەروا سوکوسۆڵ بۆکەربەلا لەوێشەوە بۆ فەلەستین ووڕوخاندنی ئیسرائیل ، بێ گومان لەوێشەوە بوحیجاز ، جاسەیری ئەم عەوام خەڵەتاندنەکە ، سوپایێک کە تەنانەت بۆنانو گونیەو بەتانیەو خواردەمەنی تەنانەت بۆ ئوتومبیلی لۆری وجیب و تراکتۆر ، بۆ پەتاتەو برنج ، ڕۆژی دەجار هاواری لێ هەڵ ئەستێت وە داوای یارمەتی لەگەلە چەوساوە برسی یە قوڕبەسەرەکەی خۆی ئەکات ، ڕژێمێک کە ئەوەندە فڕۆکەی نەبێت سەرزەوی ئێرانی پێ بپارێزێ ، چۆن بتوانێ هەموی عیراق داگیرکاتو سەرزەوی یە پڕ لە ئاژاوەکەی ئێرانیش دامرکێنێتو ئاذوقەو تۆشەو تەقەمەنی ، بۆهێرشێکی وا ئامادەکات کە بگاتە دووهەزار کیلومیتر لەولای سنوری خۆیەوە ، جابەڕاستی هیتلەریش بەوهەموە تفاقەوە توانیو . دەس بیا بۆ پاروی واگەورە ؟ ئایا بەڕاستی ... ئەتوانێ بگاتە سەرئیسرائیلو لەوێش ئیسرائیل ... ئایا ئەمە دەس بڕینو عەوام خەڵەتاندن نیە ؟ ...

بەلێ ئیتر ئێران ناوی فەلەستینی لەبیرچویەوە وە هاتنی بۆ کەربەلایش ئەوەبوە کەدیمان ، ئەو چەقینەی کەلەسنورا چەقی هەرچەقی ، وە دەها هەزار لاوی بێ تاوانیشی بەناهەق دابەکوشتو باڵی لێدایەوە ، تائەم بەینە لەم بەینەدا کەوای لێهاتوە کەس لەکولەکەی تەڕیشا ناوی ناهێنێ وەهەموی جیهان بەتایبەت کۆمەڵانی ڕووناکبیر کۆمەڵانی کۆمەڵانی لاینگری مافی مرۆڤ کۆمەڵانی خاوەن ویجدانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا ، هەموی دانیان نا بەوەدا کەهەق بەدەستی عیراقە وەڕژێمی ئێران وە بەڕێوەبەرانی ئەمڕۆی ئێران لە رژێمی ناوی شێتخانە زیاتر ئەچێ تارژێمی ئیسلامی ، جا بەرانبەر بەم هەڵویستە جیهانیە ، ئەم سێ وڵاتە لاخراوە دەرکراوە ، ئەم کۆڕەیان پێک هێنا کە باسمان کرد ، ئەوەی شیاوی وتنە بەڕێوەبەرایەتی . عیراق هەر بەوەشەوە نەوەستا بەڵکو پێشنیاری کرد کە ئەگەر ڕاستە وەئێران زۆر دلی بۆخەلکەکەی ئەسوتێ کە ڕێگای کەربەلایان لێبڕاوە فەرمو ئەوەش کەربەلا وە عیراق ئامادەیە کە هەمورۆژێ هەزار خێزانی ئێرانی میوانی دەولەتبن وە دەولەت خۆی ئەیان باو زیارەتیشیان پێ ئەکاتو ئەیان باتەوە سەرسنور . با ئەوانیش وەکو هەموو موسڵمانێکی تری جیهان بێن وە زیارەت بکەن بەڵام ڕژێمی خۆهەڵکێشی دەس بڕی ئێران نەچوە ژێری ئەم بارە وەهەر خۆی هەڵئەکێشا کبە مانگێکی ترو حەفتەیێکی تر وان لە کەربەلادا ، جا ئەگەر فیزو دەس بڕین نەبوایێ هەر ئەوکارە خۆی ئەبویە هەنگاوێکی گەورە بۆ لابردنی شەڕ وە دامەزراندنی ئاشتی ، لێرەدا مەبەستێکی تر کە ئەبێ لەیادمان نەچێ ئەوەتە کە لەسەرەتای دامەزرانی ڕژێمی خومەینی دا ئەوەبو کە موسا صەدر لە لیبیادا سەرنوگوم بو وەکەس نەیزانی چی لێهات ، جا خومەینی هەر هەڕەشەی لە لیبیا ئەکرد ، بەڵام وا ئێستە وەکو ئەڵێ مەن لەبێ کەسی تۆش لەبێ دەسی ، هەردولایان سەری ئەم باسەیان ناوەتەوەو گوێی خۆیانیان لێ خەواندوە هەروەکو موسا صەدرێک هەر نەبوبێ ، کەچی لەو ئەووەلانەوە خومەینی هەزاری ئەکوشت .

سێهەم پاڵەوانی ئەم سێ کوچکەیە ئەبێتە حافظ ئەسەد ، ئەویش هەموومان ئەزانین کە پاترە بیست ساڵە بەناوی شەڕەوە لەگەڵ ئیسرائیلا ، کەوتوەتە سواڵ کردنو پارە کۆکردنەوەو چەک کڕین ، کەچی هەموی چەکەکانی بویە چەکی تەنگانەکەی کابرا ، ئەویش هێزەکانی ئیسرائیل بەلای دەستیا فڕتەیان ئەهات وەپەلاماری لوبنانیان ئەداو ژنومالی فەلەستینی یەکانیان ڕاوئەنا کەچی هێزە چەکدارەکانی سوریەش چاوی خۆیانیان لێ نوقاندبو وە وەکو کەو سەریان کردبوو بەناوی بەفرا ، وایان ئەزانی جیهان چاوی کوێربوەو نایان بینێ ، تاوەکو ئیسرائیل هاتو کاری خۆی کردو دەستی خۆی وەشاند ، « ئاغایش گوایا بۆیە هێزەکانی بردوەتە خاکی لوبنان بپارێزێ لە ئیسرائیل » جا ئێستە ئائەم سێ قارەمانە بەم ناوو نیشانانەوە کەوتونەتە یەک کە گوایا فەلەستین ڕزگار کەن ، بەلێ قەذذافی لە لیبیاوە بەسەر هەزاران کیلۆمیتر دەریادا خومەینیش لەتارانەوە ، « لە کاتێکا چوار ساڵە لەسەردەشتەوە ناگاتە پیران شار » ئێستە بەسەر عیراقو ئەردەنو هەزاران کیلومتر دەشتودەرا بکەنە لای ئەسەد وەپێکیانەوە قودسی شەریف ڕزگارکەن ، ئەمەش لەچ ڕۆژێکا ؟

لەکاتێکا کە فەلەستینی یەکان ، خۆیان بەسەرۆکایەتی یاسیر عەرفات وان لە گفتوگۆ کردنا بۆ دۆزینەوەی چارەیێکو ڕێگایێک بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکە لەم تەنگوچەڵەمەیە وەبۆ ڕزگارکردنی گەلی چەوساوەی فەلەستین لەم گرفتاری یە وەبۆ گەیشتنی ئەوگەلە بەمافی خۆیان لە ڕێگەی عەقلو لێبوردنەوە ، لێرەدا کاسەی لەئاش گەرمتر وە باوەژنی لەدایک میهرەبانتر خۆیان تێهەڵ ئەقولتێنن هەموو کەسێکیش باش ئەزانێ کە ئەم هەنگاوەی ئەوان هەرچاوبەسەو درۆودەلەسە وە خەڵك خەڵەتاندن وەکات گوزەراندن .

ئەگینا هەروەکو وتمان هەر لە ساڵی (١٩٨٢)دا ئەمە دەوری ئەم سێ قارەمانە درۆزنەبو بەرانبەر بە فەلەستینو بە گەلی فەلەستین .

جا سەیرکە ئەوگەلانە بەتایبەت گەلی ئێران بەدەستی چ ڕژێمێکی دەس بڕەوە گیریان کردوە ...... !!

بێ باکی دەربارەی مەترسی جەنگی ئەتۆمی

حیلمی عەلی شەریف

ئەوەتەی رۆناڵد ریگانی کۆنە ئەکتەرو تازە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێی ناوەتە کۆشکی سپی ئەم وڵاتەوە باری سیاسی و ئابوری نێوان دەوڵەتان گەلێك لە جاران ئاڵۆزو شێواوتر بووە .. لەلایەک لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا و لەلایەکی ترەوە لە نێوان ڕۆژئاوا بەسەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو وڵاتانی جێماو لە کۆڕی زانین و تەکنۆلۆجیادا واتا لە نێوان وڵاتانی باکورو باشوردا .

راستە ئەم ئاڵۆزی و شێواوی یە سەرانسەری دنیای گرتۆتەوە وە ئەنجامە سامناکەکانی شانی هەموو گەلانی سەرزەمین هەر گەلە بەگوێرەی هەلکەوتی جیوپۆلیتیکی خاکەکەی ڕاستەوڕاست ئەگرێتەوە بەڵام ئاگرە سوربێ ئەم بارە نالەبارە جارێ خۆی خزانۆتە ئەوروپاوەو شەرە دەنوکەکەشی خستۆتە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو یەکێتی سۆڤییەتەوە .

لەگەڵ ئەوەی هەموو هۆیە بنچینەیەکانی ئەم ئاڵۆزی و ناکۆکی یە کە سەرچاوە ڕاستەقینەکەی لە جیاوازی رژێمی ئابوری و سیاسی و جیاوازی دەستکەوتی ئابوری و سیاسی ئەم دوو وڵاتەوە یان ڕاستتر لەهی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و وڵاتە سۆشیالیستەکانی ئەوروپاوە هەڵقوڵاوە ، کەچی پەردەیەکی ڕەشی ئەستور بەمانەدا هەمووی دراوەو لە سوچێکی بچوکەوە ڕۆشنایی خراوەتە سەر چەند پارچە چەکێکی ئەتۆمی ناونجی بردو هەراو هۆریایەکی ئەوتۆی بۆ بەرپاکراوە ئەلێی بە سازکردنی ئەم کێشەو بەرەیە ئیتر ئاو ئەکرێت بەم ئاگرەداو دنیا ئەبێت بەئاشتی مەیو !

گوایە ئەگەر یەکێتی سۆڤییەت ساروخە ئەتۆمی یە ناونجی هاوێژە 20 ـ S . S نیشانەکانی کە لە بەشی ئەوروپای وڵاتەکەیا بگوێزێتەوە بۆ جێگایەکی دورترو ڕوی دەمیان وەرگێرێت و ئەمەریکاش ٦٠٠ ساروخی ئەتۆمی ناونجی هاوێژە کروزو پیرشنگ تووە نیشانەکانی لە ئەوروپای ڕۆژئاواد بلاونەکاتەوە ئەوە ئاشتی و ئاسایش و ئارامی ئەم سەرزەمینەمان دائەپۆشێ و ناکۆکی یە گرنگەکانی دنیا بەم کردەوە سازئەبێت . ئەوی ڕاست بێت ئەو چەکە لەناوبەرو خاپور کەرانەی ئەم دوو وڵاتە زەبەلاحەی دنیا هەیانە بەشێکی کەمی هەرلایەکیان بای ئەوەیە کە نەک هەر وڵاتی یەکتری بێ وێران بکەن بەڵکو توانای ئەوەیان هەیە هەموو سەرزەمین لەهەموو گیاندارو گیان لەبەرێک بێ بەش بکەن . ئەوەبوو لەم دواییەدا فرانسوا میترانی سەرەک کۆماری فەرەنسا وتی یەکێتی سۆڤییەت لە پانزە دەقیقەدا ئەتوانی هەموو ئەوروپا لە نەرویجەوە تا ئیتالیا ویران بکات! بۆیە سەرسام بوونی ناوێت کە ماوەی چەند مانگێکە چەندین ملیۆن کەس لەوڵاتانی ئەوروپای روژئاوای شەری جیهانی دیودا دەستە راستو دەستە چەپ ، سەر بە پارتی یە جۆراو جۆرەکانو بێ لایەنان چاکی خەباتیان لێ کردووە بەلاداو ملی تیکوشانیان گرتۆتە بەر بەمان گرتن و خۆپیشان دان و هەموو جورە نارەزایی دەربڕینێک دژی بۆر بۆرنی خۆ پڕچەککردن لە نیوان پەیمانی ئەتلەسی و پەیمانی وارشودا . ئەم خەباتە رەوایە بۆ ئەوەی گەلانی ئەوروپای رۆژ ئاوا نەبن بە سوتەمەنی جەنگی داهاتووی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دژی وڵاتە سوشیالیستەکانی ئەوروپا هەموو چین و دەستەو کۆڕو کۆمەڵو کۆمەڵو کەسێکی هۆشیاری ئەوروپای بەخۆیەوە خەریک کردووە .

بێ گومان هەر بەیەک هەلپژانێکی ئەمەریکاو سوڤییەت لە ئەوروپادا نەک هەر ئەوروپا لەچەند دەقیقەیەکدا لەپەلو پۆ ئەخات و هەموو ئاوەدانێکی تیاوێران ئەکات و دانیشتوانی بێ گیان و ئیفلیج ئەکات بەڵکو ئاگری سوتێنەرو لەناوبەری ئەم هەلپژانە بەشی زوری دنیای سێیەمیش ئەگرێتەوە کە هەر یەکیان بەشێوەیەک بەلایەکیانەوە بەستراون و رەش و سپی و وشک و تەر بەبێ جیاوازی بەیەکەوە ئەسوتێنیت کە بەشێکی زوری هۆی ئەم بەیەک هەلپژانەدا هەر لەسەر ئەم دنیای سێیەمەیە .

هەروەک هەموو ئەیزانین دنیای سێیەم یان ولاتانی تازە پێ خستووە قوناغی زانین و تەکنولۆجیای نوێوە سەرچاوەی کەرەسەی خاوو دەستی هەرزانی کریکارو بازاری فروختی کەلوپەلی دنیای سەرمایەداری و ئیمپریالیستین ، هەروەکو سەرچاوەی گەورەی هیزو توانای وڵاتە سوشیالیستەکانیش و پارسەنگێکی تەواو قورسی سەرکەوتنی خەباتی ئەم بەرەیەن دژی رژێمی سەرمایەداری ئیمپریالیستی لەدنیادا .

بەڵام ئەوەی جێگای سەرسورمانە ئەوەیە کەلەم جەنجاڵ و بەیەکا هاتنەدا دنیای سێیەم گولی خۆی لێ خەواندووەو وەک بەهیم جۆرێک شانی ئەو ئەگریتەوەو دیوارێکی ئەستوری دروست کردبێت کە تیشکی ئوتۆمی ئەکاری تێ بکات و نە دەسەلاتی سمینی ئەم دیوارەی هەبێت !

بێ گومان نابێ سەرکردەی هیزە سیاسی یەکانی ئەم وڵاتانەو کاربەدەستانیان ئەوەندە بەبێ ئاگاو گێلی سیاسی بزانین کە هەست بەمەترسی ئەم چەکە لەناوبەرە و ئەم ناکوکی یە توندو تیژەی نێوان ئەم دوو بەرەیە نەکەن وە ئەوەندە فەراموش بن کە لەو راستی یە نەگەن کەدنیا لە ئاستی چەکی ئوتۆمی نویدا وەکو تاکە بەرەیەکی لێ هاتووەو ئەم ناکوکی و دووبەرەکی یەش شانی هەموو دانیشتوانی سەرزەمینی گرتۆتەوە .

کەواتا ئەی ئەم بێ باکی و کەمتەرخەمی یە چی یەو هۆیەکانی ئەبی چی بێت !؟ لە وەڵاما تەنیا یەک هۆی سەرەکی بەبیردا دێت ئەویش دورکەوتنەوەی گەلانی دنیای سێیە لە گەلانی دنیای ئیمپریالیستی لەلایەک وە تێک چوون یان هیچ نەبیت سست بوونی شیرازەی خەباتی ناوکۆیی رەواو کاریگەرو گران بەهای نیوان دنیای سێیەم و دنیای سۆشیالیستی یە لەلایەکی ترەوە ئەو شیرازەیەی ئاگری رزگاری گەلان گەش و خوشتر ئەکات ! ئەو نائومیدی یە کە لەم ساڵانەی دواییەدا لە دنیای سێیەمدا بلاو بۆتەوەو بزوتنەوەی شۆرشگیرانەی رەوای گەلانی ژێردەستەو نیوە ژێردەستەو تازە رزگاربووی شێواندووەو پارچە پارچەی کردووە بەراستەو بەچەپداو دەستە چەپەکانیشی خستۆتە سەر چەند رێبازیکی جۆراو جۆر .

ئەمە بەڵگەی دڕندایەتی زایۆنیەکانە لە لوبناندا





سێ مانگی تەوو ، ئەوەی هێزە دڕندەکانی زایۆنی بە شاری بەیرووتیان کرد ، بە هیچ شارێکی تر نەکراوە هەر لە جەنگی دووەمی جیهانیەوە تاکوو ئێستا ، ئەوەبوو ئەم هێزە بە خوێن پەروەردە کراوەو پیاو کوژانە هەموو هۆیەکیان بەکار دەهێنا ، بۆ ئەوەی ئەم شارە گەورەیە ، هەناسە نەداتو ، دانیشتووانی ، بە تایبەتی ، بەشی ڕۆژئاوای کە فەلەستینی و ، موسوڵمانە - کان زۆربەیان لەوێ نیشتەجێن ، هەناسە نەدەن و ، لە برسی و لە تینووانەدا ، لەژێر زەبری ئابلۆقەدان و بۆردمان کردنی بەردەوامدا گیان لەدەست بدەن و لەناوبچن ، بەبێ ئەوەی ویژدانی ئەو بێ ویژدانانە نەختێك بهەژێت .

لەم ئابلۆقەدان و ، برسی کردنانەیاندا ، چی نارنجۆکی نوێ هەیە لە جیهاندا ، لەم بوارەدا بەکاریان هێنا وەو هەموو ڕۆژێك سەدان تەن نارنجۆك و گوللەتۆپیان بەسەر دانیشتووانیدا دەباراندو ، لەم لاو لەولا ئەپارتمان دەرووخاو ، مال وێران دەبوو ، هەزاران کەس دەبوونە ژێرەوەو ، هەزاران منداڵ و ئافرەت و پیرەمێرد بێ دەست و قاچ دەبوون و ، لە نەخۆشخانەکاندا دەکەوتن ، ئا ئەمە ئەو شارستانیەتی پڕ دڕندەیی یەیە ، کە زایۆنیەکان هەیانەو بە پیاو کوشتن و خوێنمژینەوە خەریکن ، ئەم وێنانەیش بەڵگەیەکی ئەوتۆن کە ئەم رژێمەی زایۆنی دڕندەسەر

پەوانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

شانۆگەریەکەی لاس‌و خەزاڵ‌و سەرنجێك

عبدالرزاق بیمار

لەگەڵ دەستەیەك لە نووسەرانی کوردا کە بۆ بینینی شانۆیی لاس‌و خەزاڵ بانگ کرابووین بە حاڵ درمان بە جەماوەرێکی چڕوپڕی تەماشاکەران دا تا ماوەی چوونە ناو هۆڵی شانۆیی‌یەکەمان بۆ ئاسان بوو .. ئەمە یەکسەر هەستی شادمانی پێدام . دواییش کە شانۆیی‌یەکە تەواو بوو هەستێکی لەوە بە سۆزتر گەرمی داهێنام‌و سەرمای هەولێری لە بیر بردمەوە .

بە ڕاستی هونەرو ئەدەب خۆراکێکی گیانیی وەهان لە هەموو کات‌و ڕۆژگارێکدا کاری خۆیان دەکەن‌و لە بێهێزترین ئالقەشیاندا گیانی نەتەوە دەپارێزن .

زۆرکاری ئەدەبی‌و هونەری وا دەبێ کە شێوەی ماندان‌و ووروژاندنی تێدا ماتەو لەبەر هەر هۆیەك بێت ناوەڕۆکەکەی خۆی لە قەرەی مەسەلە داگیرساوەکانی سەردەم نادات‌و هێڵی پێشکەوتوویی چینە هەڵکشاوەکانی تێدا کزە ، بەڵام لە چاو نەتەوەکەی ئێمەدا ، ئەگەر بێتو لە چوارچێوە گشتی‌یە نەتەوەیی‌یەکەی دابنێین سەیر دەکەین ئەم جۆرە کارانە ـ بەتایبەتیش ئەگەر کارەکە هونەرێکی کۆمەڵ خوازی وەکو شانۆ بوو ـ لەو دارانە دەچن کە لە داوێن بەست‌و کەندالان دەیانڕوێنن تا ڕەگەکانیان خاك‌و گڵەکە پتەو بکەن‌و لە زستان‌و بەهاراندا بەرگەی هورووژمی ئاوی لافاو بگرن .

ئیتر هونەر ، بە شانۆو مۆسیقاو گۆرانی‌یەوە ،گیانی نەتەوە پتەو دەکات‌و لە بەرەنگاریی لافاوو لیمشتی بێگانەدا بەهێزی دەکات .

جا من لە ڕێگەی ئەم بۆچوونەوە بایەخی شانۆیی‌یەکەی (لاس‌و خەزاڵ) هەڵدەسەنگێنم‌و هەستی بەدەستەوەداوەو حەز دەکەم لەم ڕووەوە باری سەرنجی خۆم پێشان بدەم .

دەقی شانۆیی‌یەکە

کە شانۆیی‌یەکە لە بەیتێکی فۆلکلۆری وەرگیرا بێت ، گومانی تێدا نابێت کە دەقەکە لەو ئەدەبە بەرهەم هاتووە کە لەگەڵ خوێن‌و گۆشتی کوردەواری تێکەڵ بووەو باڵاوندێکی نەتەوەیی لێوەشاوە بۆ خۆی مسۆگەر دەکات ..

بەڕاستی گەلێ دیمەنی شانۆیی‌یەکە پشکۆی مێژووو ئەفسانەو نەریت‌و ڕەفتارە باوەکانی نەتەوەی دەگەشاندەوەو سامی ڕابردوو لە بزووتنەوەی سەر شانۆدا لەگەڵ هەستی نەتەوەیی ئێستامان لە یەکی دەدا :ـ

دیمەنی سوارچاکانی کورد ، دارستانی چڕو ڕاوی شێر ، قەدرو هێزی قارەمانان‌و وەفای وەفاداران‌و بارەگای میرو دیوەخانەی سەرەك خێڵان‌و .. تاد هاوڕای شێوە داستانی‌یەکەی شانۆیی‌یەکە هەستی ئەوەی بە تەماشاکەران دەدا کە کوردیش خاوەن بەروئاگردانی خۆی بووە .

ئەکتەران بە جل‌وبەرگی کوردی‌و دەستو خەنجەرو تیروکەوانەکانیانەوە کەڤاڵە هونەری‌یەکانی محمد عارفی بیر دەهێنامەوە، بەتایبەتی کەڤالە سێ لایەنەکەی قودس‌و صلاح‌الدین .

لاوك‌و مۆرکی کوردەواری

لاوك‌و مۆرکی کوردەواری پشتیوانی‌یەکی باشی دەقی شانۆییەکە کۆرس‌و لاوك بێژەکە بوو ، بێگومان لاوك کە دەفتەری داستانی عەشق‌و لاواندنەوەی قارەمانان‌و تۆماری سوارچاکانی کوردە بۆی هەیە لە کاری هونەری ناو داستان شێوەدا وەبەربهێنێت‌و بە سۆزی نەغمەو مۆرکە کوردەواری‌یە خەمگینەکەی کەڵکێکی باشی بە دەقی شانۆیی‌یەکە بگەیەنێت..سەرباری ئەمەش کە لاوك بێژ دەوری حەقایەت خوانیشی دەبینی کە خۆی لە خۆیدا هونەرێکە لە شانۆیی‌یەکانی بێگانەشدا باوە .

لە لایەنی زمانیشەوە تەقەلایەکی باش درابوو بۆئەوەی وتووێژو لاوکی لاوك‌بێژ بە زمانێکی کوردی دەوڵەمەندو پشت بەستوو بە زمانی ڕەسەنی بەیتە فۆلکلۆری‌کە بێتە دارشتن ، ئەمەش تێبینی‌یەکی ڕاست‌و سەرکەوتووانەی خاوەن شانۆیی‌یەکەیە .

ئاوەڕۆك‌و هێڵی فیکری

دەرهێنەری شانۆیی‌یەکە وەکو لە پێناسی شانۆیی‌یەکەدا ڕوونی کردوەتەوە لای وایە خۆشەویستی‌ی خەزاڵ ئاواتێکی گەورەیەو عاشقان بەدوایدا وێڵن ، یەکەمجار مامە دەروێشێك بەرەو لوتکەی ئەم ئاواتە هەورازان دەبڕێ بەڵام پێ‌ناگات ، دوای ئەو لاس (لە ئەنجامی هەوڵی بێ‌پایانی هەشتا دەکات کە دوا ڕێگای خۆشەویستی خۆبەخت‌کردنە دەنێو بەرگەو بالینی غوربەتان بە ڕانك‌و چۆغەی خوێناوی) .

لە ناو هەست سوارچاکاندا هەر لاس بە زەبری دەست‌و قام‌و ئازایەتیی خۆی دەتوانێ بە ئاوات بگات ئەگەرچی ئەنجامە تراژیدی‌یەکەشی وا دەبێ کە لەبەری ئاواتەکەی خۆی نەخوات ، بۆ پشت ئەستوور کردنی ئەم بۆچوونە دەرهێنەر کۆیایی‌یەکەی بە دیمەنی جوانە ماینێکی غوردی هەستاوە سەر ـ چەپۆکان لە سەر تەختی سینەما دوا پێ‌دەهێنێ ، کە ئەمەش نموونەی لاس‌و هەموو سوارچاکێکە کە بە دوا ئاواتێکی گەورەدا وێڵ بن .

بەڵام لە ڕاستیدا ئەم هێڵە فیکری‌یە سەروسەر دیار نەدەکەوت‌و زۆرجار ڕووداو داستان گێڕانەوەو ووروژاندنی هەستی ڕۆمانتیکیانەی تەماشاکەر دایان دەپۆشی‌و لێیان وون‌دەکرد . ڕەنجێکی چاك‌و جێگەی ڕەزامەندی دەبوو ئەگەر نووسەرو دەرهێنەر بێیان لە بەرجەستەکردنی ئەم مەبەستە دابگرتباو ئەوەندە بە خەم ئەوە نەبوونایە کە دەقێکی فۆلکلۆری بەسپو ساغی‌و ڕەنگ‌و تامی خۆی بگوێزنەوە سەر شانۆ .

بستەك دگەل هۆزانڤانێ گەنج بالاێ

● صدیق خالد هدوری ●

هۆزانڤانێ مە (بالایی) ئێکە ژوان بارگران‌و خەم نژیارێد دەنگێ ڕاستی‌یێ یێ کو شیای بپەیڤێد چریسکەدار ستێرەکا گەش لە کوردستانێ بهەلینیت .

بکۆتنێد ڕاست‌و ڕەوان، بڤەرێژەکا بەردەوام شیایە بشکوژەکێ لباغێ هۆزانا کوردی بشکڤینیت . یدەنگەکێ بەرزو بالا بانگێ ڕاستی‌یێ بدەتن ...

ئەڤەو هۆزانڤانێ مە (نجیب صالح بالایی) لسالا (١٩٦٢)ێ لگۆندێ (ئورە) لدەڤەرا بەرواری بالا ژژینێڕا گرنژی‌یە ، خاندنا سەرەتایی لگوندێ (مایێ) بدیماهی ئینایەو لبازێرێ دهوکێ ئامادەیی تمام کری‌یە. ئو نوکە خاندەڤانێ کولیجا پەروەردەیە لزانکۆیا بەغداو ئامادەکەرێ پرۆگرامێ (وەرن لگەلە)یە لرادیوا کوردی .

لسالا (١٩٧٦)ێ دیتن‌و بیستنێد ڕۆژانە بوونە داڤێد هزرو بیراو تەڤنێ هۆزانێ پێ ڕاچاند ، هەروەکی دبێتەمە .

● ـ تەچوا خۆ کێشا گۆڤەندا هۆزانێ ؟

ـ بهار هاتە گوندێ مە سەیدانی چوونە سەیرانێ ، ڕێنجابەرو پا ژی دەست هاڤێتە تەڤرو مەڕاو خۆ کێشا گوڤەندا خەپارەو پلخانا ئاخا بژوین ئها هۆسا عاشقێت هۆزانا کوردی ژی خۆکێشا قەسیل‌و مەیدانا گوندی‌و گوڤەند گرێدا ... کەسێت وەکی «خانی»و « نالی‌و» «جزیری‌و» «حاجی قادرێ کۆیی » سەرچەمك بدەست کەسێ ڤە بەرنەداو . . کەزیێت هۆزانا کوردی بسەرملێ واندا شوردبوون . لەوندیێت کێشا هوزانێ لدوینی تەمبویدا فەقێ تەیران‌و پەستەو مەقامێت وەلی دێوانە دناف گەرێیێت گوڤەندێدا بلند دبوون .. نزم دبوون .

پشتی خۆ هدانەکاتیر ، پشتی گوڤەندەکا تۆمارکری‌و نەژبیر ، ئەڤ عاشقە جاردا خۆ هاڤێتە دەریایێت بەرفرەهو درێژ ، جارژی دا ددەربایێت کورتدا (بحر قصیر) کەڤنە مەلەڤانی‌یاو دەربازبن .... نها هۆسا من ژی خۆ هاڤێتە مەیدانێ‌و من دفیا خۆ لشوین پێت وان بهەلاڤێژم‌و خۆ بێخمە بەر ڕەخاو جووکا ، چونکی من دزانی هەکە ئاڤا جوکێ ئەز برم دێ من گەهینیتە رویباری‌و . . . رویبار دێ من فپێلێت دەریایێ ڕا گەهینیت ، هێنگێ کەسێت من لوێرێ دمشەنە ، دێ دەستێ من گرن‌و من دەربازکەن . ئەڤەو دەمێ من دیتی برهێت یارا من یێ ل هێڤی‌یا کلێ قەلەمێ من‌و یابلەزە هەڤالا هێلا داڤێرا بگەهیت‌و ڤێکرا قەستا بازارێ عەشق‌و ئازادی‌یێ بکەن .

● بکیش هوزانڤانی کاریگەر بووی ؟

ـ: هەڵبەت بەفر بتاڤییێت بارانێ‌و تیروژکێت روژێ دحەلهیت‌و دبیتە ئاڤ ، ئاڤ ژی جەرگێ چیای دسمیت‌و خۆ دادهێیلتە دناڤ بەرو ئاخا وی‌دا لدیماهی‌یێ دبیتە کانی‌و لڤونتێرا وی دزێت، «با» ژی بێدەرا تژی داسی‌و زیوان دهێلیتە دانەکێ پاقژو بژوین ، هەر هو بۆ من دیاربوو کو کەسێن وەکی (خانی‌و گورانی‌و جزیری) تیرۆژکێت ڕۆژێ‌و تاڤییێت بارانێنەو .. خورتێن وەکی (عبدالرحمن مزوری‌و شێرکو بێکەسی‌و محمود درویش)ی بایێ بێدەرێنە ، هوسا هوزانا ڤان چرا ، گوتە من کورۆ ملۆ توژی ببە خوین‌و ڕاستی‌یێ‌و سەرکەفتنا پێ بکرە .



● بزاڤاتە یا تڤایی دمەیدانا هۆزانێ‌دا ؟

● بۆ جارائێکێ پشکداری‌یا من دمیهرەجانا هۆزانڤانێت گەنج‌دابوو، پاکو ئێکەتی‌یا تورەڤانێت کورد ـ تایێ دهوکێ پێڕابووی ڕۆشنبیری یا بنکەهێ دوان لبازێرێ (حەلەبچە) لهاڤینا (١٩٨٠)ێ داکری‌یە .

● لسالا (١٩٨١)ێ من پشکداری کری‌یە دمیهرەجانا یانیگەها لاوان لبازێرێ دهۆکێ .

● لسالا (١٩٨٢)ێ پشکدار بووم دڤیستەڤالا هۆنەری‌و ڕۆشنبیری کوردی‌دا ، یاکودە زگەها ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنەوەی کوردی ێپڕابووی لبازێرێ هەولێرێ .

● ئۆباژ هەژی گوتنێ

پروانە ل : ٧

یەشار کەمال

داستانی گەلی تورکیا

غفور صالح عبداللە
ئامادەی کردوە

ڕۆژی ١٤-١٠-١٩٨٢ نووسەری گەورەی تورکیای بەرەچەنەك کورد یەشار کەمال خەلاتێکی ئەدەبی جیهانی وەرگرت . ژان ئۆرمیسۆن ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسایی بەم چەند ووتەیە ڕەزامەندیی خۆی سەبارەت بەئەدەبی یەشار کەمال دەربری .

« دەنگت زایەلەیێکی بەهێزی هەیە . ئەوەندە بەسە سەرنجی شێوە بەهێزەکەت بدەیین ، تەماشا دەکەین ڕەشەبای داستانەکان چۆن دەرگاو پەنجەرەکان ووردوخاش دەکەن ، وەکو زریان هاژەی دێت . ئەوەی ئێمە هەمانەو خۆمانی پێوەدەردەخەین زوو بە زووی لەئاستی پاڵەوانی ڕۆمانەکانتدا کە لەواقیعی لادێیەکانەوە هەڵیاندەچنی هەرەس‌دەهێنن .. تۆ ڕۆمان‌نووسێکی داهێنەری‌و شاعیرێکی گەورەیشی .. دوور لەو ملململانێی فیکرییەی گوندی « گرینۆچ » و سان. جرمان دێبرس ، تۆمان بەرەو جیهانە ولـڕەق‌و تووشەکەی خۆمان هەڵگرت، بۆئەوەی بەرەو زەوی دەشتایی داستاناوی گوندە بەرینەکان لەگەڵ خۆتدا بمانبەیت . کلۆلی‌و هەژاری ووروژاندویتی ، ڕەگ‌و ڕیشەت لە ناخی میللەتەکەتدا داکوتاوە و جووتیارەکان کەسانی ڕۆمانەکانتیان پێ‌بەخشیوی » .

هەروەها ووتی «ڕۆمانەکانت لە بەرزاییەکانی کێوی تۆرۆسدا بەهێزەوە هاوار دەکەن‌و بەجوانی‌و سۆزی مرۆڤایەتییەوە دژ بەو جەورو ستەمەی دونیای گرتوتەوە دەوەستن‌و هەمیشە سەرکەوتن بۆ دادپەروەرییە » .

نووسەر خۆی دەڵێ :ـ

دەشتی « سیلیسیا » بەرد بە بەردی شارەزام «هەروەها خەڵکەکەی‌و گیروگرفتەکانیان ، زۆرم هەڵێنجاوە لەوەی زانیومەو بیستومە ، بەڵام « دەنگ‌و باسی ڕۆژانەی گوندییەکان » تۆمار ناکەم .

وەختێکی دوورو درێژ تریشم لەشاردا لەگەڵ دەوڵەمەندەکان‌و کریکارەکان‌و و ڕاوچی‌و کاسبکارەکاندا بەسەربردووە، ئەگەر لەوەش دوورتر برۆین لەمەیانی ئەدەبدا ، ئەدەبێکی لادێی میللی وەدی‌دەکەین . . چونکە نەریتی تێکۆشان پەیتاپەیتا لە سەدەی سیازدەهەمەوە هەر لە « یونس ئامری » وە تاوەکو دەگاتە ئەمڕۆکە نازم حیکمەتە بەردەوامە .

هەمیشە ئەدەبی جیهانیم پشت گوێ نەخستوە ، لە تەمەنی بیست ساڵیدا دۆستۆیفسکی‌و چیخەف‌و تۆلستۆیم خوێندۆتەوە، کۆششم کردوە ڕەگەمام بگاتە ئەدەبی جیهانی‌.دوو نووسەر شوێن‌و ڕێیکیان لامدا هەبە: فۆکنەرو ستەندال کە یەکێکن بەرای من بەچاکی لەهەستی داستان گەیشتوون . هەرکە دەست دەکەم بە نووسین دووبارە نازم دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی زمانەکەم تازە بکەمەوە هەروەها «ستەندال» تاوەکو سنووری سایکۆلۆژی ڕۆمانەکەم فراوان بەکەم ، کاتێك «چارەنووسی مرۆڤ»ی مالرۆ دەخوێنمەوە بۆم دەردەکەوێ کتێبێکی کۆنە، بەڵام « سنوورو ڕەش » هەروەکو ئەمڕۆ نووسرابێت وایە ...

من خەڵکی گوندم وخۆم لەشاردا بینیەوە ، کارەسانی دوا ڕۆمانم لە شار ڕوودەدا، ڕۆمانی « تاوانی کوشتن لە بازاڕی ئاسنگەراندا » باسی ئەنەدۆلی دەربەگایەتی دەکات و لەسەردەمی گۆڕانکاریداو لە بواری پیشەسازیی دەشتی سیلیسیا دایە . نازانم دلۆپێ ئاسۆم وەدەرکەوێ و چۆن دەتوانین بەجێ‌بێلین‌و لە پۆستەیدا مەرگەساتێکی ڕاستەقینە هەیە . دەبێ ئەدەبەکەمان لە نزیکەوە شوێن‌پێی ئەو گۆڕانکارییانە هەڵگرێ کە زۆرجار پڕ چەرمەسەرییەو ڕوخێنەرە بۆ کۆمەڵی تورکیا . ئەگەر لە توانستاندا هەبوو لەوەی دەیکەین مرۆڤ بدۆزینەوە ئەوساکە ئێمە دەبین بەدروست‌کردنی شارستانیەتی شارەکاندا ...

نووسەر سەبارەت بە ڕۆڵی پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ وسروشتدا دەڵێ :ـ

ئەرکی ئێمەی نووسەران ئەوەیە توورەیی دەربڕین دژ بە لەناوچوونی نییە بەلکو ئەنجامی توورەیییە . گەربێتو تەماشای ئەدەبی جیهانی بکەین دەبینین هاوارێك هەیە ، وتووندوتیژییەك لەپشتەوەی باخودی کەسایەتیدا ، بۆ نموونە شەکسپیر ، ئۆربید ، هۆمیرۆس . . سروشت وەکو خوێنی مرۆڤ .نەخش‌و نیگار نییە یاخود دیمەنێك . لەکاتی نووسیندا پتر لەڕاستییەکان دەگەم‌و ئاشکرا دەبن .. لە « تاوانی کوشتن لە بازاڕی ئاسنگەراندا » بەڕوونی هەستم بەو وێرانکارییەی دەشتی سیلیسیا کرد کە ڕژێمی سەرمایەداری ناوێتییەوە . تاوەکو ساڵانی سییەکان لەم دەشتەدا نرخی زەویمان ندوەزانی .

یەك پارچە بە ڕەگ‌و پەڵاش داپۆشرابوو ، تەنانەت لە تۆرۆسەوە گوندییە هەژارەکانیان دەهێنا بۆ هەڵکەندنی ئەو ڕەگ‌و وپڵاشانە بۆ ئەوەی دەستی کێڵان‌و تۆوکردن بدات .. هەڵکەندنی هەر ڕەگێك سەرکەوتنێك بوو . ساڵی ١٩٤٩ سەدان ئامێری درووێنە گەیشتە ئەم دەشتاییە و هەموو شتێکمان درووێنەگرد . نە زۆنگاو ونە ڕەگ‌و ڕیشەو هیچ شتێك نەما و دەشتی‌یەکە پاککرایەوە تەنانەت لە پەپولەو مۆرانەو دالەکانیش کە پێکرا لێرەدا لەگەڵ مرۆڤدا دەژیان ...

ساڵی ١٩٥٧ شوێن هەواری دالەکان ئەما کە سەر تاشەبەردەکانی وەکو گەواڵە هەورێکی ڕەش داپۆشیبوو لەنزیك ئاواییەکەمانەوە ، ئەنجا ئەو پەتایەی ئەسپ نووشی هات و بووە هۆی لەناوچوونی زۆربەی ئەسپەکان .

دالەکان ئەو لاشانەیان پاککردەوە و ئەنجامی ئەمە هەموو ژەهرالوو بوون . سروشتی دەشتاییەکە زۆر گۆڕا ، تەنانەت جۆرە مێشێکی تازە لە کێلگەکانی ئەرزدا پەیدا بوو ، چ دارو دەرمانێك لە ناوی نەدەبرد . بەکورتی ئێمە گەیشتبووینە ئەوەی کە سروشتمان بە دوژمنی خۆمان دەزانی، تا مرۆڤمان والێ‌کرد دەستەپاچە بێت بەرامبەر بەو هەموو قییەمانەی بوانی بیانخوڵقێنێ ، تا بووە هۆی ئەوەی سروشت بەشداریی ناکۆکیەکانمان‌و چەوساندنەوەی چینایەتیمان بکات .

دەبێ بنیاتی ڕۆمان و زمانەکەی ئەم پەیوەندییە توندوتۆڵە شی‌بکاتەوە . زۆرجار نووسینی ڕستەی زۆر درێژ لە ڕۆمانەکانمدا بەلامەوە شوورەییە . ئەگەر لە نزیکەوە سەرنجی ئەو ڕستە درێژانە بدەین تەماشا دەکەین پەیوەندی هەیە بەسروشتەوە . زمان لەوەسفکردنی دەریادا ئەو زمانە نییە باسی ڕاکردنی ئەسپێك دەکات ، دەبێ ئیقاع‌و دەنگە ووردەکان ومۆسیقاکان توانای گەیاندنی وورێنەی سروشتی‌یان هەبێ ، لە هاواری خۆشی‌و ناڕەزاییەکانیدا . ئەو دەمەی ئیقاعی سروشت دەگۆڕدرێ لەگەڵیدا ئیقاعی ژیانیش دەگۆڕێ ...

نووسەر سەبارەت بە منداڵ لە ڕۆمانەکانیدا دەڵێ :ـ

منداڵ بەلای منەوە زیندەوەرێکی ناتەواو نین ، بگرە هەمان ژیان‌و کەم‌وکوورییەکانی ئێمەیان تێدایە ، ناشێ لە بەرزییەوە تەماشایان بکەین چونکە پێویستیان بە زانیاری‌و شارەزایی هەیە . کاتێك تۆماێك لەدایك دەبێ ڕاستدەبێتەوە بۆ ئەوەی دایکی بمژێ گەر بۆی نەکرا ئەوا دەمرێ . چونکە باسای سروشت دڕەقە . هەرکە لە ئەنەدۆلدا منداڵێك پێ‌دەگرێ یەکسەر خۆی لە ناوجەرگەی ژیاندا دەبینێ . زوو بەزوو بەشداریی ژیانی کەسانی‌دی دەکات . مێگەل دەلەوەڕێنێ‌و لە کێلگەدا کار ڕادەپەڕێنێ و دەکەوێتە گۆڕەپانی ڕافەکردنەوە و لەگەڵ پیراندا بەشداریی بەرهەمهێنان دەکات . بەرامبەر بەمە کۆمەڵێك ئادەمزادی‌تر هەن بەشێوەی جیاوازتر مامەڵە لەگەڵ منداڵدا دەکەن‌و دەیانخەنە ژێر ئەو ڕکێفەوە بەو جۆرە پەروەردەکردنێك مێشکیان پڕدەکەن لە زانیاری هەمەجۆر . هەموو شتێك لەسنگدا لە بەردەکەن . تەنانەت هەرکە بە منداڵێك دەڵێی « ئەوەت فێر دەکەم» رقی لێت دەبێتەوە ئەنجامیش پەیوەندییەکانی یەکسانی لە نێوان ئادەمزاددا لەناو دەچێ .

دواجاریش نابێ سەرسوورماوی ئەوە بین کە سیستەمێکی پەروەردەی لەوجۆرە هەبێ ، ئەو زیانە سایکۆلۆژییەی دەکەوێتە سەرشانی ئەو منداڵانە وەکو ئاژەڵ ڕایاندەهێنن ، ئەوجاش نابێ سەرسوورماوی ئەوە ببین کە ترسی ئەوەیان نەبێ پەنجە بخەنە سەر ئەو دوگمەیەی مرۆڤایەتی وێران دەکات .

ئەم ڕافەکردنە پەیای پەیەی لە یۆنانی کۆنەوە بۆمان ماوەتەوە و سەر بە نەریتێکی ئەکادیمیایە ڕێگامان لێ‌دەگرێ بۆ ئەوەی پەنجەرەیەکمان هەبێت لە ویژدانی مێژوودا. قوتابخانەکانمان جێگای ئازاردان‌و منالەکان دەپلیشێنێتەوە . بەڵام لەو کاتەشدا تاقی‌کردنەوەیێکی چاك هاتەکایەوە لە ئامۆژگا گوندییەکانی تورکیادا و هەوڵی ئەوەی دەدا ئەم بازنە دۆزەخییە بشکێنێ ، ئامانجی ئەوە نەبوو تەنیا قوتابخانە بۆ گوندەکان بهێنێ ، بەڵکو هێنانی زانیاری شان‌بەشانی بەرهەمهێنان‌و گۆڕینەوەی شارەزایی بەرهەمهێنەرەکان. واتا مرۆڤ لەگەڵ سروستدا بژێت‌و بەدەستی‌و چاوی لەژیانەوە فێربێ . هیوامان بەو چەند ملیۆنە خەڵکەیە تا ئێستا فێری خوێندنەوەو نووسین نەبوون ، تەنیا ئەوان فریامان دەکەون . لەم ڕۆژانەدا خەریکی وەرگێڕانی کتێبێکم وای بۆ دەچم چاکترین کتێبە سەبارەت بەجەنگ دەرچووە بەناوی « هەموو شتێك لەبەرەی ڕۆژئاوادا هێمنە » نووسینی لاوێکی جرمانییە بەناوی . ئەی . ئێم . ڕێمارك . دەزگای بۆنمان بۆی ڕەوانەکردم بۆ خوێندنەوەی ، پاش خوێندنەوەی دەزگاکە زۆری لێ‌کردم دەقە وەرگێردراوەکەی بۆ بنێرم، بەرای من ئەم کتێبە لەگشت کتێبەکانی باربۆس چاکترە ، هەمیشە ڕکە دەکات لەگەڵ ڕۆژگاردا ، چونکە تۆمارێکی زیندوە دەربارەی تاقی‌کردنەوەی ئەو کەسانەی زۆریان چێژتووە لە ماڵوێرانی جەنگ ، گەرچی کتێبێکی ترسناکە بەڵام لە هەمان کاتدا نایابە . دوا بەشی کتێبەکەم « هونەرو کۆمەڵ » هەڵوێستی

پروانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

ئەوانەی بازرگانی بەکوردەوە دەکەن

لەژێر ئەم ناونیشانەدا ڕۆژنامەی (العصـــر)ی هەفتانە کە لە قبرس دەردەچێـــت لە ٢٨-١-١٩٨٣دا دەستی بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەك کردووە بـــە زنجیرە ، لەیەکەمین بەشیدا هاتووە :ـ

کاتێك ژمارەیەك لە کوردە کۆمۆنیستەکان چەنـد پایەیەکی حزبیی پێشکەوتوویان وەدەستهێنا ، بە تایبەتی لە کاتی دوازدەهەمین کـۆنگرەی حزبـــی کۆمۆنیستی عیراقی ساڵی ١٩٥٦و پاش ئەوەیش ، لـە ڕاستیشدا ، هێشتاکە لە پاشماوەکانی دەمارگیـری نەتەوەیی کوردیو پۆخڵاتەکانی ڕزگار نەبووبـوون ، دەچوون تیووریان بۆ مەسەلەی کورد بەو چەشـنە دادەنا کە ناوەندەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کـوردی برژوای - شۆڤینی قایلبکاتو وا لە حزبـــــی **کۆمۆنیستی عیراقی بکات ببێتە هاوپەیمانی بەهێزی** پارتیو سەرکردایەتییەکەی کە مەلا مستەفای بارزانی بوو ، پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ، بـــەڵام حزبی کۆمۆنیست کە لە شوێن دەسـتەڵاتـــی دکتاتۆریانەی قاسمەوە ڕێی دەکردو بەرگریی لێ کردو لە ڕووی هەموو بەرهەڵستییەکدا دەوەستا مەبەستی ڕووخاندنی بووایە ، خۆی لە هەڵویستێکـــی زۆر ناخۆشدا دی کاتێك لە ئەیلوول (سپتەمبەری) ١٩٦١دا بزووتنەوەی چەکدارانە لە کوردستاندا سەری هەڵدا، ، ئەوەبوو کەوتە نێوان چەکوشی دکتاتۆریەتـی قاسمو سندانی بزووتنەوەی چەکدارانەی کـوردیو سەرکردایەتییە خێڵایەتییە دواکەوتووەکەیـەوە ، ئەوەبوو هاوسەنگیی حزبی کۆمۆنیستی **عیراقـی-**پارسەنگ بوو ، لە ماوەی نێوان ئەیلوول/سپتەمبەری ١٩٦١و ، کانوونی دووەم / ینایری ١٩٦٣و نەیتوانی **هەڵوێستیکی ڕاسـتو بەیەکـدالاخر دەربارەی** کێبەرکێی چەکدارانەی نێوان دەستەڵاتی قاسـمو بزووتنەوەی چەکدارانەی **کورددا وەربگرێت ئەوەبوو** تەنیا دروشمی (ئاشتی لە کوردستاندا)ی بـەرز کردەوە ، کە دروشمێکی چەوتو ناواقیعییەو وەڵامی پێداویستییەکانی ئەو قۆناغەی نەدەدایەوە کە گەلـی عیراقی پێدا تێدەپەڕی .

پاش شکستیهێنانی حزبـی کۆمۆنیسـتی عیراقی لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشی هەشتی شوباتی فبرایری ساڵی ١٩٦٣ بە چەك کە دەستەڵاتی دکتاتۆریەتی ڕووخاند ئەوا ژمارەیەك لە سەرکـردەو ئەندامەکانی ، لە لقی کوردیدا ، دیبان تەنیا پەنایان لە ژێر دەواری بارزانیدایـــەو لەژێر پارێزگاریی چەکدارەکانیدا ، لە هەمان ئەو کاتەدا کە چەنـد لایەنێکی کوردیی چەکدار سیاسەتی تیرۆرو کوشتنو برینیان بەرانبەر بە کۆمۆنیستەکان بەکاردەهێنا . ئەوەبوو ئەم پێکگەیشتنە نائاساییە ، بێ کات دیاریکراوەی ، نێوان کۆمۆنیستو پارتییـەکان شوێنەواری پاشەکیی لە ڕێڕەوی حزبی کۆمۆنیستی عیراقیداو لە هەڵویستەکانی بەرانبەر بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا هەبوو ، ئەوەبوو عەزیز محەمەد بە سکرتێری یەکەمی حزبی کۆمۆنیستی عیراقی لـە (کۆبوونەوەکەی پراگ)ی لیژنەی ناوەندیی حزبدا **لـە ئابی ١٩٦٤دا هـەڵبژێرراو تێیـدا هێڵێکی** دیاریکراو خرایە ڕوو ، ئەویش بە کارتێکردنـی ئامۆژگارییەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی جیهانـیی ئەو سەردەمە .

ئەم هێڵەیش ئەنگییەك بوو بە نێوچەوانـی حزبی کۆمۆنیستی عیراقییەوە ، بگرە تا بنکەکانـی خودی حزب برِوایان پێنەهێناو دژی ڕاوەسـتانو داوایان کرد ئەوانەی بەسەر حـزبیاندا سەپـان سزابدرێنو لەبەر تیشکی ئەم هێڵەدا کۆمۆنیسـتە عیراقییەکان پێشوازییان لە ڕێککەوتننامەی ڕاگرتنی جەنگ کرد کە لە لایەن دەستەڵاتـی عـارفو سەرکردایەتیی بزووتنەوەی چەکداری کوردەوە لـە شوباتی ١٩٦٤دا مۆرکرا ، بەڵام ڕێککەوتننامەکـە جێبەجێ نەکراو ، ئەوەی حزبی کۆمۆنیستی عیراقـی بە هیوای بوو لە دەستەڵات لە ژێر سایەی عارفدا بەدی نەهات ئەوەبوو بشێوی کەوتە ڕیزی حزبەوەو، کێبەرکێی ناوخۆ ، لە هەموو ڕێکخستنەکانی نـزمو باڵابدا ، تیژتر بوو ، پاش ئەو دووبەرەکێ ترسناکەی کە لە ئەیلوولی ١٩٦٧دا ڕوویداو بارزانی دەورێکـی تێدا هەبوو ، قەوارەی حزب هاتە لەرزین .

لە ئەنجامی ئەم بارە ناخۆشەی کە حزبـــی کۆمۆنیستی عیراقی پێدا تێدەپەڕی ، بەهـــەردوو باڵیەوە : لیژنەی ناوەندیو سەرکردایەتیی ناوەندی (قیادەی مەرکەزی) سەر لەنوێ دەست بە بازرگانی کردن کرا بە مەسەلەی کوردەوە بۆ ئەوەی ڕێـڕەوی چەوتو چێڵ بە خۆیەوە بگرێت لە مامەڵەکـــردن لەگەڵیدا ، نەك لەسەر بناغەی بەرژەوەندییەکانـــی گەلی کورد بە تایبەتیو گەلی عیراقی بە گشـــتی ، بەڵکوو بۆ خۆلادان لە ناتوانایی ئاشکرا لە سەرجەمی دۆخی حزبی کۆمۆنیستی عیراقیداو هەڵویستەکانـی بەرانبەر بە مەسەلە نیشتمانیو نەتەوەییە گرنگەکان، ، تا مەسەلەی کورد لە تیووریی حزبی کۆمۆنیستـی عیراقیدا کە ژمارەیەك کوردی تێدا بوو ، وای لێهات بوو بە مەسەلەی ناوەندی ، کە لە هەموو بۆنەیەکدا دەخرایە ڕوو ، بە شێوەیەکی دوورودرێژ ، لە هەمان کاتدا کە پەردە لەڕووی پەیوەندییـــەکانـــی سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردی لەلایەن بەرزانییەوە بە ڕژێمی دەستەڵاتی شا لـــە ئێرانو بە ئەمریکاییەکانو بە ناوەندە زایۆنییەکانەوە هەڵماڵرا ، ئەوەبوو حزبی کۆمۆنیستی عیراقی بـــە بە بازرگانیکردن بە مەسەلەی کوردەوە بەردەوام بوو بگرە پاش بەرپابوونی شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨ ، کە لە عیراقدا حزبی بەعسی عەرەبـــی سۆشیالیست سەرکردایەتیی کردو هەڵوێستـی ئاشکراو ڕاشکاوی سەربارەت بە مەسەلەی کـــورد دیاریکردو بناغەکانی چارەسەری ئاشتییانەی لـــە بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠دا دانا .

ئەوەبوو کۆمۆنیستە عیراقییەکان پاشـــی دەرچوونی بەیاننامەی ئازار هەوڵیان دا گومـــان گومـــان دەربارەی ناوەڕۆکـــە ئاشتییانەکـەی بهێننـــە کایـــەوەو ، ویـستیان لـــە مەیدانی سیاسیدا لـە کوردستاندا جێ پێیەکیان هەبێت پاش ئەوەی هەستیانکرد کە شۆڕشـــی فەرشەکەی لەژێر پێ کێشاونەتەوە ، بەڵام ، لەبـەر نابەجێیی بۆچوونیانو ئاشکرابوونی بازرگانیکردنیان بە مەسەلەی کوردەوە ، بە توندی بەرەنگاری بوونیان بوونەوە لە ناوچەی کوردستانداو ، پەیوەندییـان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانو چەکدارەکانیدا خراپ بوو ، تا ڕادەی کوشتنو برینیانو بەندکردنیانو لەناوبردنیان بە تاکە کەسو بە کۆمەڵ بۆیە کێبەرکێ لەنێوان کۆمۆنیستەکانو پارتییەکاندا تیژتر بوو لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانیدا دەنگی دایەوە کە کۆمۆنیستە عیراقییەکان پەنایان بۆ برد تا تیرۆری پارتیو چەوساندنەوەی رابگرێت کە لایەنگرەکانـــی دژیان ئەنجامی دەدەن .

لەو کاتەدا ، حزبی کۆمۆنیستی عیراقـــی خۆی بینی ناچارە پەیمان لەگەڵ حزبـــی بەعسدا ببەستێت بۆ ئەوەی خۆی بداتە پاڵیو لە سێبەریدا بوونی سیاسیی خۆی دووبارە نوێ بکاتەوەو ، لایەنی دەستەڵاتی نیشتمانی بگرێت لە تێك شکاندنـــی بزووتنەوەی چەکدارانەی کـــورددا ساڵی ١٩٧٥و پێشخۆشحاڵیی خۆی دەربڕێت دەربارەی ئـــەو هەنگاوانەی دەستەڵاتدارێتی لە هەموو بوارێکـــی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیدا دەیهاوێژێـــتو ، ڕایبگەیەنێت کە ڕەنج بـــدات بۆ چەسپانـدنو پەرەپێدانی ئۆتۆنۆمیو پاڵپشتگرتنو قووڵکردنەوەی دەستکەوتە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستاندا بە هاریکاریی پتەو لەگەڵ حزبی بەعسدا وەك لە وتەکەی ئەحمەد بانیخێڵانی ئەندامی لیژنەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی عیراقیدا هاتـــووە کـــە ڕۆژنامـــەی حزب (طريق الشعب) لـــە ١٧-٨-١٩٧٧دا بڵاوی کردووەتەوە .

بەڵام کە حزبی کۆمۆنیستی عیراقی ئەوەی بـــۆ خۆی هەڵبژارد بکەوێتە نێو سەنگەری دوژمنانـــەوە هەموو ئەوەی لە بیری خۆی بردەوە کە سەبـــارەت دەستکەوتو گۆڕانکارییە سیاسیو ئابـــووریو کۆمەلایەتییەکان لە کوردستاندا نووسیبوونی . هەروەها ئەو ناکۆکییانەی هەمووی لە بیری خۆی بردبووەوە کە بەدەستی هەندێك لایەنی بزووتنەوەی کوردییەوە تووشی هاتبوو کە بۆ بەرژەوەندی خۆی پێوە بەستبوو بۆ ڕاوەستان دژ بە شۆڕش لە عیراقدا پاش ئەوەی سەرنەکەوت ئەو شتانەی ئاڕاسـتـە کەرەکانی لە دەرەوەدا دەیانویست وەدیبهێنێـــت ئەوەبوو دەچوو دەستی پان دەکردەوە پەیمان لەگەڵ ئەو لایەنانەدا بووەستێت کە حزبی کۆمۆنیسـتی عیراقی خۆی دەرك بەوە دەکات پەیوەندیی کـــۆنو - نوێیان بە چەندین ناوەندی دەرەوەوە هەیەو لـە ئەم جارەیشدا هەروەها پەیمانبەستنی حزبـــی کۆمۆنیست وەها بوو - وەك کریم احمد الـداود - ئـەندامی کۆمیتـەی سیاسیی حـزبی کۆمۆنیستی عیراق لە موحازەرەکەیدا دووپاتی کردەوە کە لـە ئەیلوولی ١٩٨٢دا بۆ کۆمەڵێك لە ئەندامانـــی حزبەکەیو کادیرەکانی خوێندیەوە ، پەیمانبەستنێکی - تەکتیکی - بەرژەوەندی - بوو پشت بە بنەماکانی بوون ومانەوەی ماوەیەکی درێژتر نابەستێـــتو ، دەبینێت لەهەر تاوێکدا تووشی ڕووخان دەبێت .

ئەمانە ، بە کورتی ، ئەو هێڵە پانانەی ڕێڕەوی حزبی کۆمۆنیستی عیراقی بوون لـــە سەر ڕێگای بازرگانیکردن بە مەسەلەی کوردەوە هەر لە ڕۆژی بوونییەوە لەســـەر مەیدانی سیاسی تاکـــوو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژو چڕ لێی دوواون کە پشتی بـــە چەند سەرچاوەی ، عەرەبیو کوردیو بێگانە بەستووە بـــە تایبەتی ئەوانەی کۆمۆنیستە عیراقییەکان دەربارەیان دوواوون لە ڕۆژنامە نهێنیو ئاشکراکانیانداو ، لە بڵاوکراوە تایبەتییەکانیانداو لە ڕاپۆرتەکانی کۆبوونەوەکانی لیژنەی ناوەندیداو ، لە دووانو لێکۆڵینەوەکانیاندا کە ئەدەبیاتی حزبی کۆمۆنیست بـــە خۆیەوەی گرتوون ، لـــە چەند زنجیرەیەکی یەك بە دوای یەکدا بڵاو دەکرێنەوە بۆ ئەوەی خوێنەران ئاگاداری لایـــەنە تـــەواوەکانی هەڵویستە لەیەك نەکردووەکانو دژ بە یەکەکان بن کە بەرژەوەندییی حزبی کۆمۆنیست دەخەنە ڕوو لـە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ مەسەلەی کوردیدا لـە جۆرەها قۆناغوبارو دۆخیدا ، بە چەشنێك دووپاتی بازرگانێتی کردنی بکاتەوە بەم مەسەلە نەتەوەییەوە ، لە بازاڕی هەراجخانەی سیاسیدا .. بەڵام بازرگانی پێوەکردنێکی زیانبەخشەو هیچی لێ هـەلنەکراند ئەوە نەبێت پەردەی لە ڕوو هەڵماڵراو لە کوردەکان گۆشەگیر بوو .

شـان بـــە شانی باسەکە گۆڤاری (العصر) پێناسینێکی کـەسی (عـەزیز محـەمەد عـەبدوللا) سکرتێری یەکەمی حـزبی کۆمۆنیستی عیـراقیی بڵاوکردووەتەوە تێیدا هاتووە :ـ

ساڵی ١٩٢٥ لـــە سلێمانیدا لەدایکبووەو ، خێزانەکەی گوێزایەتەوە بۆ هەولێر لەوێ لە شارەوانی بە کرێکار دامەزراوە .

لە هەولێردا لەگەڵ چەند کۆمۆنیستێکی کورددا چووەتە نێو ڕێکخراوی (یەکێتی تێکۆشان)ەوە کـە جوولەکەی زایۆنی سەرکردەیییان دەکرد کاتێکیش ڕێکخراوەکە هەڵوەشایەوە لیژنەی هەولێری سەر بە ڕێکخـراوی (بـەکێتیی تێکۆشـان) نـەیویست ڕێکخراوەکەی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و بۆ حـزبی کۆمۆنیستی عیراقی بگەڕێتەوە بە سەر کردایەتیی (نەهد) ، ئەوەبوو حزبێکی کۆمۆنیستی کوردیی پێکهێنا بە ناوی (شۆڕش) لە پاییزی ساڵی ١٩٤٥دا کە ئارەزووی شۆڤینیو جیابوونەوەی هەبوو .

سـالی ١٩٤٦ لەگـەڵ کۆمۆنیستە کوردە جیابووەوەکاندا چووەتە ڕیزی حـزبی کۆمۆنیستی عیراقەوە ، بە ئەندامێکی ئاساییو (یەهوودا فرایم صدیق) لە کاتی گەشتکردنی بە ناوچەی ژووروودا ناسیویەتیەوە .

سـالی ١٩٤٨ پاش ڕاپەڕینـــەکەی کانوونی دووەم ، (یەهوودا) داوای لێکردووە بێت لەگـەڵ دایکیدا لە دەزگای چاپخانەی (بنکە)ی نهێنیدا لە بەغدا دابنیشێت .

لە هاوینی ساڵی ١٩٤٨دا لەگـەڵ (یەهوودا صدیق)و یەکێك لە ئەندامانی لیژنەی ناوەندیدا لە خانوویەکی حزبیی تردا دانیشتووە بـەبێ ئـەوەی هیچ ئەرکێکی حزبیی هەبێت .

لە ساڵی ١٩٥٣دا سەرکردایەتیی جیابوونەوە-یەکی کردووە لە حزبی کومۆنیستداو ڕێکخراوێکی بە ناوی (ئاڵای کرێکـاران)ەوە پێکهێناوەو ناوی حزبیی (دڵسۆز) بووە .

پاش یەکخستنەوەی هـەردوو ڕێکخـراوی (بنکە)و (ئاڵای کرێکاران) ساڵی ١٩٥٦ گەڕاوەتەوە حزبی کۆمۆنیست .

لـە ساڵی ١٩٥٨دا بووە بە ئەندام لە لیژنەی لقی کوردستانی سەر بـە حزبو بـۆ ئەندامێتیی لیژنەی ناوەندی پاڵێوراوەو پاشان لە ساڵی ١٩٦١دا بووە بـە ئەندام لە کۆمیتەی سیاسیی حزبدا بـە سەرکردایەتیی (سەلام عادل) .

شان بـە شانی کوتلەی چوار کـەسی دژ بـە سەرکردایەتیی (سەلام عادل) ڕاوەستاوە بەڵام لە سزادان ڕزگاری بووە چونکە خۆیو کەسانی تر لە گەڵیدا لە دوا دواییدا توانییان بە بێدەنگی پاشگەز ببنەوەو لە سکرتێری یەکەم (سەلام عادل) نزیك ببنەوە وەك ئەوە (زەکی خەیری) ئەندامی کۆمیتەی سـیاسی لـــە نامـــەیەکی دوورو درێژدا دووپاتی کردووەتەوە کە بۆ لیژنەی ناوەندیی ناردووە لـــە هاوینی ١٩٦٥دا کاتێك لە (پراگ) بووە .

لەگـەڵ ئلکایەتییەکی گـەورەتری دکتاتۆریەتی قاسـمدا بووە (تـەمووزی ١٩٥٨ - سـەرەتای ١٩٦٣) .

لە تەمووزی ١٩٦٢دا سـەرکردەی مەڵبەندێکی حزبیی کردووە بە پارێزگاریی بارزانیو چەکدارە-کانی لە کوردستاندا .

بە سکرتێری یەکەمی حزب هەڵبژێرراوە پاش کۆبوونەوەی لیژنەی ناوەندی بە تەواوەتی لە (پراگ) لە ئابی ١٩٦٤دا کـــە هێڵێکی ڕاستڕەوی ئلکایەتی لەناوبردنی تێدا بڕیار دراو ناوی حزبیی (معين) بوو .

وا ناسراوە کە بیروڕاکانی ئەندامانی سـەر-ردایەتیی حزب تێکەڵو پێکەڵ دەکات بۆ ئەوەی بیرو ڕایـەکی (تەوفیقی) بخـاتە ڕوو هـەروەها ئارەزووی ئەوە دەکات خۆی لە کێبەرکێی ناوخۆیی لـە ڕیزی سـەرکردایەتی کردندا لابدات بۆیە خۆی لـە ئەستۆگرتنی لێپرسراوێتی تاوانبار کردنی ئـەم لایەنە یان ئـەو لایـەنە ، دەدزێتەوە ، بـۆ ئەوەی هەموان لێیڕازی بن .

لە سەردەمی سەرکردایەتی کردنیدا بازرگانی-کردنبـە کوردەکانو بـە مەسەلەکانیانەوە بووەتە مەسـەلەیەکی ناوەنـدی بـە ڕێژەی حـزبی کۆمۆنیستەوە ، چونکـە ژمارەیەك لـــە سەرکردە کوردەکانی لە دەورە کـە دەستیان لـــە داڕێژانی سیاسەتی حزبدا دەچێت .

کارتی (پاشماوە)

قادسیەی صدام هەروەهـــادوپاتی دەکەینەوە کـــە چاوەڕوانی هێمایەکـــی سەرکردایەتی حـــزبو شۆڕش دەکـــەین بـــۆ بەشداربوونمان لەبەرەکانی پێشـــەوەی جەنگـــە بەزگری کردنی نیشتمانـــی خۆشەوسیتماندا کە بەزۆرڕژێمی خومەینی لە قـــومو تاران بەسەر گەلو وڵاتـــی عێراقیاندا سەپاندوە .

لطيف محەدامين

سکرتێری یەکێتی جوتیارانی پارێزگای سلێمانی

ئاڵای عیراق ... (پاشماوە)

وولاتی ئێراندا سەپان ، لەو ڕۆژەوە کە هاتوون لـە وێرانکردنو کوشتنوبڕینو تاڵانکردنو برسێتیو بێئێشیو کارەسات زیاتر هیچیان بەو گەلانە و بەو وولاتە نەبەختی واتە سەرباری ئەو دەردانەی کە گەلانی ئێرانو وولاتی ئێران بە دەستیانەوە دەیانناڵاند خـەباتی خوێناویان دەکـرد بۆ ڕزگاربوونو سەرباری ئـەوەی کـە هیـچ مافێکیان نەدرایە دەردەکەیان گرانتربوو دوای ئەوەش ڕاپێچی ئـەم شەڕەیانکرد .

ب - گەلانی ئێران ئـەم شەڕەی کـەوا دژی عیراق دەکرێ بە شەڕی کاربەدەستانی ڕژێمەکـەی ئێرانی دەزانن و بە شەڕی خۆیانی نازانن و دەزانن کە ئەم شەڕە پیلانێکەو دژیان دەکرێ .

ج - سـوپای ئێـران سوپایەکی خـاوەن بیروباوەڕنینو بڕوایان بـەو شەڕە نیـیە کـە دەیکەن .

د - لە ناوخۆی ئێراندا گەلانی ئێران بە تایبەتی گەلی کوردمانو هێزی بەرهەڵستکارەکان هەن کـە هەموو براو خزمو کەسوکاری ئەو سەربازانەن کە بە زۆرەملێ ڕاپێچی شەڕ کراون .

ئەمە کورتەی هۆی سەرکەوتنی سوپای دلێری عیراقمانەو بەڵام وەك سەرەکی فـەرماندە صـدام حسین وەڵامی ئاژانسی دەنگو باسی عیراقی دایەوەو ووتی : « کاربەدەستانی ئێران پێش ئەو قسەکردنە ناپەسەندانەیان کە دەیانکردو خۆیان بە ئەندێشەی پووچ دلخۆش بکـەن دەبوایە دەرسیان لـەوەوبەر وەربگرتایەو بەپێی هەستو ڕاستی بجووڵانایـەوەو ئاگاداری گەلەکانیان بوونایەو لـە خوێنڕشتن دوور کەوتنایەوەو بگەڕانایەوە سەر ڕێگەی ئاشتی .. » .

کاربەدەستانی ئەزانی ئێران بێئەوەی هیـچ دەربەستی ئەوە بن کە وولاتی ئێران ، وێران دەبێو گـەلانی ئێران ئەوەندەی تر برسیو دەربەدەرو ماڵ کاول دەبێ .. بۆپاراستنی کورسیو دەسەڵاتی خۆیان نە ڕێزی هاوسێتی دەگرنو نە پەسەندی تەقەللای لێژنەکانی خێرخواز دەکەنو نە بـە دەنگ وولاتانی بێلایەنەوە دەچنو نە گوێش دەدەنە بڕیاری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانو بەم جۆرە بۆ مەبەستی پیسی رەشی خۆیان نەك هەزاران ملیۆنەهاش بـە کوشت بدەن دەربەست نین .. گوایە ئەمانە موسوڵمانو قازانجی موسوڵمانانیان دەوێ .. دیارە سـوپای ئێران کە ئەم شتانەی لەسەرەوە باسمان کردبزانێت بە زۆری زۆرەکاریبۆشەڕ ڕاپێچ کرابێ .. هەمیشە دەشکێو لەدواوە دەبێ .. هەمو دەستدرێژییەکیش هەر بەرەو هەڵدێری مێژووە ...!!

کتێب لە نێوان (پاشماوە)

(چۆن نەبێ گوێز بـدرێ بە کەسێ ددانی نەبێ ! ...) - وا دیارە لەوەودوا ئـەم وتەیەی بوو بە پەند - .. . من ناوەڕۆکی ئەم کتێبـە ئەزانم و ئەمەوێ کەڵکـــی لێ وەرگرم ، بەڵام بە داخەوە دەستکورتی لە دەستی داوم .

ئەڵێم ، سەراسێی ئـەو پیاوە زۆر پۆشتە و ڕێـك-وپێك و پارەدارەی ، لـــە ناو ناودارانا وا خـــۆی نواندوە کە سەوداسـەری زانستە ، گەیشـتۆتە زۆر کەسانی ئەم سەردەمەمان ..

کاتـێ کە (کتێب فرۆش) بوودم ، هەبوو بە دەیان کتێبی بایەخدار و بێ بایەخـــی ئەکری ، تا خۆی هەڵکێشێ کە دانەیەك لە فلان کتێـب و فلان کتێبی دانسقەی هەیەو، ئێستا یەك دانـەی لە بازاڕا نەماوە ! .... ئـەمەشـــی لە مەراقی ئەوانە ئەچـــێ کە (پوول و تەزبیح و شتی عەنتیکە) کۆئەکەنـــەوە و خۆیانـــی پێوە هـــەڵ ئەکێشن!!... بەڕاسـتی ئەوەیان لە یاد کردووە ، کـە بایەخی کتێب لەوەدایـــە بیخوێنینەوە و بۆشاییـــی سەرمانی پێ پڕبکەینەوە ، نەك ڕەفە و قاتـــــی کتێبخانەی ماڵەوەی پـــێ پڕبکەیتەوە و خۆمانـــی پێوە هەڵکێشین !! ..

دڵدارە بێدەستەکە (پاشماوە)

تیابوو . بە هەڵەداوان چوون بۆ تەلارەکەی ، ئەویش بـە چۆکدا هـاتو پێشـوازی کردن . دەستە براوەکـەی پێچابوو، وەکو منال ئەگریا.

- (ئەوە چیت کردوە ؟)

- (چی پێویست بـوو ، کردم . ئەو کابرایەم کوشت کە خۆشەویسـتەکـەی ئەتککردمو ئەو دەستەشـم بری ، هەڵەی پێکـــردمو کێشـــام بـــە دولبەرە بێتاوانەکـەمدا . ئێستا تەنیا ئەوەم ئـەوێ ، ئێوەو ژۆلیا بمبەخشن) .

بێگومان لێیخۆشبوون، دادگا بڕیاری (دوو سـاڵ زیندانی) بەسەرادا ئەمیش براکانی ڕاسپارد کە لـــە زیندان دەریبێنن ، پاشـان ژۆلیـای هێناو ناوێکی تازەی لە خۆینا = سێنزامـان - واتە بێدەست = . بـــەم جۆرە تا دوایی ژیانیان بـــە خۆشیو شادی ژیان) .

بیرەمێردەکە بێدەنـگ مژێکی درێژی لە سەبیلەکەدا، گەنجەکە ووتی :ـ

- (حـەزم لـەم جۆرە بەسەرهاتە نییـــە . ئـەو - کارلۆن ـەی تۆش باستکرد کابرایەکی دڕندەو گێلو گەوج بووە) .

- (سەد ساڵی تر ، ئەم ژیانەی ئێستای تۆ بە گێلو گەوج دائەنرێ ، ئەگـەر مرۆڤێ یادی کردیتەوەو زانی کە لە سەر ئەم زەمینـــە هەبوویتو ژیاوی) .

خشەخشێك گۆمـــی بێدەنگییەکەی شڵەقـان ، بەڵام ئەم جارەیان توندو بە تینتر بوو ، پیرەمێردەکـە شەبقەکەی داکەندو بـەرەو خواربووەوە ، بـزربوو . بەڵام دووبارە لە ڕۆخەکەدا دەرکەوتەوە ، ماسییەکـی بەدەستەوەبوو ، پولەکـە زیوینەکانی ئەبریسکانەوە.

ئەمە بەڵگەی (پاشماوە)

ترین ڕژێمە لەسەرتاپـای مێژوودا ، ڕژیمیکیش بەلکوو قەوارەیەکیش ئەمە نموونەی دڕندایەتیی بێت ، هەرگیـز هەر بەشی فەوتانو نەمانەو،

مافی تەواوەتی گەلـی فەلەستین هەر دەبێت گەلی فەلەستین ، ڕۆژێك لـە ڕۆژان ، وەریبگرێتەوەو ، لە سەر خاکی زکماکی خـۆی بژیتەوە .

بستەلێ (پاشماوە)

ئەوە دگەل چەند بزاڤەکێت دی یێت ئەدەبی . وەکـی پشکداری د کوڕەکا چیروکـا کورتدا لڕێکـەفتا ١٤-٩-١٩٧٩ێ ئەوا ئێکەتیـا تورەڤانێت کورد - تایـێ دهوکێ سازکری .

● **تە دڤێت چ بێژییە هوزانا کوردییا هەڤچەرخو چەوا دبینی ؟**

- پشتی خاندنگەهـا (کلاسیکی) یاهوزانـا کوردی بوویە شەنگستە «کا» حوکمو بەرەکێ خوەڕستـی دمەیدانا ئەدەبیدا ، ئەڤجـا کوڕو ئەڤییێت ئێ خاندنگەهێ دەست بئاڤاهیێت ژیهاتیو بێلایێت بلند کرو لسەرڤی بنکەهێ هوینێ قاهیم دانان ، ئەخاسمە پشتی سـەر هۆستایێت دەست هـەڵو پێڤەهاتی خۆ هافێتییـە مەیدانێ .. . پشتـی خورتێت مللەتی دەسـت بڤەهاندنا کەزیێت هوزانـا هەڤچەرخ کـریو .. . کاودانەکێ دەستدای ژ ڤان خورتاڕا ، ژکوڕێت پاشەڕوژا مللەتیڕا پەیدابـووی ، مللەتیڕا پەیدابـووی ، هەرهوسا هوزانا هەڤچەرخ ژ دەهێمنا قەستا گۆیێتکو کوتێت بلندکر ... ئـۆ ئۆ ئەزێ دبینم یا کـەزییـا شەدکەت .. وێ هیڤی بلندتر بفریتو کراسەکـێ نویتر بکەتە بەر خۆ ، فێتی-یەکێ تەڕو ژیهاتـــیو گەهشتـــیتر ژ بـــازاڕێ هونەرییو هوینـــێ (التفنن والابداع) ژمـــەڕا بینیت .

یەشار کەمال (پاشماوە)

رامیاریم روون دەکاتـــەوە ، ئەگەر ئەوە هەڵوێست بێت لەراسـتیدا ، دوورکەو ــ تنەوەیـــە لـــە هەڵوێست، من سۆشیالیستم لەومش بەدەرتر ، بـــەڵام توندوتیژو موتەڕیف نیم ، ڕاستیی دەڵیم ســـەر بەئاژاوەچینـــەکانـــی « الفوضويون » نیسبانیام .

سەرچەوەکان

١ - ڕۆژنامەی «النور» ژمارە

٢ - گۆڤاری (الثقافـــە الاجنبیە » ژمارە .

Institut kurde de Paris

ئاڵای بەرزی عیراق هەر شەکاوەیە

مصلح جەلالی

پاش ئەوەی سوپا دلێرەکەمان ، سوپای میللەتی عیراق بە سەرکردایەتی‌یە لێهاتووە شارەزاو خاوەن بیرو باوەڕە بەرزەکەیەوە ، توانی دوا هێرشی سوپای ڕەگەزپەرستی ڕژێمی ئێران تێکبشکێنێو وەك ئەو دەرسانەی لەمەوبەر لە ناوچەی بەسرەو مەندەلیو شوێنەکانی تری سەرسنوورمان دای بە ڕژێمی گەلۆری ئێران ئەمجارەش لە ناوچەی شیب دەرسێکی ئەوتۆی دای کە هەتا هەتایە لە بیریان نەچێتەوە .

بەڵام ئەبێ ئەوە زۆر چاك بزانین کە سوپای دلێری عیراق ، وەك لەمەوبەر سەرکەوت هەمیشە سەرکەوتوو دەبێتو مەیدانی سەرکەوتنو ئازایەتی ، بۆ هیچ هێزێکی دەستدرێژکار ، بەجێ ناهێڵێو ئەمەش بە بەراوردێك لەگەڵ ڕژێمی نەزانی ئێراندا لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەردەکەوێت .

١ - جەنگاوەری عیراق : بەعەقڵێکی شۆڕشگێڕانەی ڕووناکو بەرزەوە دەجەنگێو خاوەنی خواستێکی تێگەیشتوانەی سەربەستەو بە گشتی بریتین لە میللەتی عیراقو لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستو لە شۆڕشو لە بیرو باوەڕو لە هەستی بەرزو سەرکردایەتی مێژوویی .

٢ - عیراق : ئەمڕۆ خاوەنی سوپایەکە کە خاوەن بیرو باوەڕێکی شۆڕشگێڕانەیەو لە هەموو ڕویەکەوە پێشکەوتووە .

٣ - عیراق کۆمەڵگایەکە لە بنەڕەتدا دژی چەوساندنەوەو ئیمپریالیزمو پارچە پارچە بوونو دواکەوتن تێ‌دەکۆشێ .

٤ - جەنگی ڕەوای عیراق جەنگێکە کە بە سەریادا سەپێنراوەو جەنگی هەموو میللەتو سوپاو سەرکردایەتی عیراقەو جەنگی یەکێك لەم سێ بەشە بە تەنیا نی‌یە .

٥ - لە سەرەتاوە هەر لە کۆنەوە سروشتی میللەتی عیراق وابووە کە هەمیشە حەزی لە سەربەستیو پێشکەوتن کردووەو دژی داگیر کاران بووە ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێ یەکێ لەو هۆیانەی بوونە هۆی مەرگی ئەسکەندەری مەقدۆنیو تێکشکانی هەر قڵو نادر شاو دەیانی خوێنڕێژو داگیرکاری تر ، ئەوەبوو کە لە عیراقدا لەسەر لوتکە بەرزەکانی کوردستان قەڵاکانی جەنگاوەرە دلێرەکان ملیان بۆ داگیرکردنو سەرشۆڕی کەچ نەکردو ، جەربەزانەو بەوپەڕی تواناوە دەستیان لێ‌وەشاندون .

٦ سوپای نەبەردی عیراق ڕۆڵەی میللەتی عیراقن ڕۆڵەی ئەو میللەتەن کە لە یەکەم ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەمووزی مەزنەوە ، مافی نەتەوایەتیو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو .. هتد .. یان هەیەو هەر لە یەکەم ڕۆژیشەوە باڵی بنیاکاریو پێشکەوتنو پاراستنی سەربەستی عیراقو بەختیاری خۆیان لێ هەڵماڵیوەو سەرکردایەتی شۆڕشیش بەوپەڕی تواناوە یارمەتی‌ی داونو خۆی بۆ ماندووکردوون .

جا سووپایەك کە خاوەنی میللەتێکی وابێو وا خەریکە پازدە ساڵ تەمەنی پێشکەوتنی هەموو بوارو مەیدانێك تەواو دەکاتو ئەو مەرجانەی سەرەوەی تێدابێو سەرکردایەتیەکی وا بێ‌هاوتای هەبێ گومانی تێدانیە کە هەر سەردەکەوێو سەرکەوتن هەمیشە لە ناو لەپی دەستیایەتی .

ئەو هۆیانەشی کە بوونەتە ئەوەی سووپای ڕژێمی خەلەفاوی ئێران هەمیشە لە بەرانبەر سوپای مەزنی عیراقماندا تووشی نوشوستیو تێکشکان بێت لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوەیە .

ئا - وڵاتی ئێرانو گەلانی ئێران سەردەمی ڕژێمی شا ، لەوپەڕی وێرانیو هەژاریو نەزانیو نەخۆشیو چەوساندنەوەو ژێردەستیو تاڵانو بڕۆدا چ لە لایەن کاربەدەستانی ڕژێمو دەربەگو بۆرجوای شارەکانداو چ لە لایەن ئیمپریالیزمەوە دەژیان .

کاتێ کە ڕژێمی مەلاکان خۆیان بەسەر گەلانو

بروانه ل : ٧

له چوارچێوەی وەرزی رۆشنبیریدا لەبەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر

کۆڕێکی هونەری دەربارەی

کۆکردنەوەی ئاوازە فۆلکلۆرییەکان

هونەرمەند ((وریا احمد)) کۆڕێکی گێڕا بەناونیشانی « فۆلکلۆر چی‌یە » ... لەم کۆڕەدا کە لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەر سازدرا ، توانی روناکی بخاتە سەر ووشەی فۆلکلۆر ، مەبەست لە بەکارهێنانیو داهاتنی ئەم ووشەیە ....

هەروەها گۆرانیو بابەتە فۆلکلۆری‌یەکان لە جیهاندا چی بۆ کراوەو مۆسیقاو گۆرانی‌یە فۆلکلۆری‌یەکان ، چۆن مۆسیقاژەنە جیهانی - یەکان توانیویانە مۆرکی نەتەوایەتی خۆیانی پێ بچەسپێنن ...

ئینجا باسی گەڕانو سوڕانی زۆر گەڕۆکی جیهانی کرد مەبەست (کۆکردنەوەی گۆرانی‌یە فۆلکلۆری‌یەکانە) کە لەم بوارەدا گەلێك بەرهەمی چاکی‌یان هێناوەتە کایەوە لەمانە (کۆداسو بارتۆك)ی هەنگاریو (جمیله جلیل)ی کچە کوردی سۆفیەتیو (حسین قدوری) عەرەبو هتد .

لەدوایدا باسی ئەو هەوڵو تەقەلایەی خۆی‌دا کە لەم گەڕانو سوڕانەیدا بەدوای کۆکردنەوەی مۆسیقاو گۆرانی فۆلکلۆری کوردی کردوویەتی بە مەبەستی ئەو بەرهەمە فۆلکلۆریانەی کە تا ئێستاکە کۆنەکراوەتەوە بەتایبەتی

رۆشنبیرانو هونەردۆستانی کورد کرد کە هەڵسن بە کۆکردنەوەی گۆرانی‌یە فۆلکلۆری‌یەکانمان بە شێوەی کۆمارکردن لەسەر کاسێت ... بە مەبەستی لە ناو نەچوونی ئەم سامانە پیرۆزەمان ... زیاتر

لە ناوچەکانی کۆیەو دەوروپشتی مێرگەسوورو سیدەکان ، هەندێ ئاوازی پێش کەش کرد لەم بەرهەمانەی کۆی کردونەتەوە کە هەریەکە مۆرکی ناوچەیەکی پێوە دیاربوو ...

لە لێکۆڵینەوەکەیدا داوای لە هونەرمەندانو

پەنجەی بۆ ئەو مامۆستایانە درێژکرد کە لە لادێکاندا وانە دەڵێنەوە ، چونکە ئەم مامۆستایانە تێکەڵاوی لەگەڵ خەڵکی دێهاتەکاندا پەیدا دەکەنو لە ئەنجامدا دەبێت بە شتێکی ئاسایی کە حەڵکی ئاواییو لە داوەتو سەیرانو نەورۆزێ گۆرانی دەڵێنو ئەویش بەیەکێك لە خۆیان دەزانن ...

جا دەتوانن ڕاستەوخۆ ئەم کاسێتانە بدەن بە تیپە هونەری‌یە کوردی‌یەکان لە کوردستاندا تاکو بە شێوەی نۆتە بنوسرێتەوەو چاپبکرێو ببێ بە (ئەرشیف) رزگاری ببێ لە فەوتانو لەناوچوون .

ناظم دلبەند

نووسینگەی هەولێر

(کلارکو دڵە نوێیەکەی .. پاش مانگێك)

نەشتەرگەر ولیەم دیڤریز لە شوێنی خۆی لە مەلبەندی پزیشکی‌ی زانکۆی یۆتا نیشی‌دەکرد کاتێك دەنگێکی نەرمی ناسراوی بیست سەر بەرزدەکاتەوە تەماشا دەکات بەناوبانگترین نەخۆشەکانیەتی پزیشکی دڵ (بارنی) کە بەسەر ئەسکەمیلی‌یە پێچکەدارەکا - نیەوە هەڵگیراوەو بە یارمەتی‌ی برێك لە برین پێچەکانی خۆی .

یەکەمین کەس کە دڵی دەستکردی بۆ ڕوونراوە لە سەر ئەسکەمیلی‌یە بزوێنەرەکەی بەناو ڕێڕەوی نەخۆشخانەکەدا دەهاتو دەچوو ، دوو لوولە هەبوون چەند پێیەك لە پشتیەوە دووربوون بە سینەیەوە بەسترابوونەوە ئەو لوولانە بوون کە دەنگەکەیان لێوە دەهاتە دەرێ ، ئەمەیش ئەو هێز بەخشەیە کە بۆ ماوەی

مانگێکە لە ژیاندا هێشتویەتیەوە ، ئەوەتا براوەتە ئەو شوێنەی کە تێیدا ئەوپەڕی بایەخی پێ‌دەدەن ، کلارك بەیانیان لە کاتژمێری هەشت هەڵدەستێنرێت پاشان لە لایەن پزیشکەوە تەماشا دەکرێت پاشان کلارك بۆ ماوەیەکی کورت پشوو دەداتو ، دڵە دەستکردەکەی هەفتەی ڕابوردوو زیاتر لە پێنج هەزار جار لێ‌ی‌داوە .



ئەو ئۆتۆمبیلەی بەرووزەی هەتاو ئیش‌دەکات

ئەم ئۆتۆمبیلە نوێیە لە(پیانۆ)یەك دەچێت بەسەر ڕەوڕەوە ڕێ بکات ، بەرووزەی هەتاو دەچێتە ڕێوە ، کە بە شەقامەکانی شاری(سیدنی)ی ئوسترالیادا بەرەو پێشەوە دەچوو زۆر کەس بە پەرۆشەوە تەماشای کرد ، لە سەرەتادا پێی پێکەنین پاشان دایان لە چەپڵە چونکە ئەم ئۆتۆمبیلەی کە بە دوزەی هەتاو

کاردەکات بەبێ کۆسپو تەگەرە دوو هەزارو پێنج سەد میل ڕێگای بری بە خاکی ئوسترالیادا ، نرخەکەی زۆر هەرزانەو دینەمۆیەکەی هێزی یەك ئەسپی هەیەو خاوەندەکەی نیازی هەیە گەشتێکی پێ‌بکات بە ئەورووپادا کە بە لایەنی کەمەوە مانگێك دەخایەنێت .

ئەم ئۆتۆمبیلە کە لە شاسی‌یەکی پۆڵاینو هەیکەلێکی شوشەیی (فایبەر)و کۆمەڵێك تایەی پایسکل دروست‌کراوە نزیکەی ١٥ هەزار دۆلاری تێ‌چووە .

بەتایبەت بۆ ((هاوکاری))

لە ئینگلیزیەوە کراوە بە کوردی

جیهانی ڕەنگاوڕەنگ

کۆڕێکی ڕۆشنبیری

سەرلەئێوارەی ڕۆژی دوشەممەی ٢١-٢-١٩٨٣ ، دەزگاکەمان کۆڕێکی ڕۆشنبیریو لەژێرناوی (شانۆی منداڵانو منداڵانی کورد) بۆ هونەرمەند رزگار کریمو لەمۆتی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد ئەسازێنێ .. بەخێرهاتنی هەموو لایەك ئەکەین .

چیرۆك بۆ منداڵان

ڕاوکەرێکی بەختدار

گوڕینی : بکر حسن

ڕۆژێکیان سێ ڕاوکەر خەریکی ڕاوەماسی بوون ، هەرچەندیان کردو کۆشا لە - بیست - ماسیان زیاتر ڕاونەکرد هەریەکەیان شتێکی دەووت :

- ئەم شوێنە باش‌نی‌یە .
- ئاوەکە خوڕە .
- ئەمڕۆ بەختمان نی‌یە .

دەمەوئێوارە بوو . ڕۆژ لە ئاوابوونیا بوو . کە منداڵێك دوور لەوانەوە دەستی کردە ڕاوەماسی نزیکەی - بیست - ماسی بەتەنها ڕاوکرد .. بۆ ڕۆژی دوایی سێ ڕاوکەرەکە چوونەوە هەمان شوێنی ڕۆژی پێشوو .. هەر لەبیست ماسیان زیاتر ڕاونەکرد ، منداڵە بچکۆلەکەش کە ئەو ڕۆژە لەبەیانیەوە خەرێکی ڕاوبوو پەنجا شەست ماسیەکی بەتەنها ڕاوکردبوو

.. کە سێ ڕاوکەرەکە لێی نزیکبوونەوە لێیان پرسی :-

- بۆچی ئاوا بەختت هەیە لەڕاوا ؟! دیارە لەبەر ئەوەیە جیگاکەت باشەو ماسی زۆری تیایە . ڕاوکەرە بچوکەلەکە لەوەڵامدا ووتی .

- نەخێر هەموو شوێنێکو جیگایەك بۆ من هەریەك شتەو پڕە لە ماسی .

پاش ئەوەی ئەمەی پێ‌ووتن پەتەکەی ڕاکێشا کە بە قولاپێکەوەبووو شووشەیەکی پێوەبوو کە پڕی بوو لە ئاوو لە کرمی سوور سووری بچکۆلەو بارێك منداڵەکە بە پێ‌کەنینەوە پێ‌ی‌ووتن .

- ماسی حەزیان لە کرمە، ناشتوانن بیخۆن لەبەر ئەوەی لەم شووشەیەدان .. بەڵام لێی نزیك دەبنەوە دەورو خولی دەدەنو لەناکاودا بەقولاپەکەوە دەبنو ڕاوەکرێن .

سێ ڕاوکەرەکە ووتیان « ئای کەچەند زۆرزانە» پاشانیش ئەمەی لێ‌وە فێربوونو بەوجۆرە ڕاوێکی باشیان کرد .

شیعر بۆمنداڵان

میکانۆ

میکانۆیە ، میکانۆیە
ئێستا گەرمەی ئیشو کارە
پارچە دانێ پارچە پێنە
خانوەکەی دوێنێ ڕووخاوە
بگرە.بگرە.هانێ..هانێ..
هێواش .. هێواش..تۆ ڕاوەستە
کێ دڵسۆزە کێ وریایە
بابێ بابێ خۆی‌ڕاهێنێ
بە قسە هیوا مەیسەر نابێ

فرمانێکی نفتو نوێیە
ناشی دیارە ، وەستا دیارە
خانووی جوانم بۆ دەرهێنە
پشیلە ڕەشە خۆی‌لێ‌داوە
ئەویان لایە ئەمیان دانێ
بانەترازێ توند ببەستە
کێ وەستایە کێ ئازایە
بابێ شتمان بۆ داهێنێ
خۆڕەنجانن بێ‌بەر نابێ

ع٠ع . شمونم

بۆخێزان

● هەندێك ئافرەت خوویان داوەتە جگەرەکێشان، گوێ بەوە نادەن کە ئەم ڕەفتارە ناچاکە چەندین خراپی‌ی بۆ تەندروستی هەیە بەتایبەتی لەلای ئافرەتی سك‌پڕ یان شیردەر .

تاقیکردنەوە زانستی‌یەکان ئەوەیان چەسپاندووە کە ئافرەتی جگەرەکێش بە بەراوورد کردن لەگەڵ ئەوەی جگەرە ناکێشێت ئەوا ئەوانەی جگەرە دەکێشن سك‌پڕبوونیان بە گرانی لەسەر دەنیشێتو بە ئاسانی لەباریان دەچێت ، لەباری

کاریگەری جگەرە لەسەر ووتار شیردان

(نیکۆتین) دەگاتە خوێنی ئافرەتی سك‌پڕ ئەنجا دەگاتە خوێنی ئاوەڵەمەکە کە دەبێتە هۆی ئەوەی لەباربچێت .

● هەروەها دیسان تاقیکردنەوە زانستی‌یەکان چەسپاندوویانە کە ئەو ئافرەتە سك‌پڕانەی کە جگەرە دەکێشن بەدەستی حاڵەتی رشانەوەی زۆرو ، دەمارگرژی - یەوە دەناڵێنن کە مەترسی‌یەکە بۆ ژیانی ژنە سك‌پڕەکەو ئاوەڵەمەکەی ، زۆرتر لەو ئافرەتە سك‌پڕانەی کە جگەرەکێش‌نین . هەروەها

لە تاقیکردنەوەکانەوە دەرکەوتوون کە ئەو منداڵانەی دایکیان جگەرەکێشن قورسایی‌یان لەو منداڵانە کەمترە کە دایکیان جگەرەکێش نین ئەویش بەڕادەی ٥ر٤٨٢ گرام ، هەروەها درێژی‌یان بەڕادەی ٢ سەنتیمەتر کەمترەو ، ڕادەی کەمی لە گەورەبووندا لەگەڵ ڕادەی ژمارەی ئەو جگەرانەدایە کە دایکەکە دەیانکێشن .

● بەڕێژەی شیردەرەوە ئەوا مەترسی‌ی کەمتر نی‌یە بۆ منداڵی شیرخۆر ، چونکە نیکۆتین دەبێتە هۆی کەم‌بوونی شیر لەلایەکو لە لایەکی ترەوە گۆڕانی لەڕێگای تێکەڵ‌بوونی نیکۆتینەکە . هەروەها هۆیەکە بۆ ئەوەی منداڵە شیرخۆرەکە تووشی ژەهرداربوون دەبێت کە بەشێوەیەکی ئەوتۆ دەبێتە هۆی ئەوەی توانای مەناعەی گیانی کەمببێتەوەو بەزوویی تووشی نەخۆشی ببێت .

سەرەڕای ئەمانەیشی جگەرەکێشان پارەیەکی زۆر دەخاتە سەر بودجەی خێزان .

ذکریات محمد

پێشانگای تایبەتی اسماعیل خەیات

ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو لە هۆڵی ڕەواق لە بەغدا بەسەرپەرشتی‌ی وەزارەتی رۆشنبیریو ڕاگەیاندن دایەرەی هونەری تەشکیلی پێشانگای تایبەتی هونەرمەندی کورد اسماعیل خەیات دەکرێتەوە .

چاپکراوی نوێ



چاوەڕوانی

لە چاپکراوەکانی دەزگاکەمان ، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی ، زنجیرەی ژمارە (٧٣) ، کۆمەڵی کورتە چیرۆکی چیرۆك نووس احمد محمد اسماعیل دەرچووە کە بریتی‌یە لە (١١) کورتە چیرۆك لە ٤٤ لاپەڕەی قەوارە گەورەداو دووەم بەرهەمی چیرۆکنوسە لە دەزگاکەمانەوە دەردەچێت .

ئاگاداری‌یەك

دەستەی ڕاوێژکاری‌ی ڕاگەیاندن لە پارێزگای هەولێر ڕای‌دەگەیەنێت کە ڕاوەرگرتنێکی جەماوەری ڕێك‌دەخات بۆ هەڵبژاردنی باشترین گۆرانیی یەك قۆڵی یان چەند قۆڵی کە تەلەفزیۆن پێشکەشی کردووەو بە خۆشەویستی‌ی شۆڕەسواری نەتەوەو پاڵەوانی ڕزگاریخوازی نەتەوە سەرۆکی فەرماندە صدام حسینو بە سەرکەوتنەکانی سەربازە دلێرەکانی قادسیەی دووەم ، بەسەر دوژمنی بەدفەڕی فارس‌دا ، هەڵداوەو، کە باری سەرکەوتنو ئەوپەڕی شانازی لە دل ودەروونی عیراقی‌یەکانو پتەوبوونی بەرەی ناوخۆمانو پشتگیری کردنی بەردەوامی جەنگ یان نوێ‌کردنەوەی گفتدانو لایەنگری بۆ سەرەکی سەرکەوتومان دەردەبڕێت .

ئەویشی لە چوارچێوەی فیستیڤاڵی هەفتەی قادسیەی صدام‌دا ، لە ماوەی ٢١ ئازار (جەژنی نەورۆز) تا ٦ی نیسانی ١٩٨٣ ، لە ژێر دروشمی (هەموو شتێك لە پێناوی سەرکەوتن‌دا) .

کارتی ئەم ڕاوەرگرتنە کە بەم بۆنەیەوە ئامادەکراوە بەسەر جەماوەری پارێزگادا دابەش‌دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی :

١ - باشترین گۆرانیی یەك قۆڵی بە عەرەبی .
٢ - باشترین گۆرانیی یەك قۆڵی بە کوردی .
٣ - باشترین گۆرانیی چەند قۆڵی (کۆرس) .

ئەمەو هەر کەسێك بیروڕای خۆی دەربڕێت ، بیەوێت لە پارێزگاکاتی تیا دەتوانێت تا پێش ڕۆژی ٢٠ی ئازاری ١٩٨٣ بۆ دەستەی ڕاوێژکاری‌ی ڕاگەیاندن لە پارێزگای هەولێر / بەڕێوەبەرایەتی‌ی ڕۆشنبیری جەماوەری بنێرێت .

لە کۆتایی ئاهەنگێکدا ڕۆژی ٦ی نیسان خەڵاتەکان بەسەر نوسەرو ئاوازدانەرو گۆرانیبێژو ئەو کەسەی ڕاکەی لەگەڵ ئەنجامەکاندا یەك دەگرێتەوە ، دابەش دەکرێت .

شانۆگەری پیرەمێرد

تیپی نواندنی هەولێر کە سەر بەدەزگای سینەماو شانۆیە دەستی‌کرد بە پرۆدەکردن لەسەر شانۆکەری پیرەمێرد لەنووسینی نووسەری گەورە مەکسیم گۆرکیو وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردی کاك عبدالوهاب تاڵەبانیو دەرهێنانی هونەرمەند زهیر عبدالمسیح .. ئەو ئەکتەرانەی کە بەشداری لەم کارە هونەریەدا دەکەن بریتین لە هونەرمەندان صباح عبدالرحمن ، عبدالواحد مرجان ، علی احمد ، فیصل محمد صالح ، روپاك محمد شلێر احمد کۆیی ، کۆچەر جەلال .

هاوکاری
دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد : شەقامی ((الخلفاء)) مەیدانی ((الخلانی))
تەلەفۆن : ٨٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت

Institut kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی‌و سەرنووسەر
مصلح مصطفی جلالی

سـاڵی ١٩٧٠ دامـەزراوە

هاوکاری

التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە

لەم ژمارەیـەدا
● لە لاپەرەی سێدا دەقی نامەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین بۆگەلانی سوپای ئێران بڵاوکراوەتەوە ·

● پێنج شەممە ٢٤/٢/١٩٨٣ ژمارە ٦٧٦ ● | ٨ لاپەڕە | بە ٥٠ فلسە | ● الخميس ٢٤/٢/١٩٨٣ العدد ٦٧٦ ●

قوتابیانی کوردستان

بەڵێنی بەخوێن نووسراو پێشکەش بەسەرۆکی فەرماندە دەکەن

● هاوکاری : لە نووسینگەی سلێمانیەوە :

یەکێتی قوتابیانـی کوردستانی عێراق لقی سلێمانی نامەیەکی بەخوێن نوسراویان بە سەرەکـی فەرماندە صـدام حسـین پێشکەش کرد ···

ئەمەش لەلایەن هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی قوتری ، ئەمینداری نهێنی نوسینگەی رێکخراوی حزب لە سەرووی وڵات بە ئامادەبوونی هاوڕێیان ئەمینداری نهێنی‌و ئەندامانی سەرکردایەتی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست لە سلێمانی وەرگیراو تیایدا لقی یەکێتی ناوبراو بە ناوی جەماوەرانی قوتابیانی پارێزگای سلێمانیەوە سەر لە نوێ بەڵێنی خۆیان بۆ سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش‌و سەرەکی فەرماندە صدام حسین دووپات کردەوە کە هەمیشە سەربازێکی بەوەفابن‌و دیسانەوە سەر لە نوێ ئامادەیی خۆیان بۆ چەك هەڵگرتن‌و تەقینەوە بەرووی ئەو هێرشە نارەوانەی کە رژێمی ئێرانی رەگەزپەرست دەیکاتە سەر خاکی عێراقی خۆشەویستمان دووپات کردەوەو هەڵوێستی خۆیان دەست نیشان کردەوە کە ئامادەی رۆشتن بن بۆ سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرەکانی جەنگ·

شایانی باسە هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی قیادەی قوتری لە کاتی وەرگرتنی نامە بە خوێن نوسراوەکەدا دووپاتی کردەوە کە پێویستە لە سەر هەموو یەکێتی‌و رێکخراوە جەماوەریەکان کە هەوڵی گەورەو فراوانتر بدەن بەتایبەتی لەم دۆخە ناسکەی ئێستای وڵاتەکەماندا کە جەنگی رەوا بەرگری کردنی خاك‌و ئاوی نیشتمانەدا دژی رژێمی ئێرانی رەگەز پەرست تێدەپەڕێت هەروەها پەنجەی بۆ ئەم سەرکەوتنە مەزنانەی سوپای دلێرمان لە ناوچەی شیبی پارێزگای میساندا کێشا کە سەرۆکایەتی صدام حسین لە بەرەکانی جەنگدا بەسەر سوپای ئێرانیـیەکاندا لەدڵدا وەدەستیان هێناوەو لەم رووەشەوە وتی ئەو سەرکەوتنانەی سوپای قارەمانمان لە لایەکی ترەوە هێزو تواناو وورەی بەرزی سوپاو میللەتی عێراق دەسلەمێنێ لە لایەکی تریشەوە بۆ سەرۆك‌و ئەندامانی لقی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراقی لە سلێمانی دووپات‌کردەوە کە پێویستە یەکێتی‌یەکەیان بتوانن زیاتر جەماوەرانی قوتابیان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوەو هەوڵی پەیداکردن‌و دروست کردنی هاریکاری نێوان قوتابیان‌و مامۆستایان بدەن تاوەکو لەم بارو دۆخە تایبەتیەی ئێستای وڵاتەکەماندا ئاستی خوێندەواری لە پلەیەکی بەرزتردا ببینینەوە ·

شایانی باسە لقی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە سلێمانی ئەم نامە مێژوویەیان بە بۆنەی سێهەمین بیرەوەری دامەزراندنی یەکێتی‌یەکەیان بە سەرۆکی فەرمانـدە صدام حسین پێشکەش‌کردو هەر

بروانە ل : ٧





دەربارەی شەڕی نێوان عیراق وئێران :
سەر لە نوێ ئەنجومەنی ئاسایش بانگی وەستاندنی دەستوبردی دەدات

نیویۆرك - ٢٢ - ئاژانسەکان

ئەنجوومەنی ئاسایشی دەوڵەتان سەرلەنوێ داوای‌کرد بەخێراترین کات تەقەی نێوان عیراق‌و ئێران بوەستێنرێ‌و هەردوولا هێزەکانیان بکێشنەوە سەر سنووری دەوڵەتان ·

ئەمەش لەو بەیاننامەیەدا هاتووە کە سەرەکی ئەم مانگەی ئەنجوومەنەکە ئۆلیج ترویانۆفسکی نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت کەدوای راوێژکردنێکی تایبەتی ئەنجومەنەکە دوێنێ کردویەتی بڕیاری لەسەرداوەو ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە !

ئەنجومەنی ئاسایش راوێژکردنێکی نیمچە رەسمی ئەمڕۆ کرد کە رێکەوتی ٢١ فەبرایەری ساڵی ١٩٨٣ بوو بۆ لێدوانی گەرم‌بوونی ئەو ناکۆکی‌یەی کە لەنێوان عیراق‌و ئێراندا روویدا ئەندامانی ئەنجوومەنەکە نارەحەتی تەواوی خۆیان سەبارەت بە مەترسیداری هەڵوێستی نێوان عیراق‌و ئێران نیشاندا بەرامبەر کە کارەکە وادەکا ئاشتی‌و ئاسایشی دەوڵەتان تووشی مەترسی ببن · لەگەڵ ئەمەشدا دووبارە نارەحەتی خۆیانیان دەربارەی جێبەجێ نەکردنی بڕیاری ژمارە ٤٧٩/١٩٨٠و ٥١٤/١٩٨٢و ٥٢٢/١٩٨٢ دەبری ·

دیسان ئەندامانی ئەنجوومەنەکە سوورن لەسەر بانگەوازی خۆیان کە دەبێ هەموو لایەنی پەیوەندیدار بە پێی ئەوە بەڕێوەبچێ‌و دەستبەرداری نەبێ کە باوەڕنامەکە لەرووی چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان خۆیاندا بەرێگەیەکی

بروانە ل : ٧

عەرەفات : عیراق هێزەکانی لەبەرخاتری
شۆڕشی فەلەستین لەئێران کێشایەوە

بەرێز یاسر عرفات سەرەکی لیژنەی راپەراندنی رێکخراوی رزگاری خوازی فەلەستین داوای کرد بەوەستاندنی خێرایی شەڕی نێوان عیراق‌و ئێران بە تایبەتی دوای ئەوەی عیراق هێزەکانی لە خاکی ئێران کێشایەوە بۆسەر سنووری دەوڵەتی ·

عەرەفات لەبەردەم سەرکردە فەلەستینیەکاندا رای گەیاند کە عیراق بە ئارەزووی خۆی‌و لەبەر لێکدانەوەی ئەو بارەی نەتەوەی عەرەب‌و بەتایبەت شۆڕشی فەلەستینی پیا دەرۆشبت هێزەکانی کێشایەوە کە ئەو کاتە بوو بەیروت گەمارۆ درابوو ·

عەرەفات دەوری تایبەتی رێکخراوی رزگاری‌و هەردوو لیژنەی بێلایەن‌و تەقەللای ئیسلامی روونکردەوە بۆ وەستاندنی شەڕ ·

رێکخراوە فەلەستینیەکان پرۆژەی بەرزی
فاس پەسەند دەکەن‌و بە پرۆژەکەی ریگن
نارازین

جەزائیر · هانی الحسن ی راوێژکەری سەرۆکی کومیتەی راپەراندنی رێکخراوەی ئازادکەری فەلەستین یاسر عرفات بڵاوی‌کردەوە کە وا رێکخراوە فەلەستینییەکان پرۆژەی بەرزی فاس بە پرۆژەیەکی فەلەستینی دەزانن‌و پەسەندی دەکەن و لەمەولا لەسەر ئەوە دەجووڵێنەوە کە کارێکی وا بکەن ئەمەریکا بەمە رازی بێ بەڵام پرۆژەکەی ریگانیان ناوێ ·

لە بارەی هەڕەشـەی هەندێ رێکخراوەی فەلەستینی‌یەوە بە دەرچوون لە ئەنجومەنی نیشتمانی وتی هەڕەشەکان راستەقینە نین‌و هەموو لایە سوورن لەسەر پاراستنی یەکێتی ریزو وتیشی دەتوانرێ کومیتەی تازەی راپەراندن فراوان‌بکرێ ئەگەر بەرەی ئازادکەری فەلەستین بهێنرێتە کومیتەکەوە ·

هانی الحسن ئەوەی بە درۆخستەوە کە وا یاسر عرفات داوای ئەوەی کردوە دەسەڵاتی زیاتری بدرێتێ‌و

بروانە ل : ٧

هێزە ئەبەردەکانمان دەستی مەردانەی
زیاتر لە دوژمنی نەفام دەوەشێنن

هێزە دلێرەکانی سوپای عێراقی ئازا ، بەردەوامە لە ئاراستەکردنی لێدانـی توند لە بنکەو مۆڵگاکانی دوژمنی چاوچنۆك‌و پاراستنی سنووری سەربەرزی وڵاتە خۆشەویستەکەمان‌و لە ماوەی هەفتەی رابووردودا هەموو جموجوڵێکی هێزەکانی رژێمی ئێرانی دوژمن لە نزیك سنوور روی دابێ بە لێدانی توند سەری کوتراوەتەوە ·

بەپێی ئەو بەیاننامانەی هەفتەیە چەند جاری تۆپ بارانی بنکە مەدەنیەکانی شارەکانی سەرسنوور بەسرەو خانەقین‌و مەندەلی کردوە دوای ئەوە لە هەموو بەرەکاندا هێزە ترسنۆکەکانیان لە بەردەم هێزە دلێرەکانماندا هەڵدێن پەنادەبەنە بەر ئەو کارو کردەوە نامەردانیە ·

کە لە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە، لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا دەرچوون زیانی سەروو مالی زۆر لە دوژمنی دراوە ·

لە بەیاننامەی ژمارە (١٠٠٤)دا راگەیەنرا کە کەرتێکی دەریایمان نیشانەیەکی دەریایی دوژمنی ئاگر باران کردو راستەوخۆ نیشانەی پێکاوە · هەروەها فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیمان چەندان هەمەسی سەرکەوتویان بردۆتە سەر بنکەو مۆڵگاکانی دوژمن‌و راستەوخۆ پێکاوین‌و زیانی زۆری لێداون ·

لە بەیاننامەی ژمارە (١٠٠٦)دا راگەیەنراوە کە لە هاتنە دەستێکی مەردانەی هێزەکانماندا بە رووی هێزەکانی دوژمندا لە کەرتی میسان ، زیانی دوژمن ١٣٧ کوژراو بووە، بێجگە لەو زیانەی لە چەك‌و جبەخانەی دوژمن دراوە ·

هەر وەك دوژمنی ترسنۆك‌و نەفام فێرە بە کردەوەی نامەردانە ، تۆپەکانی دوژمن ئەم

رووداوەکانی رۆژانی رابووردو

● دوو بومەلەرزەی بەهێز لە بەشی رۆژئاوای یونانی داوە بەڵام ، ئەو دەنگ‌و باسانەی گەیشتون دەڵێ زیانی دیاری نەداوە ·

● نێردراوی تایبەتی سەرەکی فەرەنسا مێتران گەیشتۆتە شاری صنعا بۆ گەیاندنی نامەیەك بە سەرەك علی عبداللە صالح سەرەکی کۆماری عەرەبی یەمەن ·

● چاوەڕوان دەکرێ رێگای ئاسمانی نێوان قاهیرەو جەزائیر لە رۆژی هەینی دادەست پێ‌بکاتەوەو هەر هەفتەیەك دووکەش لەو رێگایەدا بکرێ ·

● لە مۆسکۆوە راگەیەنراکە مانگی ئاداری داهاتو ماشیلی سەرەکی مۆزمبیق دەچێتە سەردانی یەکیتی سوفیەت ·

● کلۆد شیسۆنی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا وتی گفتوگوکانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت گونجانی بیروڕای ئابووری‌و پتەوکردنی ئاشتی لای هەردوو لا دووپات کردوە ·

● وڵاتانی بەرەی روو بە رووی ئەفەریقا داوایان کردوە کە هێزەکانی رژێمی خوارووی ئەفەریقا لە ئەنگولا دەرچن ·

● لە شاری ژاوی سەرووی توکیوی پایتەختی ژاپۆن ئاگربەر بۆتە میوانخانەیەك کە زیانی دیاری بە میوانخانەکە گەیاندوە ·

لە ئێران

پیاوێکی گەورەی ئاینی رادەگاوەنێ :

لە سەدا ٩٠ی پیاوە ئاینی یەکان دژی رژێمی خومەینین

پاریس : ئایەتوڵڵا جلال جوندجای ئەوەی دووبارەکردەوە کە لە سەدا ٩٠ی پیاوە ئایینی‌یەکانی ئێران دژی ڕژێمی خومەینین ·

ئەم پیاوە ئایینی‌یە کە چەند هەفتە لەمەوبەر لە ئێران ڕایکرد لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسانا کە لە پاریس گرتی وتی ناتوانین دوژمنایەتی پیاوە ئایینی‌یەکانی ئێران بەرامبەر خومەینی [illegible] مزگەوتەکان‌و یارمەتی پێشکەش‌کردن بۆ رێکخراوی موجاهیدینی خەلق ·

هەروەها ئایەتوڵڵا جوندجای وتی « هۆی دووری خومەینی لەگەڵ‌و پیاوە ئایینی‌یەکان لە [illegible] دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەسەڵاتە زۆردارانەیەی کە [illegible] مزگەوتەکان‌و ئەو سەرکوتکردنەی کە بەرامبەر ئەو پیاوە ئایینیانە بەکاری دێنێ کە حەزیان لە ڕژێمەکەی نیە

هەروەها هێرشی بردەسەر ئیعدام‌کردنی پیاوی ئایینی‌و مناڵان‌و بەندکردنی خەڵکی‌تر و ئەشکەنجەدانیان لە بەندیخانەکانا لەلایەن ڕژێمی خومەینی‌یەوەو ئەو بۆگەنی‌یە کە لەناو ڕژێمی تاراندا بڵاوبوەتەوە ·

ئایەتوڵڵا جوندجای وتی « ناکۆکی پیاوە ئایینی‌یەکان لەگەڵ فەرمانڕەواکانی ئێراندا بە شتێکی کاریگەر دادەنرێ »و ئەوەی دووپات‌کردەوە کە تەنیا بیست‌کەس لەناو هەزارەها پیاوی ئایینیدا خۆیان پاڵاوتبوو بۆ هەڵبژاردنی (کۆمەڵی پسپۆڕان) بۆ چارەی جێ‌نشینی خومەینی ·

ئایەتوڵڵا جوندجای بە یەکێك لەوانە دەژمێررێ کە چوون بەگژ ڕژێمی بەمەرجووی شاداو لەبەر ئەمە چوارساڵ‌و نیو لە نێوان ١٩٧٢ تا ١٩٧٧ دا لە بەندیخانەدابوو و کە لە بەندیخانەیش دەرچوو چووە پاڵ خەباتی نهێنی‌یەوە دژی حوکمرانی شایانە ·

قوتابیانی کوردستان

بەڵێنی وەفاداری بۆ سەرکردەو نیشتمان و شۆڕش پێشکەش دەکەن

یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی پارێزگای سلێمانی بەڵگەنامەیەکی بەخوێن نووسراویان بۆ سەرەکی فەرماندە صدام حسین بەرزکردەوەو تیایا بە ناوی جەماوەری قوتابیانی پارێزگاوە بەڵێنیان تازەکردەوە کە سەربازی بەوەفایی سەرکردایەتی حزب و شۆڕش بن و چەک هەڵگرن بۆ شەڕکردن لەگەڵ دەستەی چەپەڵی خومەینی تەلەکەبازدا •

هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی ئەمینداری نهێنی نووسینگای ڕێکخراوەی ناوچەی ژووروو لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا لە کاتی وەرگرتنی بەڵگەنامەکەدا کە هاوڕێیان ئەمینداری نهێنی و ئەندامانی سەرکردایەتی شوعبەی حزب لە سلێمانی ئامادەی بوون ئەوەی دووبارە کردەوە کە پێویستە یەکێتی و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان هەوڵ و کۆششی خۆیان دووقات بکەنەوە لەم قۆناغەدا کە وڵاتە تێکۆشەرەکەمان لە جەنگی ڕەوادایە دژی هێزەکانی ڕژێمی جانەوەری ئێران •

لەو چاوپێکەوتنەدا کە لەگەڵ ئەندامانی لقی یەکێتیدا کردی وتی ئەو سەرکەوتنە گەورانەی کە هێزە چەکدارە ئازاکانمان لە کەرتی میساندا وەدەستیان هێنا پتەوی و هێزی سوپاو گەلی عێراقمان دەردەخەن و کۆبوونەوەیان پیشان دەدەن بە دەور سەرکردایەتییە مێژوویییە بێهاوتاکەی تێکۆشەر سەرەکی فەرماندە صدام حسین داو ستایشی هەڵوێستی ئازایانەی ڕۆڵەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و ئامادەیی یانی کرد بۆ بەرگری کردن لە خاك و سەربەرزی نیشتمان •

قوتابیانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی

بەبۆنەی دامەزراندنی یەکێتییەکەیانەوە

ئاهەنگ دەگێڕن

جەماوەری قوتابیانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئاهەنگیان بەبۆنەی یادی سێهەمی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عێراقەوە گێڕا •

ئەم جەماوەرانە لەو کۆبوونەوەو ئاهەنگ و چالاکییە ڕەنگاوڕەنگانەدا کە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکیان گرتەوە ستایشی سەرکەوتنە گەورەکانی سەربازەکانی سەرکردەی بێهاوتا صدام حسین یان کرد لە جەنگی سەربەرزی و شەرافەتمەندی و داستانی پاڵەوانیی ناوچەی شیب لە کەرتی میساندا •

هەر لەم چوارچێوەیەدا سەرەك و ئەندامانی سکرتاریەی یەکێتی لە پارێزگا ناوبراوەکانا بەڕێزان کاربەدەستە ئیدارییەکان و هاوڕێ حزبییەکان و نوێنەرانی یەکێتی و ڕێکخراوە پیشەییەکانیان پێشوازکرد کە بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایییان پێشکەش کرد •

نووسینگای سکرتاریەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەم بۆنەیەوە پۆستەرێکی دەرکرد کە کۆبوونەوەی جەماوەری قوتابیانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەردەخا بە دەور سەرکردایەتییە بێهاوتاکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین دا و ئامادەیییان بۆ بەشداری کردنی تەواو لە بەرەنگاربوونی دەستدرێژی ڕژێمی ئێراندا •

هەروەها لقی یەکێتی لە پارێزگای سلێمانی کۆڕێکی فراوانی لە هۆڵی یانەی مامۆستایانی سەرەتاییدا ڕێکخست بۆ باسکردنی بارودۆخی ئێستای تێکۆشان و دەوری قوتابیان تیایا •

هاوڕێ ئەمینداری نهێنی سەرکردایەتی شوعبەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە سلێمانی لەم گۆڕەدا قسەی کرد و پیرۆزبایی لە جەماوەری قوتابیان کرد بەم بۆنەیەوە کە ڕێکەوتی، ئەو سەرکەوتنە گەورانەیە کە دەستی هێزە ئازاکانمان کەوتووە لە خایەنەکانی نەتەوە وەك ئەسەدو قەزافی و وتنی دووربینی و ئازایەتی

داستانی شیبدا •

ئەنجا باسی مەبەستی ڕژێمی ئێرانی کرد لە بەردەوامبوونی شەڕیا دژی وڵاتمان و پیلانی هێزە ئیمپریالی و زایۆنییەکان و

سەرکردایەتییەکەمان کە بریتییە لە سەرەکی بەڕێز صدام حسین و هێز و پتەوی جەماوەری گەلمان و ئامادەبوونی هەمیشەیی یان بۆ بەخشندەیی و قوربانیدان زامنی تێکشکاندنی هەموو جۆرە پیلانێکەو دەستدرێژیکەران دەبەزێنێ •

سەرۆکی لقی یەکێتیش وتارێکی دا و تیایا ستایشی ئەو چاودێرییە هەمیشەییەی کرد کە سەرکردایەتی حزب و شۆڕش دەیدا بە قوتابیان بۆ ئەوەی دەوری خۆیان ببینن لە بنیاتنانی نیشتمان و دەستخستنی گۆڕانکاری لە هەموو دەرەتانەکانی ژیاندا

لیژنەیەکی باڵا بۆ سەرپەرشتی ئاهەنگەکانی ئادار و نەورۆز

لە سەرکردایەتی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا لیژنەیەکی باڵا دانرا بۆ سەرپەرشتی کردنی ئاهەنگەکانی ناوچە بەبۆنەی یادی نۆهەمی دەرچوونی یاسای ئۆتۆنۆمی و جەژنەکانی نەورۆزەوە •

ئەم لیژنەیە کە بە سەرۆکایەتی بەڕێز جمال حاجی شریف سەرەکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمییە، بەڕێزان ئەمینداری گشتی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و لاوان و هاوڕێ ئەمینداری نهێنی شوعبەی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست و ئەمینداری نهێنی ئەنجومەنی یاسادانان و هەندێ کاربەدەستی ناوچەکە ئەندامن تیایا •

هەروەها سەرکردایەتی ئەنجومەن بڕیاری دامەزراندنی چەند لقە لیژنەی دا لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا بە سەرۆکایەتی بەڕێزان پارێزەران و ئەندامێتی هاوڕێیان ئەمیندارانی شوعبەکانی حزب و نوێنەرانی ئەو دایەرانەی پێوەندییان هەیە و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ئەم پارێزگایانە بۆ ئامادەکردنی پێویستییەکانی گێڕانی ئاهەنگەکان •

سەرەکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن ئەوەی ڕوون کردەوە کە لیژنە باڵاکە ئەم هەفتەیە یەکەم کۆبوونەوەی دەنا بۆ ئەوەی هێڵە گشتییەکانی ئاهەنگێڕانی ناوچەکە دیاری بکا بەم بۆنەیەوە بە جۆرێکی وا ئەو ئەم چالاکییانەی کە بەم بۆنەیەوە دەکرێن ببەسترێن بەو ئەنجامانەوە کە جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆز و سەرکەوتنەکانی سەربازەکانی سەرکردەی فەرماندە

بڕوانە ل : ٧

گەورەترین سەرکەوتن لە شەڕی میساندا

● فؤاد حسين احمد ●

وادیارە خومەینی و تاقمەگەوجەکەی یان نایانەوێ دان بەڕاستیدا بنێن یان خەون دەبینن و خۆیان کەڕکردووە نایانەوێ کەس بێداریان بکاتەوە • • • یان لە گەورەکانیان دەپاڕێنەوەو داوای مۆڵەت دەکەن چونکە پەیمانیان بەزایۆنیزم و ئەمەریکاو قەزافی و ئەسەد داوە کە خاکی عێراق داگیر بکەن و چەند دەوڵەتێکی تری ناوچەکە بخەنەژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە • • • گەر وانەبێ ئایا خومەینی چاوی بە سوپاکەی نەکەوتووە کە وا بۆ سێ ساڵە لە عل کەچی و دۆڕان و ڕووڕەش زیاتر چییان بەچی کردووە ئایا شەڕی قورسی ڕۆژهەڵاتی بەسرەو میسان و مەندەلییان لەیادچوو • • • ئایا سوپای پاڵەوانی عێراق پێنج شاری گەورەی ئێرانی داگیرنەکرد ئایا بە سەدەها کیلۆمەتری چوارگۆشە نەکەوتە دەستی هێزی عێراقەوە • • • گەر واش نەبێت جا لەبەر چی هێرشەکەی دووبارە کردەوەو هەر لە کەرتی میسانیشدا • • •

باشە ئەم جارە بەیەکجاری لوتیان شکا • • • چونکە زیانی ئەم جارەیان لە ڕادەبەدەر بوو سەرکەوتنی سوپای دلێری عێراقیش دیسان لە ڕادەبەدەر بوو • • • بەڕاستی ئاڵەتی شەڕی سوپای ئێران بەتەواوەتی لەم شەڕەدا تێکشکێنرا • • • ژمارەیەکی زۆر کەم توانییان ڕابکەن و دەنگوباسی ڕاستەقینەی شەڕ لە شارەکانی ئێراندا بڵاوبکەنەوە • • •

هەر دوای شکانەکەیان ڕەفسەنجانی گفتوگۆیەکی لەئێزگەدا کردووەو وا پیشانداوە گوایە هێرشیان نەبردۆتە سەر سوپای عێراق بە نیازی داگیرکردنی بەڵکو ئەمە جۆرە ئەزمون و ڕێگایەکە بۆ هەڵسان بەهێرش • • دیسان هەروەك جاری جاران دانی بەزیان و کوشتارو بەدیل گیراوەکانیاندا نەناوەو هەر باسیشیان نەکردووە • • کەچی ئێزگەو ئاژانس و ڕۆژنامەکانی سەرانسەری جیهان باسی سەرکەوتنی نایابی سوپای عێراقییان کردووە، دوای ئەمەش بەڕۆژێك خومەینی درۆزن لە یەکێ لەمزگەوتەکاندا باسی شەڕەکەی کردووەو لە ئێزگەکەیاندا بڵاوکرایەوە • • خومەینی ئەم جارە زۆر گریاوەو فرمێسکی زۆری ڕشتوە • • و ووتویەتی :

ئێمە واتە ڕژێمەکەی • • کەس یارمەتیمان نادات • کەس هەواڵمان ناپرسێت و گوێ لە قسەمان ناگرێت • • ئێمە • • قسە • هەنەرێ خومەینییە • « موستەزعەفینین » • • دەوڵەتانی جیهان یارمەتی عێراق ئەدەن لایەنگری عێراق ، هەر بە دەم گریانەوە دووبارە کردەوە • • موستەزعەفین • • •

خومەینی ناتوانێت نەشەڕ ڕاوەستێنێت و نەشس دەتوانێت سوپاکەی خۆی بەرەو ناوەوەی وڵات ڕابکێشێت • • ئەمەش دەتوانێت وەڵامی ڕاستەقینە بداتە هەواڵەکانی (زایۆنیزم و قەزافی و ئەسەد) چونکە هەتا ئێستا ژمارەیەکی ئێجگار گەورە لە سوپاکەی تەفروتوناکران و خۆیشی بە ناهومێدی دەست لەسەر دڵە • • •

باشە ئیتر چۆن دەتوانێت درێژە بەشەڕ بدات هەواڵەکانیشی لێی ناهومێد بوون • • •

ڕاستی خومەینیشی بۆ گەلی ئێران و گەلانی جیهانیش دەرکەوت • •

مەگەر تەنها چارەیەکی هەبێت و بەس • • !

ئەویش ئەوەیە خومەینی خۆی و تاقمە بۆگەنەکەی ئێران بەجێ بهێڵن و ڕوو بکەنە وڵاتێکی تر بەڵام دوور بێت لەناوچەکە • • • چونکە ئەوەی ڕیسوا بکرێت ناتوانێت سەیری خەڵکی بکات • • !

شیعر بۆ ١١ی ئادارو ئۆتۆنۆمی

دەستەی ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن لە پارێزگای هەولێر نیازی وایە بە بۆنەی بیرەوەری ١١ی ئادارو یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانەوە میهرەجانێکی شیعری ساز بکات و داوای لە شاعیران کردوە بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە تا ٢٥-٣-١٩٨٣ بەرهەمەکانیان بنێرن :

- ڕێگا دەدرێ یەکێك بە یەڵایان دوو شیعر بەشداری بکات •

- ناوەڕۆکەکەی دەربارەی ئۆتۆنۆمی و ڕاسپاردەکانی سەرکردایەتی سیاسی بێ بۆ چەسپاندنی ئەم تاقی کردنەوەیە و قوڵکردنەوەی وەك دەستکەوتێکی گەورەی شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمووزی پیرۆز یان هەر شیعرێ پەیوەندی بە جەنگی ڕەوامانەوە هەبێ دژی دوژمنایەتی ناپەسەندی ئێران •

- پاداشت بە سێ شاعیری یەکەمی میهرەجان دەدرێ •

- لە ڕووی زمانەوە ، ڕێگا هەیە بە زمانی گشتی یان ئەدەبی بەشداری بکرێ •

- ناوی بەشداران بنێردرێ بۆ بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر - سکرتاریەتی دەستە •

یحی محمد رشید
سەرەکی دەستە پارێزگاری هەولێر

هێرشەکەیان گۆڕکراو سەرکەوتن بۆ عێراق نووسرا

● مكرم رشيد تاڵەبانی ●

● وا دیارە دەسەڵات بە دەستە ڕەگەزپەرستو کینە لە سکەکانی قوم و تاران ، لە سەرووی هەمووشیانەوە جادووبازە گەورەکەیان خومەینیی ناپەسەند ، هێشتاکە ، کە بۆ سێ ساڵ دەچێت ، پەندیان لەو لێدانە پۆڵایینییە وەرنەگرتووە ، کە ڕۆڵەکانی گەلی عێراق ، لە بەرەکانی جەنگی ماف و ڕەوادا ، لە هێزە شڕۆڵەکانیان دەیدەن و ئاراستەی کەللە ڕەق و پووچەڵەکانیان دەکەنو ، هەواڵەی دۆزەخیان دەکەن ، وا دەردەکەوێت هەر بە نەزانی و بێمێشکی خۆیان دەمێننەوەو ، خەون بە خەونە ڕەشە نابەجێکانی خۆیانەوە دەبینن و ، بیر ناکەنەوەو سوود لە پەندەکانی جەنگەکانی پێشوو وەرناگرن ، بۆیە لە شەوی شەش لە سەر حەوتی ئەم مانگەدا ، لە کەرتی میسان ، هێرشیان هێنایە سەر ناوچەی شیب ، ئەوەبوو پاڵەوانە نەبەردو دلێرەکانی سوپا قارەمانەکەمان ، لە ڕۆڵەکانی گەلی مەزنی عێراقمان . خۆیان بۆ ئامادەکردبوون و بە ئاگری کوشندە وەڵامیان دانەوەو ، هێرشەکەیان هەر لە سەرەتاوە سەرنگوم کرد ، هەروەلا بەڕێز سەرەکی فەرمانەدە صدام حسین بۆ ئاژانسی دەنگوباسی عێراق دووپاتی کردەوە کە (هێرشەکەیان بەرەودووی ڕوودەدات)

، ئەوەبوو قسەکەی بەڕێزی هاتەدی و ئەو هێرشە بە مردوویی سەری هەڵداو گۆڕ بە گۆڕ کرا ، ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە عێراقی مەزن ، بە دەستی پۆڵایین وەڵامی هەوڵە نارەواو دڕندەیییەکانی دەست و تاقمی خومەینی جادووباز دەداتەوە ، کە نایەوێت دان بە ڕاستیدا بنێتو کەمێك بیر بکاتەوەو ، سوود لە پەندەکانی رابوردوو وەربگرێت ، لە پاش هەموو ئەوەی کە ئەو زیانە گەورەیەی سەرو ماڵییەی لێکەوت ، لەم جەنگی ناوچەی شیبدا ، دێتو بە ئێزگە شڕەکەی تاران دەڵێت کە گوایە چوار هەزار کەس بەشداریی ئەم هێرشەیان کردووەو زیانیان زۆر کەم بووە ، بەڵام حەوت هەزار کەس لە ناوچەی شیبدا لە یەکەمین ڕۆژی جەنگەکەدا کوژراون و بە دەستی سەربازە دلێرەکانی عێراق سەدەها کەسی تر بەدیل گیراون ، کەچی ئەو جادووبازە دەیەوێت بە درۆو دەلەسەکانی زیانەکانی سوپایانی ئێرانی کەم بکاتەوەو بەم قسەیە پووچەڵەی تووڕەیی گەلانی ئێران کەم بکاتەوە ، کە بە تەواوەتی ڕقیان لێی هەستاوەو ، دەزانن کە ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهانی دوتوویانە بە لایەنی کەمەوە سەد هەزار کەس لەم هێرشەی ئەم دواییەی شیبدا بەشدارییان کردووە ، کە ئەوەی کوژراوە کوژراوەو ئەوەیشی برینداربووە بریندارەوەو ئەوەیشی هەڵاتووە بۆی دەرچووەو ، ئەوەیشی دەستگیر کراوە دەستگیر کراوەو . لە مەرگ ڕزگاری بووەو لە لایەن سەربازەکانی عێراقی مەزنەوە هێنراوەتە پاشەوەی بەرەی جەنگ •

لەگەڵ ئەم هەموو ڕاستییانەشدا ، ئەوا تاقمە خوێنمژو گێل و گەوجەکانی قوم و تاران نایانەوێت ئەدان بە یەك ڕاستیدا بنێن و گوێ بز دەنگی ئاشتی شل بکەن ، بەڵکو هەمیشە مێشکی خۆیان بە ئامۆژگارییە پووچەڵەکانی ئاغاکانیان پڕکردووەو هەر بەرەو هەڵدێر مل دەنێن ، کەچی ئەوەندەت زانی بۆکسی پۆڵایینی سەربازە دلێرەکانی عێراق سەری پژاندن و هەزارەهای لێ ڕەوانەی دۆزەخ کردن و هەزارەهای تریان لێ بەدیل گرتن ، بەڵگەیش ئەوەیە ، کە ئەو هێزەی دوژمن کە لە شەوی نۆ لەسەر دەی ئەم مانگەدا ، دوای شکستی هێرشەکانی پێشووی دوژمن ، لە هەمان ناوچەی شیبەوە هێرشیان هێنابوو ، سوپا مەزنەکەمان لەو کەرتەدا ، پاش چەند سەعاتێك لە دەستپێکردنی هێرشەکەوە ، توانیی ئابلۆقەی هێزەکەی دوژمن بدات و ، سەعات نۆی سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنج شەممە ، پاش ئەوەی ڕێگای ئازووقەو خواردنی لێ برین ، بە تەواوەتی بە خۆیان و ئامێرەکانیان و تەقەمەنییەکانیاوە خۆیشیان بە دەستی سەربازەکانی سوپاکەمانەوە داو ئاڵای سپییان هەڵکرد ، کە زیاتر لە هەزار سەربازی هەڵخەڵەتێنراو بوون جگە چەندین تانك و زرێپۆش و نەفەربەرو ئوتومبیلی هەمەجەشنە و چەك و تەقەمەنی •

دەسا با ئیتر خومەینیی جادووباز ، خۆی نوقمی قوڕو لیتە بکات و بچێتە خەڵوەتەوەو درۆو دەلەسەکەی بۆ گەلانی ئێران دەرکەوت ، کە گوایە چوار هەزار کەس لەم هێرشەدا بەشداربوون ، کەچی تا ئێستا بەتەنیا لەم هێرشەدا زیاتر لە دوازدە هەزار کەسیان هەر کوژراوە ، بێجگە لە بەدیل گیراوو بریندار ، کە ئەوانەیش زۆر زۆرن !

بۆیە دەبێت خومەینیی جادووبازو ، دەست و تاقمەکانی دەسەڵات لە تاران و قومدا ، کەمێك بیر بکەنەوەو بۆ ئەقڵ و مەنتیق بگەڕێنەوە ، نەختێك بیر لە بەرژەوەندیی گەلە چەوساوەو ڕەش و ڕووتەو هەژارەکانی ئێران بکەنەوە ، کەمێك هۆشیان

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

نامەیەکی کراوەلە
بەڕێز سەرۆك صدام حسینەوە
بۆگەلانو سوپای ئێران

بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

پێش شەڕو لە کاتی شەڕدا لە ڕێگای دیپلۆماسیو نادیپلۆماسیەوە نامەی کراوەمان ئاراستەی کاربەدەستانی ئێران دەکردو تیایانا داوامان دەکرد لێیان خۆیان تووشی دەستدرێژی نەکەنو مل کەچ نەکەن بۆ ئارەزووی بەدی دەروونو، نەخشەو بەرژەوەندیەکانی بێگانە کە بەرەو دەستدرێژیکردنە سەر عیراق پاڵی پێوە دەنانو ، دوا نامەی کراوەمان ئەو وتەیە بوو کە ئاژانسی دەنگوباسی عیراق لە جیاتیمان پێش هێرشە سەرنەکەوتووەکەی ئەم دواییە بۆ سەر خاکمان بڵاوی کردەوەو بەخشی کردو لە هەموو ئەو هەوڵانەدا لە باوەڕی سەرەکیمانەوە داوای وازهێنانمان دووبارە کردەوە لە دەستدرێژیکردنو ڕێی ئاشتی گرتنەبەر بۆ وەستاندنی خوێنڕشتنو قووڵنەکردنەوەی برین تاوەکو بە شێوەیەکی خراپ کارنەکاتە پێوەندی نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێ نەك هەر ئێستەو بەس بەڵکو لە پاشەڕۆژیشدا بێ ئەوەی سەیری هیچ شتێك بکەین یا گوێ بدەینە ئەو تاڵیو ناخۆشیەی کە ڕەفتاری دەستدرێژیکەرانەی ڕژێمی ئێران بەرامبەر وڵاتەکەمان بەجێی هێشتوە ، ئەڵێین بە هەموو شێوەیە هەوڵی ئەوەمان دا مەترسی ئەم ڕەوشتە دەستدرێژیکەرانەیە دەسنیشان بکەینو بانگ بکەین بۆ ئاشتی .

دوو دوڵەتی دراوسێ

لە بنەڕەتی ئەوەوە کە هەست بە بەرپرسیاری دەکەین و بە ڕاستی هۆ جوغرافیایی‌و هۆیەکانی تر تێدەگەین ، کە ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە عیراقو ئێران دوو دەوڵەتی دراوسێنو هیچ یەکێکیان ناتوانێ ئەم ڕاستیە بخاتە پشت گوێ نە ئیستەو نە لە دواڕۆژداو عیراق توانای ئەوەی نیە جێیەکی تر بۆ خۆی بدۆزێتەوەو بار بکا بۆ شوێنێك کە لەم ڕاستیە جوغرافیاییە دوورمان بخاتەوە ، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە سەرنەکەوتنو هۆی ئەم سەرنەکەوتنەیش لەو سەبرکردنە دوژمنانەو دواکەوتووەی ڕژێمەکەتان و ئەو نیازە چەپەڵەی هەندێ لە ڕەگەزەکانیەوەیەتی کە یا لە بنەوە یا ڕاستەوخۆ کەوتوونەتە ژێر دەستەڵاتی بێگانە ، تا بەم جۆرە بارە ترازیدیەکەی ئەم دواییەی هێرشە دوژمنانەکەی ئێران بۆ سەر وڵاتمان ڕوویدا ، کە هەزاران ئێرانی تیا بوون بە قوربانی بێ ئەنجامێ کە گەلی ئێران هیچ قازانجێکی دەستکەوێ تیایا بۆ ئیستەی یا دواڕۆژی ، ئەڵێین پاش ئەوەی هەموو هەوڵو تەقەلاکانمان لەگەڵ کاربەدەستەکانتانا بێسوود بوو ، بە ئەرکی سەرشانی خۆمانمان زانی کە لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردنو لەبەر هۆی تر ئەم نامەیەتان ئاراستە بکەینو بڵێین، داوا لە هەموو ئێرانیەك دەکەین بێ ئەوەی گوێ بدەینە جێگاکەی ڕقی لێمان بێ یا ڕقی لە ڕژێمەکمان بێ یاخود وا نەبێ کە پرسیارێکی ئاشکرا لە خۆی بکا لەبەرچی بەردەوامە لە شەڕێکی وادا کە ئێران لە شکانو وێرانی زیاتر هیچی دەسگیرنەبوە .

سەردەمی وڵاتداگیرکردن بەسەرچووە

ئێمە دڵنیاین لەوەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوور لە هاشەو هوشەیی کاربەدەستانو درۆو دەلەسەیان دەتانگەیەنێتە ئەنجامێکی ماقووڵ کە وا سوپای ئێرانو گەلی ئێران هیچ قازانجێکیان لەم شەڕەدا نیە کە کاربەدەستەکانتان دەیانەوێ لەسەرەڕۆییە چەپەڵەکانی بەردەوام بن .

بەڕێزان .. ڕەنگە کاربەدەستانی ئێران پێتان بڵێنو ، لە ڕاستیشدا پێش شەڕو لە کاتیا پێیان وتوون ، کە وا ئێران دەوڵەتێکی ئیسلامیەو ئازادکردنی عیراق بە ئەرکی خۆی دەزانێ بۆ ئەوەی بیکا بە دەوڵەتێکی ئیسلامی وەك خۆی لێرەدا دەمانەوێ بە ئەقڵێکی کراوەوە لە بارەی ئەم وتەیەوە گفتوگۆبکەینو دەڵێین :-

سەردەمی وڵاتی خەڵك داگیرکردن پاشکەزبوەتەوە ئەگەر بەسەرنەچووبێو ، ڕای گشتی ئیستای جیهان بە قسەو بە ڕەفتار دژی فراوانبوونی هەموو دەوڵەتێکە لە سەر حیسابی دەوڵەتانی تر بۆ گۆڕینی خەریتەی سیاسی دەوڵەتان ، هەتاوەکو فراوانبوونی ئەو دەوڵەتە گەورانەیش کە تواناو کاری زۆر گەورەتریان لەوەی ئێران هەیە ئیستە لە ژێر پەردەی تایبەتیدا دەبێو بەو شێوەیە نابێ کە کاربەدەستانی ئێران ئاشکرای دەکەن ، لەگەڵ ئەوەیشدا مەودای سەرکەوتنیان لەم چەرخەدا تەسك دەبێتەوەو ئەوەی ئەم ڕێگایە بگرێتەبەر بە شێوەیەکی فراوان گەلانی جیهان دژی ڕادەوەستن بە جۆرێکی وا دەکەوێتە تەنگوچەڵەمەیەکی واوە بە کشانەوەی تەواو نەبێ ڕزگاری نابێ لێی .

گەلێکی مەزن لە عیراقدا هەیە

ئەگەر باری ئەو دەوڵەتە گەورانە ئەمە بێ کە باوەڕیان بە فراوانبوون هەیە ئەبێ چۆن چاوەڕێی ئەوە بکەین کە ئێران بتوانێ بیهێنێتەدی هەرچەندە توانای زۆر لە توانای دەوڵەتە گەورەکان کەمترە ؟ ئەگەر ئەفامە کاربەدەستەکانتان پێتانیان وت گەلانی ئێران توانییان شای لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە پارمەتیدراو بڕووخێنن لەبەر ئەوە ئەم گەلانە بە شێوەیەکی باشتر دەتوانن عیراق لە خاکی خۆیان بشکێنن ، لەمەرتانە ، بێ ئەوەی گوێ بدەینە نیاز ، پێیان بڵێین شای ئێران کاربەدەستی ئێران بوو و ، گەلانی ئێران لەبەر هۆی زانراو شۆڕشیان دژی کردو ، ئەم ئەنجامو شێوەیە دەستنادا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی حوکمدار لە عیراقدا یا بۆ ڕامالینی خاکی عیراق چونکە لە عیراقدا گەلێکی مەزنو سوپایەکی مەزن هەیەو پێوەندیەکی نیشتمانیو دەروونیان لەگەڵ خاکو مێژوو و سەرکردایەتیدا هەیەو ، ئەگەر هەندێ کەس بە خەیاڵ لای وابێ لە ڕابووردوودا ئەمە ڕەنگبوو بکرێ ، تاقیکردنەوەکانی سێ ساڵی شەڕو بە تایبەتی هەولی تێپەڕبوونی سنوورمان لە شەرەکانی ڕۆژهەلاتی بەسرەو ڕۆژهەلاتی مەندەلیو ڕۆژهەلاتی میساناو بە دوا شەڕەکانی ڕۆژهەلاتی میسانەوە دەبێ ڕاستیەیان خستبێتە جێگای ماقوولو ڕێكو پێکی خۆی .

گەلەکەمان ناهێلی
بە چاوێکی سووك سەیری بکرێ

ڕەنگە کاربەدەستەکانتان پێتان بڵێن ڕژێمەکەمان دوورە لە گەلەوە لەبەر ئەوە دەستدرێژیەکەیان بۆ سەر عیراقو تەماعیان تیایا ئاسانە ، بێ ئەوەی گوێ بدەنە هیچ شتێ یا ئێرانیەکان لە خۆیان بپرسن ئەگەر هەموو شت وەك ئەوە بوایە کە کاربەدەستەکانیان دەڵێن بۆچی ڕژێمەکمان نەڕووخا هەرچەندە ئەمە سێ ساڵە شەڕ هەر بەردەوامە ؟

دوای ئەمەیش ئەوە کێیە کە سێ ساڵە بەرامبەر دەستدرێژی شەڕ دەکا ؟ ئایا ئەوەی کە شەڕدەکا گەلی عیراقو سوپای عیراق نین ، ئەگەر گەلی عیراقو سوپای عیراق ڕازی نەبوونایە بە ڕژێمەکەیان هەڵوێستیان ئەو هەڵوێستە نەدەبوو کە زۆرتان لە گۆڕەپانەکانی شەڕدا لە سێ ساڵدا هەستتان پێکردوە ، ئەنجا با بڵێین پێوەندی نێوان ڕژێمەکەمانو گەلمان وەك ڕاستیەکەی قووڵو نایاب نیە ، کاربەدەستەکانتان لە کێوە فەرمانی ئەوەیان هێناوە کە مافی گۆڕانی باری سیاسی دەوڵەتێکی دراوسێیان بداتێ کە لە دەستوورەکەیا نووسراوە « ئیسلام ئاینی وڵاتە »و بە تەواوی کرۆکی ئیسلامو عەدالەت جێبەجێ دەکا لە ژیانیا ، ئەگەر گەلی عیراقی ناڕازیش بێ لە ڕژێمەکەی بەوە ڕازی نابێ کە سووك بکرێ بەو بیانووەی ئێران هەڵسێ لە جیاتی ئەو لە ڕژێمەکەی ڕزگاری کا ، چونکە ئەم گەلە بە درێژایی مێژوو زۆری لە ناوچەکەدا فێری ڕازینەبوون بە زۆرداریو سەرشۆڕکردن کردوەو هەموو کاتێکیش توانای ئەوەی هەبە شۆڕش دژی هەموو ڕژێمێك بکا کە نەیەوێ ، ئەمەیشی لە مێژووی تازەدا کردوە بیست ساڵ پێش ئەوەی کاربەدەستە تازەکانی ئێران کار بگرنە دەست ؟

کووتاڵێکی بێ ڕەواج

کەواتە بۆچی دەستەڵات بەدەستانی ئێران سوورن لەسەر هەوڵدانی سەر بێشۆڕکردنی گەلی عیراقو ڕشتنی خوێنی ئێرانیەکان .. وەڵامدانەوەی ئەمە بۆ ئێوە دەهێڵینەوەو لەو باوەڕەداین کە خێرویستە هۆشیارەکان لە ڕیزی ئێرانیەکاندا پتر دەبن ئەوانەی کە وەڵامێکی ئاشکرای ئەم پرسیارەیان لەلایە ...

باشان چی کووتاڵێکە دەستەڵات بەدەستانی ئێران دەیانەوێت بۆ عیراقو بۆ ناوچەکەی بنێرن .. ئایا هەمان ئەو کوتاڵە نیە کە دەستەڵات بەدەستانی ئێران ئیستا پیشانی دەدەنو پێی مامەڵە لەگەڵ گەلانی ئێراندا دەکەن لە چاك ترین باریدا ئایا ئەو کووتاڵە بێ ڕەواجە نیە کە ئێرانی وێران کردو بەندیخانەکانی لە ڕۆڵەکانی ئێران پڕە لەوانەی کە دەورێکی چاکیان هەبوو لە ڕووخاندنی ڕژێمی شادا ، ئایا ئەو لەو کووتاڵە باشترە کە نەتەوەکانی لە ئێراندا خستە بارودۆخێکی جەنگاویی کارەساتاویەوە ، ئایا لەو کووتاڵە باشترە کە پیاوە ئاینیەکانو داناکانو لاسایی کەرەوەکان لە ئێراندا ڕەتیان کردەوە ؟ .

وەسفەیەکی دەستدرێژیکەرانی دواکەوتوو

ئەگەرهاتوو شتەکە وابوو چۆن هەر کێیەك بوو بێتو چەندیش دانابێت بۆ ئەوە بچێت کە ئەوەی بەشێکی گرنگی ڕۆڵەکانی ئێرانو ڕۆشنبیرەکانیان ڕەتیدەکەنەوە لە تواناداپە ڕۆڵەکانی عیراقو گەلانی ناوچەکە پێی ڕازی بن لە ڕێگای ناردنی ئەم کووتاڵە بێڕەواجەوە بە چەكو بەداگیرکردن ؟ .

ئیسلام دوا ئاینی ئاسمانیەو محمد پێغەمبەری کەریم (د.خ) دوا پێغەمبەرو نێرراوەکانە ، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە پەراوێزی ئیجتیهاد بۆ باوەڕدارەکانە لە بەرەنگاربوونەوەی ژیانو مامەڵە ـ کردن لەگەڵیداو سەرکردایەتی کردنیدا زیادی کردووە لەوەی لە پێش سەرهەڵدانی ئیسلامەتیدا بووە ، ئەگەر شتەکە بەم جۆرە بووبێت کە خۆی وایە بەتەواوەتی ئیتر چۆن دەستەڵاتدارەکانی ئێران ئینکاری ئەوە دەکەن گەلانی ناوچەکەو گەلی عیراق ڕێگای تایبەتیی بەخۆیانەوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژیاندا هەڵبژێرنو ، بۆچی سوورن لەسەر ناردنی وەسفەیەکی دەستدرێژی کەرانەی دواکەوتووانە بۆمان لە هەمان کاتدا کە ئەم وەسفەیە لە چوارچێوەیەکی فراواندا لە لایەن چەندین لایەنی فیداکارو تێکۆشەرەوە لە ناوخۆی ئێراندا ڕەتدەکرێتەوە تا ڕادەی چەكهەڵگرتن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ؟

● ئێران زیانێکی زۆری لێدەکەوێت ●

بەڕێزان ڕژێمەکەتان بۆ جەنگ پاڵپێوە نراوەو بۆ درێژە پێدانی پاڵپێوەنراوە بەم جۆرە بوو هەموو هەولە دەوڵەتیەکانی ڕەتکردەوەو ڕەتدەکاتەوە لەوانەیش هەوڵەکانی دەوڵەتە موسوڵمانەکان بۆ ڕاگرتنی جەنگو ڕێزگرتنی هەر لایەك لەلایەن ئەو لاکەی ترەوە بەوەی کە مافی خۆی لە ژیانو هەڵبژاردنی ڕێگای خۆیو پاراستنی ئاسایشو دەستەڵاتی خۆی هەبێتو ئەو وای لێهاتوە بڕوای بەشی کردنەوەی هەندێك دەزگاو لایەن هێناوە کە ڕاگرتنی جەنگ وا لە ڕژێمی ئێران دەکات نەتوانێت وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە لە بارودۆخی ناوخۆداو نەتوانێت چارەسەری سەرکەوتوو بۆ تەنگو چەڵەمەکانی ئێران دابنێت ، وا دیارە ڕژێمی ئێران ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ گەلانی ئێراندا بکات لە چوارچێوەی گیروگرفتەوە نەبێت ، بەڵام ئێمە بە تەواوەتی دڵنیاین کە درێژە پێدانی جەنگ لە لایەن ڕژێمەوە وای لێدەکات دەیگەیەنێتە بارێکی کارەساتاوی کە وای بۆ دەچێت کە ئەو بە هۆی جەنگەوە دەتوانێت خۆیی لێ لابداتو ئێران زیانێکی زۆرتری لێدەکەوێت سەرباری ئەوەی لێیکەوتووە ... ڕاگرتنی جەنگ ناهێڵێت خوێنی ڕۆڵەکانی ئێران بڕژێتو هەلی بنیاتنان بۆ ئێران دەهێڵێتەوەو وا لە ئێران دەکات بتوانێت ، سامانە بەفیڕۆدراوەکەی بە هۆی جەنگو درێژەپێدانیەوە ، بپارێزێت ، ملیۆنەها لە ڕۆڵە دەربەدەرەکانی ئێران ئەوانەی سەرچاوەیەکی خۆراکیان نیە ئیستا ئەوا درێژەپێدانی جەنگ تەنگوچەڵەمەکەیان چارەسەرناکات ...

● بە پێچەوانەی بڕواوە دەجووڵێنەوە ●

تەنگوچەڵەمەکانتان تەنیا بە ئاشتی چارەسەردەکرێتو ، جگە لەمە ئەوا ڕێگای کلۆڵیو تێداچوون دەبێت ، ئێوە بەڕێزان لە ملکەچ کردنتاندا بۆ فەرمانەکانی دەستەڵات بە دەستەکانتان بە پێچەوانەی بڕوای ئیسلامەتیەوە دەجوولێنەوە چونکە ئێوە نەك هەر هێرش دەبەنە سەر دەوڵەتێکی دراوسێ کە پێغەمبەری کەریم (د . خ) ئامۆژگاریی پێچەوانەی ئەو شتەی کردووە کاتێك دوتوریەتی دراوسێکەت ، دراوسێکەت ئەنجا براکەت ، بەڵکو هێرش دەبەنە خاکی شتە پیرۆزەکان کە مەرقەدی ئیمام عەلیو گەورەمانو باپیرمان حسین خوایان لێ ڕازی بێتو پیاوچاکە خۆشەویستەکان لە باوباپیرەکانمانی تێدایەو ، ئەم خاکە تەنیا عیراقیەکان بەرگریی لێناکەنو گیانی لە پێناودا بەخت ناکەن ، بەڵکو نەریتەکانی ئاسمانی بەرگریی لێدەکەنو خوای گەورە سوبحانە تعالا لەگەڵ هەقدایە دژ بە ناهەقو دژ بە دەستدرێژی کەرانەو لەگەڵ ئەوەدایە دەستدرێژیی لێدەکرێتو خوا پیرۆزبایی لەوانە دەکات کە بەرگری لە خاکی پیرۆز دەکەن نەك ئەوانەی بە داگیرکردنو دەستدرێژیکردن هەڵمەتی بۆ دەبەن .

● هەستکردنێکی بەرز بە لێپرسراویتی ●

دەستەڵات بەدەستەکانتان خەیاڵیان خاوەو بانگ ڕاهێشتنی ئێمەیان بۆ ئاشتی بەو چەشنە لێكداوەتەوە گوایە لە بێهێزیەوە هاتووەو کەوتوونەتە هەڵەیەکی گەورەوە .. ئێمە وەك وتمان لە هەستکردنێکی بەرزەوە بە لێپرسراوێتی بەرابەر بە گەلانی جیهان هەموو و بەرابەر بە گەلی مەزنی عیراق هەنگاو دەنێینو ، لەبەر ئەوەیە ئێمە ئاشتیمان دەوێتو ، ئێمە تێدەگەین کە درێژەکێشانی جەنگ زامەکان قووڵتر دەکاتەوەو زامە کۆنەکانیش قووڵتر دەبن بە چەشنێك بە زیانی گەورەتر لە پەیوەندیەکانی نێوان گەلانی ئێرانو گەلی عیراقدا ڕەنگ بداتەوەو ، ئێمە لەمەوەیە داوای ڕاگرتنی جەنگ دەکەین نەك لە ئیعتبارێکی ترەوە کە دەستەڵات بە دەستەکانی ئێرانی خستووەتە خەیاڵ بڵاویەوەو ئیستابش هەر دەیانخاتە بیرکردنەوەو ڕەفتاری بێمێشکانەوە ، ئێمەو گەلی عیراق لە هەمان کاتدا کە تێیدا لە بیرکردنەوەو لە ڕەفتار کردندا وا دەردەکەوین کە لە بۆنو بەرامەی گوڵ ناسك ترین لە هەمان کاتدا ئەوەندە سەختین وەك چۆن لەوەوپێش شانازی بە سەختیی (ذو الفقار)ی شمشێرەکەی باپیرمان ئیمام عەلیە (سلاوی خوای لێبێت) دەکرا ، تا لە ڕادەی ئەوەدا .

بەم چەشنە چاوچنۆکیی خومەینیو دەستەو تاقمەکەی هیچ شتێکی بۆ نانووسرێت بێ ئومێدیو زیان لێکەوتن نەبێت خاکی نەجەفو کەربەلایش لە جێپێی داگیرکاران دوور دەبێتو خاکی عیراق بە بڵندیو پتەویو پاکی دەمێنێتەوەو ، ئێمە لەم نامەیەدا تەنیا ویستمان لە پایەی لێپرسراوێتیەوە ئایەنێکی گرنگی ڕاستیەکان بۆ گەلی ئێرانو سوپای ئێران ڕوون بکەینەوە بۆ ئەوەی بەشداری بکەین هەروەك لەمەوپێش کردوومانە بۆ ڕاگرتنی خوێنڕشتنو ڕاگرتنی وێرانکاریو خاپووری ، لەبەر ئەوەیە هیوادارین هەمووان لەم ڕاستیانە بگەنو خۆ لە کارێکی سەرەڕۆیی تر لە کەرتی میسان یان هەر کەرتێکی ترو لە هەمان شوێنی شیبەوە یان لە شوێنەکانی ترەوە دوور بخەنەوە ، چونکە ئەو چارەنووسەی چاوەڕێی داگیرکەرە فراوانکەریەکان دەکات لەو چارەنووسە سەختترو تاڵتر دەبێت کە هەزارەها ئێرانی بوون بە قوربانی بۆی ئەوانەی بە بڕیاری دەستەڵات بە دەستەکانیان پاڵیان پێوەنرابوو ئەوانەی کە ڕادەی کەمی بە تەنگەوە هاتنی گەلەکانیان لە لا نیە ئیتر سەلاو لەوەی ئاشتیی دەوێتو باوەڕی پێیەتیو خوا گەورەیەو خوایش لە مەبەست ئاگادارە .

صدام حسین
لە پازدەی شوباتی ١٩٨٣دا

Institut kurde de Paris

ڕاپۆرتی ساڵانەی

ئەمینداریتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ لە ناوچەی کوردستاندا و بەرهەمی زیاتر و پلانی تازە

نووسینگەی هەولێر

لەسەرەتای ئەم ساڵدا ،وەك جارەکانی تر ئەمینداریتی گشتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ لەناوچەی کوردستاندا ،راپۆرتی ساڵانەی خۆی پێش کەش بە ئەنجومەنی راپەراندنی ناوچەی کوردستان کرد بە نیازی خستنەرووی لە دەورەی نوێ ئەنجومەنی یاسادانان ٠ ٠٠چووینە بارەگای ئەمینداریتی ناوبراو لەم رووەوە بەڕێز جمیل صبری ئەمینداری گشتی قسەی بۆ رۆژنامەکەمان کردو وتی :-

مەسەلەی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە ساڵانەیە شتێکی یاسایی‌یە بە گوێرەی ئەنجومەنی راپەراندن ، چونکە ئەمانەتەکەمان ٠ ٠٠ زیاتر لایەنی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە ئەستۆدایەو لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا لقوپۆپی لێ بۆتەوە ٠٠٠ ٠

سەرەڕای بارودۆخی جەنگی ڕەوامان دژی رژێمی ئێرانی کۆنەپەرست ، بەڵام کارکردن هەر نەوەستا رێژەی دروێنەکردن و چاندنی گەنم و جۆ و برنج و گەنمەشامی و بەرهەمە رووەکی‌یەکانی تر رێژەی نەهاتە خوارەوەو بە پێچەدانەوە زیاتربوو ٠٠٠٠ دڵسۆزی کارگەران ئەوەی سەلماند کە نابێت بارودۆخی جەنگی کار لە بەرهەم هێنانە خوارەوەمان بکات ، ئەوەتا زۆربەی زۆریان سەعاتی زیاتر کاردەکەن بەبێ هیچ بەرامبەرێك لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیمان ٠٠٠٠

لە سەردانەکانمدا بەناو پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی پارێزگاکانی ناوچەی کوردستان ئەوەم بۆ روون‌دەبێتەوە دیارە بەخشش هەیە بۆ ئەوەی بتوانین کشتوکاڵ بکەینە نەوتێکی هەمیشەیی بۆ پشتگیری کردنی جەنگی پیرۆزمان بە سەرکردایەتی سەرەکی فەرماندە هەڤاڵ صدام حسین ٠٠٠

دەربارەی ئەو پلانەی کە ئەمساڵ دامانناوە بۆ ئیش‌و کارەکانمان لە هەموو لقە کشتوکاڵی‌یەکان ، وا چاوەڕوان دەکرێت کە ساڵی ١٩٨٣ ببێت بە ساڵی زێڕینی کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا ٠

پسپۆران‌و ئەندازیاران لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا دووپاتی ئەوەیان کردۆتەوە کە بەرهەمی ئەمساڵمان زیاتر دەبێ بە پێی ئەو نەخشەی بۆ کشتوکاڵی زستانەو هاوینە داماننناوە ٠٠

وەك لە راپۆرتەکەشدا خوێندتانەوە ئەمینداریتی - یەکەمان هەمیشە یارمەتی جوتیارانی داوەو کۆڕی جۆراوجۆری بۆ رێکخستوون دەربارەی چۆنیەتی چاندن‌و دروێنەکردن لەسەر بناغەیەکی زانستیانە بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا بەرێك‌وپێکی ئەو بەرهەمەی کە دەیانەوێ بیهێننە بەرهەم ٠

ئافرەتی کورد... بۆ سەربەرزی زیاتری عیراق تێدەکۆشێ

ناظم دلبەند

نووسینگەی هەولێر

لەم رۆژانەدا دەستکرا بە بەستنی کۆنگرە ناوخۆیی‌یەکانی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق ، بۆ خۆئامادەکردن‌و بەشداری کردن لە کۆنگرەی گشتی کە لە بەغدادا دەگیرێت ، لە پارێزگاکانی ناوچەی کوردستانیش هەمان کاروکردمەوە بەردەوامە ٠

لەم رۆژانەدا هۆبەی مەرکەز لە یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێر کۆنگرەی ناوخۆی خۆی بەست بە چاودێری بەرێز « رسول اسعد شێتنە » قایمقامی مەرکەز کە هەڤاڵ عبدالمنعم بادی نوێنەری سەرکردایەتی هۆبەی هەولێری پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی‌و بەرێز خاتو پەیمان خالص سەرەکی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لە ناوچەی کوردستان‌و ژمارەیەکی زۆر لە لێپرسراوان‌و خوشکان

ئامادەی ئەم کۆنگرەیە ببوون لە سەرەتادا خوشکە « جمیله ابراهیم » سەرەکی کۆنگرەکە وتارێکی خوێندەوەو تیایدا وتی :-

ئافرەتی کورد باوەڕی تەواوی بە پاراستن‌و خۆشەویستی ئەم نیشتمانە هەیەو وەك دەستە خوشکنی عەرەبی لە تێکۆشاندایە دژی هەموو دەستدرێژی‌یەك بۆ سەر وڵاتی خۆشەویستمان ٠ ٠ ٠ سەرکردایەتی سیاسی حزب‌و شۆڕش لە سەروی هەموویانەوە سەرەکی فەرماندە هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین درێغی نەکردووە لە بەرەوپێشەوە بردنی رەوڕەوەی مێژووی سەرفرازی ئافرەتانمان‌و هەموو توانایەکی بێ‌برانەوە تەرخان‌کراوە بۆ ئەم مەبەستە ٠ ٠٠

ئەمرۆش ئێمە کە کۆنگرەی خۆمان دەبەستین بێ‌گومان دەمانەوێ کە خەباتی ئافرەتی کورد بەردەوام بێ‌و لە توانای خۆی نەکەوێت لە پێناوی هوشیارکردنەوەی ئافرەتانمان بەشداری تەواومان لە جەنگی پیرۆزمان دژی رژێمی بەکرێ‌گیراوی خومەینی چڵکاوخۆر ٠٠٠

● ئینجا بەرێز قایمقامی مەرکەز وتارێکی پێشکەش کردو تیایدا وتی :-

شۆڕش‌و سەرکردایەتی- یەکەی دووپاتی ئەوەیان کردۆتەوە کە دەوری ئافرەتانمان لە بیناکردنی کۆمەڵگای ئەمرۆمان دەورێکی شەرەف مەندانەیە ، چونکە ئەو ئافرەتانە ئەو دایکانەن کە کوڕەکانیان گۆش کردووە بۆ پارێزگاری کردنی کە کوڕەکانیان گۆش کردووە بۆ پارێزگاری کردنی ئەم وڵاتە کە ئەمرۆ رژێمی ئیرانی بەکرێ‌گیراوی چاوی تەماعکاری تی‌بڕیوە ٠ ٠

● ئینجا دەستکرا بە هەڵبژاردنی دەستەی تازەی هۆبەی مەرکەز لە یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێر ٠٠٠

لە کۆتایی کۆنگرەکەدا بروسکەیەك بۆ سەرەکی فەرماندە هەڤاڵ صدام حسین نێردرا تیایدا رێزو پشتگیری ئافرەتانی کوردی‌یان دووپات کردەوە بۆ سەرکردایەتی سیاسی‌و دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە ببنە سەربازێکی بەوەفا بۆ بەشداری کردن لە جەنگی پیرۆزمان شان بەشانی سەربازە ئازاکانمان٠

چالاکیت کۆمەلا هەڤکاریێ یا بەکاربرنا لدهوکێ

ئەڤ کومەلا کو سالا (١٩٧٦) هاتیە دامەزراندن ، ئێکە ژ بازارێن پر چالاکی و بزاڤن لبازارگەها دهوکێ ، ککارەکێ بیایەخە د بارێ ئابوری دا ٠٠٠

ژ بەر هندێ مە دیست پێتڤی یە سەرەکێ لێ بدەین و بنێرینە کارو بارێت وێ و گوهـ بدەینە ئاخافتنا سەروکێ وێ سەیدا (صبری-شکری سعید) ی ئەگەر رێکێ بدەتە مە ٠٠٠! چونکو هەتا نهە ئەڤ کومەلە یا بێ پێژنە لبەر چاڤێن گەلەکا ، ئەڤجا ژ بەر دا هەر کەسێ بڤێت سوودێ ژێ وەرگریت لدویف پویتەیی و پەیوەندا وی دگەلدا ٠٠٠

پ١ / ماموستا ٠٠٠ مە یێ زانی کومەلا هەوە کارەکێ بێ گومان یێ هەی لدهوکێ ڤێجا مە دڤێت بزانین کانێ جا نەو تشت و ئەوباروبنەبێت هوین تێکەلیێ د گەلدا دکەن چنە ؟

ج١ / ئەم بازرگانیێ بهەمی باروبنە یا دا دکەین و تێکەلیێ دگەل هەمی دەزگا و کومپانیا دا دکەین نەخاسمە دەزگایێن تایێ هەڤبشکی وەک فروشگا دهوکێ (المجمع التسویقی)٠٠ و کومپانیا عراقی یا بازرگانیێ ، کومپانیا گشتی یا باروبنەییت خوارنێ ، و ٠٠ هتد ٠٠٠٠

ئو ئەو تشتێن ئەم پتر پویتەیێ د دەینێ دڤی وەختی دا و تێکەلیێ دگەل دکەین ٠٠٠ !

هێکن ، مریشکن ، گوشتە، هەر تشتەکێ - دی یێ خوارنێ بیتن ، جلکێت ژنا و بچویکا - نە ، ژبلی ئامیرێت کەهروبائی ٠٠٠

پ٢ / ئەرێ باشە تێکەلیا هەوە یانکو هەڤبەندا هەوە دگەل وا دەزگا و کومپانیا برێزا پەیوەندا وانە دگەل ئاژانس و بازرگانێن دی ترن ؟

ج٢ / براستی هەڤبەندا دگەل وانا لسەر ئاستەکێ باشە و جهێ شانازیا مە یە هەر دەم ئەم سەر ئاژانس و بازرگانێن دی دکەتینە ، هەروەک و ئاگاهداریا وان هاتیە کرن ژ لایێ مەلبەندی ڤە ، نە خاسمە ژ بەرێز جێگرێ سەرەکێ وەزیراڤە٠٠ ئو دێ بۆ نمونە بۆ تە بێژم : دەزگەها گشتی یا باروبنەییت کشتوکالیێ (٣٠٪) ژ بەر هەمێ خۆ بۆ مە فرێدکەت ، ڤێجا لەوا هەردەم بازارا مەیا گەرمە ٠

پ٣ / چێ دبیت ئەم بزانین یان نە ، کانێ هژمارا ئەندامێت هەوە چەندن ؟ ئو مەرجێن ئەندامەتیێ چنە ؟

ج٣ / هژمارا ئەنداما هەتا نهە یا گەهشتی - یە (١١٠٠) هزار و سەدا ، ئو هەر ئێکێ ببیتە ئەندام دڤێت (٥) پێنج دینارا بدەت کە گەرەوا ئەندامەتیێ یە ، ئو دینارەکا - دی کە بەرکەفتە د کومەلێ دا ٠ هەلبەت بەرکەفتێ وان بۆ سەر دکەڤیت و ئەم لسەر وانا بەلاڤ دکەین بدرستی ٠ هەلبەت ژی ئەڤ بەلاڤکرنا هەنێ ژی لدویف کریارا ئەندامی یە بۆ تشتێ مە ٠

پ٤ / ئەرێ ئەندامەتی بۆ فەرمانبەرا بتنێ یە یان ژی بۆ هەمی کەسایە ؟

ج٤ / نەخێر ٠٠٠ ئەندامەتی بۆ هەمی کەسایە، چ فەرمانبەر بیت ٠٠٠ چ پالە بیت ٠٠٠ چ بێ کار بیت ٠٠ ، ئەگەر کاری لدەزگایەکێ حکومی بکەت دڤێت نامەیەکا باوەریێ بینیت ژ وێدەرێ ، ئەگەر ژی لچها شول نەکەت نامەیەکێ ژ موختاری بینیت، هنگی ئەم دێ وی کەینە ئەندام بشانازیڤە ٠٠٠ ٠ ئەڤە ژ لایەکی ڤە ٠ ٠ ژ لایەکێ دیڤە دەربارا فروتنا لایەکێ دیڤە دەربارا مزوتنا تشتی ، هەلبەت ئەندامی بەراهی یا هەی بۆ کرینا هەر تشتەکێ بڤێت و هەبیت ژ بلی هندەك تشتا و بارو بنەییت مشە ، کو ئەم دشێین بفروشینە هەر کەسەکی ٠

پ٥ / چێدبیت نە پسیار ژی ببیت بەلێ یا ئەز دێ بێژم ٠ ٠ ٠ ئەزێ دبینم جهێ هەوە گەلەکێ بەر تەنگاڤە و نەیێ لێکدایە ٠٠٠ ئایا ئەگەر چیە ؟

ج٥ / راستی تو راست دبێژی ٠٠٠٠ بەلێ یا ئەم ژی هندی بێژی د تەنگاڤین ٠٠٠ بەلێ نێزیکە دێ ڤێ چەندێ چارە سەر کەین ، ئو نهە مە (٢٠٠و٣) سێ هزار و دوو سەد دینار یێ د تەرخان کرین بۆ چێکرنا پێشانگەها دناڤ ئاڤاهی دا و ها یێ تێدا شول دکەن ٠٠٠

چونکو ئارمانجا مە نە ئەوە هەر پارا سەر بێخین بەلکو پتر خلمەتا هاو نیشتیمانیا بکەین و هە دەم ژ کارێ مە درازی بت ، ئو ئەم هیڤی دارین هەر کەسەکێ کێماتیێ ژ براڤێت مە ببینیت گازندێت خۆ فمەرا بگەهینیت ٠٠٠ هەر دەم ئەم د ئامادەنە بۆ خزمەتا وی ٠

رمضان عیسی

نووسینگەی دهوك

چالاکی قوتابیان

عبدالوهاب تالەبانی

نووسینگەی هەولێر

● کاتێ کە قوتابییان ئاهەنگی خۆشی دەگێڕن ، تام‌و چێژێکی تایبەتی دەدەنێ ٠٠ تام‌و چێژی خوێن‌گەرمی‌و چوستی‌و چالاکی‌و لاوێتی، ئاهەنگەکەی قوتابیانی کۆلێجی کارگێڕیش کە بەبۆنەی رۆژی سوپای دلێرەوە گێڕایان ، هەمان تام‌و چێژو رەنگی دەدایەوە ٠

● لە سەرەتای ئەم مانگەدا سەعات ـ٤ی پاش نیوەڕۆ زیاتر لە هەزار قوتابی کۆلێجی کارگێڕی‌و کۆلێجەکانی دیکەی زانکۆی صلاح الدین لە هۆڵی رۆشنبیری جەماوەر کۆبوونەوەو لە یادی دامەزراندنی سوپای دلێری عیراقدا جوانترین ئاهەنگیان گێڕا ٠٠٠

لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا تیپی پێشڕەوان سروودی نیشتمانیان پێشکەش کرد ، ئینجا هەموو ئامادەبووان دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهیدان راوەستان ٠ ٠ ئینجا مامۆستا دکتۆر محمد صادق شمە وتاری عەمادەی کۆلێجی خوێندەوەو دوای ئەو قوتابی ضاری نایف ، وتاری لیژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی خوێندەوە ٠٠

● ئینجا ئاهەنگی موسیقا دەستی پێ‌کرد ٠٠ پێشەکی تیپی رۆژئاوایی چەند گۆرانی‌یەکی کوردی‌و عەرەبی‌و لە پاشدا لە ئامادەکردن‌و دەرهێنانی قوتابی فەرهاد حمید عثمان شانۆگەری (دایەرەی تاپۆ) پێشکەش - کرا ٠٠ لە دوایدا کاروخ حەمە سعیدو چەند گۆرانی بێژێکی تر چەند گۆرانی‌یەکی کوردی‌و عەرەبیان وت ٠٠٠

● لەگەڵ گۆرانی‌یە کوردیەکاندا قوتابیانی کوڕو کچ ئەڵقەی رەشبەڵەکیان بەست‌و ڤیستەڤالیکیان بۆ بریقەو تریقەی رەنگاورەنگ پێشکەش‌کرد ٠٠

● تیپی گۆرانی تورکمانی سەرنجی خەڵکەکەیان راکێشاو چەند گۆرانیەکی فۆلکلۆری تورکمانی خۆشیان پێشکەش‌کرد ٠٠٠

ئەم ئاهەنگە کەرنەڤالیك بوو ، بو ئاوازو مۆسیقاو برایەتی‌و یەکێتی نیشتمانی ٠

ڕایا

ستەمی خومەینی تاکەی هەر بەردەوامە؟

نوسینی ا٠ن- دلسوز

هەمومان ئەزانین کە وابۆسێ‌ساڵ‌ئەڕوات شەڕ لەنێوانی دوو وڵاتی هاوسێ‌و هاودینا هەربەردەوامە ، بێ‌گومان لای‌هەموو مرۆڤێکی‌ژیر ڕووناکە ئەگەر ڕژێمی مەلای‌عەجەمان لەئێراندا دانەمەزراێی ، هەرگیزشەڕێک ڕووی‌نەئەدا ، بۆچی ؟ چونکی ئەبێ دوو وڵاتی چەوساوەی دەستی داگیرکەران کە تازە خۆیان لەدەستی داگیرکەر دامالی بێت وەخواخوایان بێت کەدەستوبرد بکەنو خۆیان بخەبێنە کاروانی وڵاتانی پێشکەوتو بۆخۆیان دوچاری براکوژی‌و ماڵ‌وێرانی بکەن ، بەڵام هەروەکو ئەڵێ ، «بەدەستێک چەپڵە لێ نادرێت » مەلای ئارانوقوم چاویان سوور بوبو وەکوتبون بەتەمای ئەوەی چۆن سوکوناسان بۆیان‌کراوە ئەملهۆزێکی وەکو شای ئێران «خوس بدەن » وەبیرنی بەچۆکان ، هەرواش تێی‌کەونە وڵاتانی ناوچەکە یەک لەشوێنی‌یەک بێرنە سەرباوەڕی خۆیان جابەمبۆنەوە مەلای عەجەم چاوی‌سورکردبو وەدەستی کردە پێ‌ڕاکێشان وەدەس‌خستنە ناوکاروباری عێراقەوە ، عێراقیش دیارە وەکو وڵاتێکی خاوەن باوەڕو‌ئامانج کەحزبێکی خاوەن ڕابوردو وەکوڕێکی فەرماندەری گرنگ ئەیباتەڕێگاوە نەی ئەهێشت گەلووڵاتی عێراق زەبون بکرێتو بڕواتە ژێر ڕکێفی مەلای عەجەمەوە ، جا کۆڕی بەڕێوەبەرایەتی عیراق ناپۆی‌کرا لەڕێبازی هۆشو بیرەوە لە ڕێڕەوی ئاوەرەوە لەگەڵ بێ‌ئاوەزانی چاوسورا کەوتەکایەوە ، چی کەڵکی‌نەبو وەنەمانە تانەهات زیاتر پێ‌یان ڕائەکێشا زۆرتر ئەکەوتنە تەمای هەڵمەقوت‌کردنی عیراقەوە ، جا گەلی‌عیراقیش بە بەڕێوە بەرایەتی ڕۆڵەی‌ئازایەوە جەنابی صەددام حسین کەونەگیانیان وەتێی‌گەیاندن کە بێ‌دەنگی‌عیراق هی زەبونی بێ‌دەسەڵاتی نیە بەڵکو هی‌پیاوەتیو ژیریو لێزانینە وئامۆژگاریێکی باشی‌کردن ، وەوای‌لێ‌کردن کەتا مەلای‌عەجەمە ئیتر « پێ لەبەڕەی‌خۆی زیاتر ڕانەکێشی » ٠

بەڵام هەروەکو بۆمان دەرکەوت مەبەستی دەوڵەتی عێراق هەرئەوەبو کەشەڕی ئەم تازە پێ‌گەیشتوانە لەسەرخاکی عێراق دوور بخاتەوەو تێیان‌گەیێنێ کەهەموکەسێ شای ئێران‌نیە ، وەهەروەها گەلی هەروڵاتێ خۆی ئەگەر بەپێویستی‌بزانێ خۆی ئەبێ لەچارەنوسی‌خۆیا خۆی تێ‌گەیێنێت نەک گەلانی‌تر ٠

بەڵام عیراق مەبەستی هەر ژیرکردنو تێ‌گەیاندنی ڕژێمی ئێران‌بو نەک‌ئەوەی تەماێکی بەوئاوخاکە هەبێت ، چونکی ئاوخاکی کەس بەهی‌کەس‌نابێتو هەرکەسەی سنوری مەڵبەندی خۆی ، لێرەدایە کەدوبارە ڕژێمی مەلای‌عەجەم دەوری تازە ئەبینێو عەوام خەڵەتاندیان تازەتر ئەکەنەوە ، هەرلەسەرەتای نەبەزدەوە ، بەڵکوهێمان نەبەرد دەستبەشی‌پێ‌نەکردبو خومەینی موژدەی ئەدا کەجەژن لەبەغدادا نوێژئەکا کەلە کەربەلادا نوێژئەکا ، وەلەوکاتەوە تائێستە بۆئەم‌نوێژکردنە صەدها هەزار لاوی بێچارەی داوەبەکوشتو هەرعاری نابێتەوەو هەر لەخۆهەڵ‌کێشان ناکەوێ ، دیارە هۆی دەس هەڵ‌نەگرتنی ڕژێمی « ئاخوندی » لەشەڕ هۆزۆرە کە لێرەدا ماوەمان نابێت شی‌یان‌کەینەوە ، لەهەموی‌گرنگ‌تر ئەوەتە بڕانەوەی شەڕ ئەبێتە هۆی گەڕانەوەی لەشکرەکان بۆ پایتەخت وەترسی ڕوودانی شورشی‌سوپا لەدژی‌خومەینی ، دووهەم : ئەوەتە خەڵك‌ئەکەوتە ڕەخنەگرتن لەم شەڕە بێ‌سودو بێ‌سەرەنجامە سێ‌هەم : تەواوی ئەوکەموکوڕیانەی کەئێستە ئەکرانە خەتای شەڕ هەموی وەک‌کێوێ لەبەردەمی ڕژێمی‌تازەدا ڕائەوەستێ وەدەها شتی‌تر ، بەڵام لەهەموی‌گرنگ‌تر مەوزوعی فشەوخۆهەڵ‌کێشانی خومەینی وە داروودەستەیەتی کەئەکەونەدرۆوە ، بەتایبەت لە روانگەی ئاینو خورافاتەوە ، بۆچی ؟ چونکی‌ئەمانە خومەینی‌یان کردوەتەخوا ، کردویانەتە ئەوەی کەهەموڕۆژێ بەڵکو هەرکاتێ پێویست‌بێ چاوی‌ئەوێ بە «محمدی مهدی » ئەمانە بەم‌خەڵکە بێچارەیان سەلماندووە کە ئەم‌شەڕە دەستوری خوایە وەسەرکەوتنی خومەینی شتێکی ئاشکرایە وەهەزاران درۆو دەلەسەی‌تری لەم‌چەشنە، جائێستە ئەگەر شەڕ ڕاگرن ، هەم سەبارەت بە (خەیاڵ پڵاوەکانیان) لوترەق‌ئەبن وەئیتر ئەبێ دەس‌بشۆن لە ئەفسانەی (ئیمپراتۆریەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، « کەتافوراتە هی‌ئیسرائیل بێتو

بروانە ل : ٥

Institut Kurde de Paris

ئەنجومەنی گەل‌و داهاتوویەکی نزیک

لە چاوپێکەوتنێکـــی خێرای بەرێز سەرۆکـــی ئەنجومەنی گەل لە پارێزگای سلێمانی کاک فائق طاهر ڕەشیددا سەبارەت بە چەند بڕگەیەکی نەخشەی داهاتووی ئەنجومەنی ناوبراودا وتـــی دەستمان کردوە بە پێـــک هێنانی چەند لیژنەیـــەک‌و دابەش‌کردنی ئیش‌وکـــار بەسەر ئەندامانی ئەنجومەنـــی گەلی پارێزگاکەمـــاندا لەوانەش لایەنی بازرگانی‌و تەندروستی وکشت‌وکاڵی‌و دابەش کردنی تـــەلەفۆن‌وزەویی لەگەڵ لایەنـــی پەروەردەو چارەسەرکردنـــی گیرو گرفتی هاووڵاتیان ٠٠

شایانی باسە ئەم لیژنانەش کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە جەماوەرانەوە هەیـــە هەر چییەک ڕەچاو دەکـــەن بە شێوەیەکی تایبەتی بـــۆ چارە سەرکردنی ئەگەیەنرێتە جێگای خۆی ٠٠

هەروەها لە بڕیـــارو نەخشەکانی داهاتوومـــان سازکردنی کۆڕێکـــی فراوانە لە هەموو مانگێکدا بۆ ئەندامانی ئەنجومەنـــی گەل‌و سەرەکی ئەنجومەن لـــە قەزاکاندا کەتیایدا هەمـــوو سەرەک دائیرەکان لەگـــەڵ ژمارەیەک لە دانیشتوان کـــە ئەوانەیان پەیوەندیان بـــە بابەتی کۆڕەکەوە هەیـــە ئامادەدەبن ٠٠٠ لەمەشـــ گرنگتر بۆ هەریەکێک لـــەم کۆڕانە جێگری چەنـــد وەزیرێک بانگ دەکرێـــت وەک جێگری وەزیـــری بازرگانی‌و پیشەسازی‌و تەندروستی‌و کـــاروباری کۆمەڵایەتی ٠

لەلایەکی تریشـــەوە بەردەوامین لەسەر سازکردنی زەنجیرە کۆڕێک لە قەزاکانی سەر بەپارێزگاکەماندا بـــۆ لێدوان دەربارەی وتارەکـــەی سەرەکی فەرماندە صـــدام حسین لەکاتی چاوپێکەوتنی‌و بەخشینی نۆتەی ئازایەتـــی بەچەند سەربازێکی کـــورد ئەمانەش سەرباری دەســـت پێکردنمان بە چارە سەرکردنی ئەو گیرو گرفتانەی کـــە هاووڵاتیان لەگەڵ هەنـــدێ دائیرەو دام‌و دەزگاکانـــی دەوڵەتدا هەیانـــە وەک قیرتاوکردن‌و ڕاکێشانـــی جادەو ئاو لە هەمان کاتیشدا بانگ کردنی ئەو سەرەک دائرانە بۆ کۆبونەوەکانـــی ڕۆژانی یەک شەممەوان کـــە بەو بابەتانەی ســـەرەوە تایبەتیە بۆ ئەوەی ئـــەوان خۆیان وەڵامی پرسیارو باری سەرنجی ئەو هاووڵاتیانـــە بدەنەوە کە ئامـــادەی کۆبونەوەی ناوبراو دەبن ٠٠ ئەمانەو دابەش کردنـــی برایانی ئەندامانـــی ئەنجومەنەکەمان بەسەر ئەو لیژنانەی کە لـــە پارێزگاکەماندا بە کاروباری گۆشت‌و تەختەو ئاسن ٠٠٠ هتد هەڵدەسن جا لەبەر ئەو خاڵانەی سەرەوە کـــە تواتیومانە لە ڕێگـــای ئەنجومەنی گەلەوە بـــە قوولـــی بچنە ناخـــی دانیشتوانەوە بۆیە پێویستـــە ئەوەش ئاشکرا بکەین کـــە ژمارەیەکی زۆر لە هەمـــوو چینەکانی گەل ئەوانیشـــ ڕوویان کردوەتە ئەنجومەنەکەمان‌و زوربەی زۆریشیان پیاوە ناسراوەکانـــی شاری سلێمانین کە لە پێنـــاوی بەرژەوەندی گشتی‌دا بـــەم کارە هەڵدەسن ٠٠ هەروەهـا لەم بارەیەوە پێویستـــە ئەوەش بڵێین کە لەلایـــەن بەرێز پارێزگاری سلێمانیەوە بایەخێکی گرنگ بەچـــار ســـەرکردنی ئەوکێشانـــە ئەدرێت کە لەرێگـــای ئەنجومەنەوە دەخرێتـــە پێش چاوی ئەمەش سەرباری هاریکاری یەکێتـــی‌و ڕێکخراوەکانی پارێزگامان دەربارەی بە تەنگەوە هاتنی کێشـــەی ڕۆژانەی هاووڵاتیان‌و دۆزینـــەوەی چارە سەرێکی گونجاو بۆیان٠

فریا
نووسینگەی سلێمانی

جوتیاران و ڕەنجی ساڵێک

یەکێتـــی هەرەوەزی جوتیارانی پارێزگای سلێمانی کە بریتین لە چوار تا پێـــنج ئەندامی سەرەکی لەگـــەڵ ٤٦ تا ٥٢ ئەندامی لقەکانـــی یەکێتی هـــەروەها (٥٩٠) ئەندامی دەستەی ئیدارە کە هەر پێنج ئەندامیان بـــەر کۆمەڵەیەکی هەرەوەزیـــان دەکەوێ ئەمەش سەرباری نۆ لقی یەکێتی لەگـــەڵ (١١١٨) کۆمەڵەی هەرەوەزی جوتیاران لەوانە بیست‌و هەشتیان بەر دەزگای شارەزور دەکەوێ کە ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵەـ کانیش ٢٣ هـــەزارو ٩٣٢ کەسن لەگەڵ هـــەزارو ١٢٩ جـــوتیاری ئافـــرەت ٠٠٠ شایانی باسە چالاکی ئـــەم یەکێتیە ناوبراوە لـــە سەرانسەری ســـاڵی ڕابوردوودا لە بواری کـــۆر سازکردندا زیاتر بوە لـــە (٢٤١) کۆڕی جۆربەجۆر کە تایبەتی بوون بـــە باس‌کردن‌و بەسەرکرانەوەی چمکە هێزوویەکانـــی دوژمنکاری ئێرانـــی ڕەگەزپەرست بەرامبەر بـــە نیشتمـــانی عێـــراق‌و هەڵوێستی عێراق لـــەم بارەیەوە چ بەرامبەر بـــە بەرگری‌کردن‌و وەچ بەرامبەر بە ڕاوەستانی شەڕو هـــەر لەم ڕووشەوە هاندانی چینی جوتیاران بۆ هاوبەشی‌کردنی ڕاستەوخۆیان لە بەرەکانـــی جەنگدا سەرباری هـــان دانیـــان بۆ زیادکـــردن‌و چاک‌کردنی بەرهەم لە پێناو باری ئابوری وڵاتەکەماندا ٠ ئەمانەو لە کۆتای کۆڕەکاندا گوێ‌گرتن بۆ تەنگوچەڵەمـــەی جوتیاران‌و هەوڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆیان ٠٠ ٠ هەوەها لە چالاکـــی ئـــەم یەکێتیە بـــۆ پشت‌گیری کردنی شـــەڕی ڕەوامان بە ئەنجام گەیاندنی ژمارەیەکی زۆر لە تطـــوع کردنی جوتیاران کە لـــە قەزای چەمچەماڵدا هـــەزارو ١٧٢ جوتیارو لە کەلار ٢٣٧ کەس‌و لە ڕانیە ٦٢١و لـــە دەربەندیخان‌و پشدەر یەکـــی ٦٢ جوتیار بوە ســـەرباری (٤٨) جوتیاری تر لە نـــاو مەڵبەندی پارێزگادا ٠٠٠٠ لە لایەکی تریشەوە یەکێتیـــی ناوبراو بێگومان لە بـــواری کشت‌وکاڵدا دەورێکـــی سەرەکی بینیوە بـــۆ نمونەڕاژەی زەوی کێـــڵان بۆ گەنم‌و جۆو نیسک‌و باقلە گەیشتوەتە ١٠٠٪ کەهەندێکی کەشیان بریتی بوە لـــە ٨٠٪ ئەمانەش نمونـــەیەک بوون لە جێ‌بەجێ‌کردنـــی نەخشەی زستانـــــەی کشت‌وکاڵی ساڵی ١٩٨١ – ١٩٨٢ بەڵام سەبارەت بـــە – ١٩٨٣ تا ئێستاشـــ تیایدا بەردەوامن ٠ هەروەها لە بـــواری ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندندا ئەم یەکێتی‌یـــە بە ئەرکی سەرشانـــی خۆیان هەستاون‌و توانیویانە ژمارەیەکی ئەوتۆ لـــە ڕۆژنامەی دەنگی جوتیاران دابەش‌بکەن‌و ژمارەیـــەک لەو جوتیارە لێهاتوانـــە هەڵبژێرن بۆ هاوبەش‌کردنیان لەو دەورانەی کە بەشـــی ڕۆشنبیرکردنی جوتیـــاران بۆیانی کردوەتەوە ئەمـــەو هاوبەشی کردنیان لە هەموو جەژن‌و ئاهەنگی نیشتمانیەـ کاندا وەکو چالاکیەکانـــی ڕۆژی جەژنی سوپاو (٨)ی شوبات‌و جەژنەکانی ئازارو گەلاوێژ ٠ هەر لەم ڕووشەوە ئامادەکردنی ژمارەیەکـــی زور لە جوتیاران بۆ هاوبەشی کردنیان لـــەو جەژنو ئاهەنگانەی لە بەسەرمان کردنەوە لە لایەنـــی تریشەوە هاوبەشی‌کردنیان لە سەردانی خێزانـــی شەهیدان‌و بریندارانـــی جەنگی ڕەوامان‌و پێشکەشی‌ـ کردنی دیاری خۆیان لـــە هەموو بیـــرەوەرییەکدا ئەمانەش سەرباری سەردانی نایبەنی سەرباک ئەندامانـــی خۆیان بۆ بەرەکانـــی جەنگ‌و هاوبەشی‌کردنـــی ڕاستەوخۆی خۆیان لـــە شەڕی بەرگری کردنـــی نیشتمانماندا دژی ئێرانـــی ڕەگەزپەرست ٠

Institut Kurde de Paris

لە سەردانێکی بارەگـای یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقـــی سلێمانـــی‌دا وچاوپێکەوتنمان لەگـــەڵ سەرۆک‌و چەند ئەندامێکی‌دا دەربارەی تاووتوێ کردنێکـــی خێرای ئەم چەند مانگـــەی بارودۆخی خوێندن لـــە پارێزگاکەماندا پێشەکـــی کاک هاوڕێ کمال محمـــد سەرۆکی لقی یەکێتـــــی دەربارەی دەورو پەیوەنـدی یەکێتی ناوبراو لە بـــواری خوێندندا وتی یەکێتیمـــان

هەڵسەنگاندنی وەرزی خوێندنی ئەمساڵ لە سلێمانی

هەر لە دەستەی لقیـــەوە تاوەکو کەرتەکان‌و لیژنەکانی ناو قوتابخانەکان هەر لـــە سەرەتای ساڵەوە دەورێکـــی باڵای بینیوە بۆ ئاسان‌کردنی خوێندن‌و چارەسەرکردنـــی ئەو تەنگ‌و چەڵەمانـــەی کـــە دەهاتنە ڕێگا ئەمەش بە چەند ڕێگایەک لەوانە پێـــک‌هێنانی لیژنەیەک بەسـەر

پەرشتی ئەندامانـــی لق‌و سەردانی ناو قوتابخانـــەکان بۆ دەست‌نیشان‌کردنـــی تێکرای پێداویستی‌یەکانـــی وەرزی خوێندن کە ئەمەشـ لە هەمان کاتدا هاریکاریەک بۆ لەگەڵ بەڕێوەبەرێتـــی گشتی پەروەردەی سلێمانی‌دا ئەمەو کردنـــی چەنـــد کۆبونەوەیەک لەگـــەڵ بەڕێوەبەرێتی ناوبراوو ئـــەو لیژنانەی کە لەم بـــوارەدا بەرپرسیارن ٠٠٠ شایانـــی باسە لەگەڵ ئەوەی کـــە ئەمڕۆ وڵاتەکەمان بە جەنگێکی ڕەوایدا دژی دوژمنـــی ئێرانی ڕەگەزپەرســـت تێدەپەڕێت‌و لەگەڵ ئـــەوەی کە ژمارەیـــەکـــی زۆر مامۆستایان خەریکـــی ئەرکی پیرۆزی ســـەربازی خۆیانن دەتوانین بڵێین کـــە بەهۆی ئەو مامۆستایانـــەی تر کە ماونەتەوە توانـــراوە ئەو کەلێنە پڕ بکرێتـــەوە هەروەها سەبارەت بـــە بەشەکانی ناوخۆ دەتوانیـن بڵێین کە زوربەی هەرەزۆری ئەو قوتابیانەی کە خەڵکـــی دەرەوەی مەڵبەنـــدی پارێزگـــان بەیارمـــەتی لەگەڵ بەڕێوەبەرێتـــی پەروەردەدا جێگایان بـــۆ تەرخان‌کراوەو لەگەڵیشـــا پارەی خۆیان وەردەگرن٠٠٠ بۆیە دوپاتی دەکەینەوە کـــە دەرگـــای یەکێتیمـــان لەســـەر پشتە بۆ چارەسەرـ کردنی هەموو جـــۆرە گیروگرفتێکی گشتـــی‌و تایبەتی قوتابیان‌و لـــەم بارەیەوە بۆ نمونە تائێستا نوسراوی ڕەسمی کراوە بـۆ دوو قوتابییمان کە پێویستـی بە چارەسەرکردن هەبوە لـە دەرەوە وڵات‌و تائێستـــا یەکێکیان جێ‌بەجێ کراوە ٠

پاشان سەبارەت بـــە بڕیاری کردنەوەی خوێنـدن بە زمانی کوردی لـــە قوتابخانەکان‌دا کاک هاوڕێ وتی ئەم هەڵوێستـــەی سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش بە هەڵوێستێکـــی ڕۆشنبیری‌و شۆڕشگێرانـە دەژمێردێت کە ئەمەشـــ بویوە دارەدەستێک بەدەست دوژمنانەوەو دەیان ویست ڕۆژبەڕۆژ گەورەتری بکـەن بەڵام لەبەر ئەو هەڵوێستەی کە پێناسمان کرد هەمـــووی سەروبن کردەوە ٠

● پاشان کاک نجاة هادی ئەندامی لقی یەکێتـــی‌و قوتابی‌خانەی مامۆستایانـی سلێمانی دەربارەی چۆنیەتـی وەرزی خوێندنی ئەمساڵ وتی ئاشکرایە کە قوتابـی پێویستی بە بارێکی گونجاو هەیەو لەگەڵ ئەوەشدا کـە دەبینین وڵاتەکەمان بە جەنگی ڕەوای خۆیەوە خەریکـەو زوربەی چینەکانی گـەل تیایدا هاوبەشی بەرگـری کردنی دەکات‌و لەوانەشـی جەماوەری قوتابیان بـەڵام دەبینین کە ئەمە بە ئەگـەوە دەڵێین کە کارێکی ئەوتۆی نەکردوەتە سەرمان ئەوەتـا بەو ئاستی خوێندنی ئـەم چەند ساڵەی نێوان جەنگی ڕەوامان لە ساڵانی پێشـو

نزم تر نیەو بەو شێوەیەی کە قوتابی لە کۆلێـــج‌و جێگایەکانی تری خوێندندا لە پێش جەنگدا وەرگیراون ئێستاش بە هەمان شێوە وەردەگیرێن بگرە لەوەشـــ زیاتر ئەرکی سـەرشانـی خۆیان بەجێ‌دەهێنـن ئەمەشـ لە کاتی وەرزەکانی خوێندندا یـە خوێندن‌و لـــە کانەکانـی پشودا بە هەڵگرتنـی چەک‌و چوون بۆ بەرەکانی پێشەوەی جەنگـی ڕەوای وڵاتمان ٠

● هەروەها کاک محمود عبداللە محمود ئەندامی لق‌و قوتابی پۆلی شەشەمـی ئەدەبی دەربارەی هەڵوێستی مامۆستاکانیان لە جێ‌بەجێ‌ـ کردنی ئەرکی سەرشانیان‌دا وتی هەڵوێسـت‌و دەوری مامۆستاکانمان لە ئەمـڕۆی عێراق‌دا کە خەریکـی جەنگی بەرگری کردنـی خاک‌و ئاوی خۆیەتـی بە هیچ شێوەیەک لـــە دەورو هەڵوێستی ئـــەو جەنگاوەرانە کەمتر نی‌یە کـە چەکیان لە شان‌دایەو بەرامبەر بە دوژمنی ئێرانی ڕاوەستاون ئەمەش سەرباری تێکۆشان‌و هەوڵی زیاد لە توانای خۆیان بۆ پڕکردنەوەی شوێنـی ئەو مامۆستایانەی کـــە خەریکی جێ‌بەجێ کردنـی ئەرکی ســـەربازین کـــە ئەمەش وای لە هەمـــوو قوتابیەک کردوە کە ئـــەمڕۆ بە چاوێکی پڕ لە شانازی‌و ڕێزەوە لە جاران زیاتـــر بڕوانێتە ئەرکـــی پیرۆزی مامۆستایان ٠

● دواجار کاک نـوری احمد حمە امین ئەندامێکـی تری لق‌و قوتابی‌خانـــەی پێ‌گەیاندنی مامۆستایانـی سلێمانی وتی ئەوەی سەرنج ڕاکێشە بەلای ئێمەوە دەوری هەموو چینەکانی گەلە ئەگەر قوتابیان لە جێ‌بەجێ‌ـ کردنی ئەرکی سەر شانیـان لە کاتێکا کە وڵاتـــەکەمان ئەوە بۆ (٣) ساڵ دەچێ قاڵ بووی بەرگری کردنـــی سنوری نیشتمانی خۆیەتـی لەوانەش دەوری کارگێڕانـی ڕۆژنامەنوسەکان کە لە یەکەم ڕۆژی جەنگەوە تا ئەمـــڕۆ بایەخێکـــی تایبەتیـــان بەسەرکردنەوەی ئـــەم لایەنە داوەو تواتیویانـــە ڕاستەوخۆ لە ناوبەرەکانـی جەنگەوە ئەم ڕاستی‌یـــە بسلەمێنن ئەمەش سەرباری بەسەرکردنەوەی هەموو ئەو جم‌جۆڵانەی کە چ تایبەتـیَ بوبن بە جـــەنگەوەو چ دەربارەی لایەنەکانی تـری ژیانی ڕۆژانەی جەماوەران‌و ذام‌و دەزگاکانی تـــر دەوڵەت بوبێت

ئافرەت و کامێرا

شێرزاد عبدالرحمن :
نووسینگەی هەولێر

ماوەیەکی دوورە خاتـوو نەسرین محمـــود لەگـــەڵ تەلەفزیۆندا ئـەژی ، جاران وەکو تاقە ئافرەتێک بەرامبەر بە خەڵک ، ئێستاشـــ دیسانەوە لە تەلەفزیۆن‌و لـە بەشی ڕێک‌خستن‌دا لە بەشی کوردی تەلەفزیۆنی کەرکوکدا چاومان بە خاتوو نەسریـــن کـــەوت‌و لە وەڵامـــی پرسیارێک‌دا وتی :

– ماوەی پتر لە دەساڵـە ئاشنای تەلەفزیۆن بوم لـــە کاتێکا کە بەشی تەلەفزیۆنی کەرکوک بۆ ئافرەتێـــک دەینالاندو هیچ توانایەکـی ئەوتۆ نەبوو ئەم بۆشاییـیە پڕبکاتەوە ٠ بە ماوەی ئـەم چەندساڵەش تەلەفزیـۆن‌و ئیش‌کردن لە تەلەفزیـۆن فێری خۆشەویستی‌یەکـی گەورەی کردم بەرامبەر بـە ژیان‌و کۆمەڵانی خەڵک ٠

● بەبڕوای تـــۆ دوورەپەرێزی ئافرەت لـــە تەلەفزیۆن چی‌ئەگرێتەوە ؟

× دوورخستنەوەی ئافرەت‌و هونەر لە یەکتر کۆمەڵێـــک کێشەی کۆمەڵایەتـــی ئەگرێتەوە ، بەتایبەتـــی تەلەفزیۆن کە مەودایەکـــی فراوانترەو دەچێتە هەمـــوو ماڵێکەوە ٠ ئافرەتی ئێمـــە لە دەرکەوتن ئەترسـێت‌و خۆسەلماندنی بەقورســـ دەوەستێ‌و لێرەوەشـــ دووچاری‌چەندان بگرەوبەرەی کۆمەڵایەتی دەبێتـــەوەو خۆزگەی دەشارێتەوە ، بەڵام بڕواماتنی بـــە خـــۆی ڕاستەوخۆ دەتوانێ بیروڕای خەڵک بگۆڕێت ٠

● حەزئەکەی لـــە‌کامە بەشی تەلەفزیۆن کاربکەی ؟

× هەموو بەشەکانـی تەلەفزیۆن پیرۆزن ، بـــەڵام ڕاستی‌یەکەی لەبەشـــی ڕێک‌خستن‌دا زیاتر خـــۆم دەدۆزمەوەو هـــەزدەکەم بەردەوام کاری تێدا بکەم‌و قەت‌وقەت هەست بە هیلاکی ناکەم ٠

● ئێستاو جاران چـۆن لێک‌ئەدەیتەوە ؟

× بەشی ڕێک‌خستـن جاران چەند فلمێکی کۆنـی تێدابو ، ئێستا پڕە لەبابەتی هەمەڕەنگ‌و ڕەنگاوڕەنگ کە بەمـــە دەتوانین خزمەتـی بینەرانی خۆشـــەویستـی پێ بکەین‌و هەموو گلەیی‌و بناشت‌و داواکاریەکانیشیان بەقەدەر توانا بێنینە دی ٠

ئایا ستەمی ـ پاشماوە

لەوێشەوە تادەریای‌خەزەر هی‌عەجەم » ، وەهـــەم لەناوخۆیشەوە دوچاری ئەوگیروگرفتانەن کەدەسمان بۆڕاکێشان ، وەهـــەم ســـەبارەت بەخەڵـــک خەڵەتاندنیش ئەکەونە درۆوەو ئابڕوی پڕیشتویان حرابتر ئەڕوات

جاخومەینی ئابەم حاڵو ئەحواڵەوە کەزانیمان ، لەم چەندڕۆژەدا بەرۆکی بازرگانو کاسبەکانـــی تارانی گرتوە کەبۆچی یارمەتـــی دەوڵـــەت نادەن وەئەم‌سەرمایەیان بۆشەڕنەبێ بۆچـــی باشە !!!! ئەمەکەی ؟ لەکاتێکا کە ڕادیـــۆکەیان کەســـ بەدەم‌نایترێ وەهاوارئەکا وئەڵێ دۆخـــی ئابوری ئێران کەسی‌ناگایبو ئابوریمـــان وەهاووەها لـــە پێش‌کەوتنایە ، ئەڵێ ڕۆژی‌میلیونونیو بەرمیـــل نەوت ئەفرۆشین ، کەچی‌لەم‌لاشەوە خومەینـــی هاوارئەکات وەئەڵێ فریای‌ئیسلام‌کەون وەهەڕەشەئەکا لەبازرگانەکان وەئەڵـــێ ئەگـــەر خۆتان بەئارەزوی خۆتان ئەیدەن ناچار بەزۆر لێتـــان ئەسێنین ، وەبەزوانی «حەزرەتی عەلی شەوە » درۆیێک‌ئەکات وەئەڵێ ئەگەرعەلی ئێستە لێرەبوایێ هەربـــەزۆر هەرچی‌تان هەبو لێتانی وەرئەگرتو خەرجی‌ئـــەکرد بۆشەڕ ، بۆچی ؟ چونکی ئەگەر ئێوە یارمەتیمان‌نەدەن

سبەی‌دووسبەی لەشکری صەددام وەکویاجوجوماجوج ئەڕژێتە ناوی‌تاران وەخوا ئەزانێ چی‌تان پێ‌ئەکەن ، بەڵێ وەرەسەیری مەنطیقی مەلای‌عەجەم ، لایێکـەوە خۆی‌ئەهات لەکەربەلادا نوێژبکات ، ئەیوت ئەقشەی بەغدا لەسەر ڕوی زەوی لائەبەم وئـــەی‌سرم ، ئیستەش ئەڵێ لەشکری صەددام دێتە‌تاران ، لایێکەوە عیراق هاوارئەکا وەئەڵێ بەسیەتـــی ، براکوژی بەسە ، هەرکەس لەماڵی‌خۆیا دانیشی وەدەس‌درێژ نەکا

بۆ بەشی ئەوی‌تر ، کەچی ڕژێمی مەلای‌عەجەم ئەڵێ عیراق ئەترسێ ، لەم‌لاشەوە ئەڵێ بە بازرگانـەکان ئەبێ خەرجی شەڕبکرن ئەستۆ وەڕۆژی پێنصـــەد میلیون بدەن ، پارە بۆئیسلام‌ئەبێ بۆچی‌یە ، بەڵام‌ناڵێ ئەم‌شەڕە بۆچی‌یە وەئەگەر ئەوشەڕ ڕاوەستێنـــی ئیترشەڕکەر کێیە ؟

لێرەدایەمەبەستێکـــی زۆرپێویست هەیـە کەئەبێ ئەوەش ئەیزانیوە بیزانێت ، ئەویشـــ بریتی‌یە لەوەی وکەفـــەرماندەری هەمـــوهێزە چەکدارەکانی ئێران خومەینی خۆیەتی » ٠٠٠٠ ٠ ئایا ئەمەدەس بڕین‌نیە ؟ ئایا ئەمە عەوام خەڵەتاندن نیە ؟ ئاخر مەلایێکی هەشتاوپێنج ساڵان لەکوێ ، فەرماندوری هێزی چەکدارلەکوێ ئایا ڕەوشبو ئەنئنی چەکو شەڕی ئیستەلەکوێ وەجۆری خـــوێنەواری مەلایەتی لەکوێ ، ئایائیستە خومەینی ئەتوانـــێ مۆدێلو ئەوعی تەیارەکانی ئێران وەهێزو توانایـــی ئەم‌کەیارانە بزانێت ، ؟ ئیتـــر ئـــەوە باســـی جۆری چەکەکانو باسی هەموی ئەوتانکو تۆپانـــەو جۆری هێزەکانی دەریاییو ئاسمانیو هێـــزی‌زەوی ، وەهەزاران ڕشتەوچڵی کاروباری لەشکروسوپاوچەک وەجۆری هێرشو کشانەوە ، با بوەستێ ، فەرمانـدە ئەبێ هێزوتینی بیروڵەشی تەواوبێت ، جانەمانـــە ناوەزیان لەوانەتە ئەلێن ئەی‌ئیمامەکان چۆن خۆیان فەرماندەبوون ؟ لایان‌وایە ڕۆژگاری شـــیرو تیرو ، ڕۆژگاری ئۆتۆمو ئەلیکترونیکو کامپیوتیرو ساڕوخو فرۆکەی تیزبەو ئەبنەیەک ٠

لەکۆتایی باسەکەدا قسەیێکـــی خۆشتان بۆئەگێڕمەوە کە لەخومەینـــی ڕویداوە ، جـــا بائەم‌بەسەرهاتەی خومەینی بکەنە کەرەسەیەکـــی هەڵسەنگاندن بۆ ئەوڕۆژمەڕەشەی کە ئێرانـــی تێ‌کەوتوە

خومەینی کاتێ لەپاریس گەڕایەوە بـــۆتاران لەگۆڕستانی شەهیدان دیدەنی‌کرد ، جا جەنجاڵەکـە ئەوەندەزۆربو ئەیتوانی بەئوتومبیل بکەڕێتەوە ، ناچار هالیکوبتریان بۆبردبو ٠ کاتێ‌سواری هالیکوبتـــر ئەبێت یەلەشی عارەقینەوە ســـــەرمای ئەبـــێ وەئەڵێ بمقرۆکەواتەکە ، زۆرسەرمامە ئەم‌سەرمایـە بێ‌گومان هی‌بانکەکانە بیان‌کوژێنەوە بانکـەم‌ناوێ ٠

خومەینی وای‌زانیبو بانکەی سەری هالیکوبتەرەکـــە باوەشێنە وە بۆفێنکی خراوەتـــەکار ٠ وەئـــەم باسەدرۆنیە وەهەر ئەوکاتە بویەدەنگوباسی بـــەڵام کەس نەی ئەوێرا بەئاشکرا باسی‌کات ، هەروەهـا ئەوەندە شتی‌وا بۆمرۆڤێکی هەشتاساڵانی ئاینـــی زۆرسەیرنەبو ، بەڵام بۆئەمڕۆ کەئەم بیرەمێـــردە کراوەتە فەرماندەری هەمو هێزەچەکدارەکانـــی ئێران زۆرسەیریشەو جێگەی سەرسوڕمانیشـــە ، کەچۆن مرۆڤێکی ئاینی ئیشێکی ئەوەندەگرنگـــو برمەترسی بکەرێتە ئەستۆ وەخۆی بکاتە تاوانباری جەنگ وەشان‌بدات لەشانی هیتلـــەرو جەنگیـــز ، بەتایبەت ئەم‌کارە پێویستی بەکارناســـە ، وەزۆر لەکاری پزشکیو ئەندازیاری گرنگترە ، بەتایبـــەت ئەمڕۆ خومەینی شەرێکی هەمو تاوانێکـــە کەلەناوو دەرەوەی ئێرانا لەدەستی هێزە چەکدارەکان ڕوبدات، وە هەرگـــوللەوبومبایێـــک کـــە ئەتەقی وبێ‌تاوانێکی‌پێوەئەبێ خومەینـــی تیایابەشـــدارە چونکی‌فەرماندەرە ٠

« ئەڵین هەموشتێ لە باریکی‌دا ئەبچڕێ بـــەڵام ستەم لەئەستوریدا ، ئایا کاتی بچڕانی گوریســـی ستەمی خومەینـــی نزیـــک نەبوەتـــەوە » ؟ ئەمەوەڵامێکە کەئاینده ئەیێ دەری‌خات

سەدەی بوژانەوە

زنجیرەی مێژووی

د. کمال مظهر احمد

فواد مجید میسری کردویەتی بەکوردی

« دانتێ » نۆبەرەی بەرهەمە ئەدەبی‌یەکانی بریتی بوو لە کۆمەلە شیعرێك‌و چەند پارچە پەخشانێك‌و ناوی نا «ژیانی نوێ» و تێیدا چیرۆکی (١) خۆشەویستی خۆی‌و کیژۆلەی فلۆرەنسایی « پاتریس پۆرتیناری » دەگێڕێتەوە کە چۆن لە تەمەنی نۆ ساڵی‌یەوە کاری لە هەست‌و هۆشی کردووەو گەرچی لە هەژدە ساڵیدا مەرگ دەست لە بینەقاقای گیر دەکا ، بەڵام دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی زۆربەی کارە شیعری‌یەکانی • گرنگی ئەم بەرهەمەی «دانتێ» هەر لەوەدا نی‌یە کە تا چەند لە رووی شێوەو ناوەرۆکەوە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە نەخێر ، بەڵکو گرنگی‌یەکەی لەوە دایە کە بە تاقی‌کردنەوە سەلماندی لە تواناداهەیە مەسەلە واقیعی‌یەکانی ژیان بە شێوازێکی ئەدەبی‌و بەزمانی جەماوەر لە خەڵك بگەیەنرێ بەم کارەیشی کۆت‌و پێوەندی ئەکادیمیای کلاسیزمی تێك‌شکاند کە مەیدانی بزووتنەوەی ئەدەبی هێنابووەوە یەك‌و بواری لێ تەنیبوو • ئەدەبیاتی « دانتی » بە شاکاری « کۆمیدیا » کە دوایی بە ناوەرۆکەوە گەیشتە لوتکە • ئەم بەرهەمە «کۆمیدیای خوداوەندانە» ناوبرا ، لە رووی شێوەو ناوەرۆکەوە گەیشتە لوتکە، ئەم بەرهەمە بەنرخەی بە گەوهەری درەوشەداری هەموو دیالێکتە ئیتالیایی‌یەکان‌و پەندی میللی‌و ئامۆژگاریی بەنرخی نموونەی مێژوویی رازاندەوە • بایەخێکی تایبەتیشی بە دیالێکتی «تۆسکانیا»ی داو پێی لەسەر داگرت • لە رووی هونەریشەوە ، هارمۆنیایەکی ئەونۆی پێ بەخشی لەو کاتەدا هیچ زمانێکی دیکەی ئەوروپایی پێی نەگەیشتبوو • سەرەنجامیش « کۆمیدیای خوداوەندانە » بووە بنکەیەکی پتەوی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی ئیتالیا کە تا ئێستایش بەهۆی ئەو هەموو پەندو ئامۆژگاری‌و ووردەکاری‌یەوەی پێی مشت‌و ماڵ کراوە ، لە فەرهەنگی ئەو زمانەدا جێگای شیاوی خۆی داگیرکردوو• وەنەبێ بایەخی « کۆمیدیای خوداوەندانە » کە بریتی‌یە لە سەد سروودو نزیکەی چواردە هەزار بەیت ، لەوەدا بێ کە فەرهەنگی زمانەوانیی دەوڵەمەند کردووە نەء ، ناوەرۆکی ئەو شاکارە بریەتی لە بیروڕای کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و فەلسەفی زۆر قووڵ‌و پڕ ماناو بەگژا چوونێکی ئاشکرار جاو نەترسانەیە دژی یاساو نەریتی کۆن‌و بەپیرەوە چوونێکی زیرەکانەیەو پێشوازیی لە دونیایەکی باشتر دەکا ، بەڵام لە قاڵبێکی خوازەکاری «مستعار»دا

« کۆمیدیای خوداوەندانە » بەیتێکی شیعریی خەیاڵی‌یەو نووسەرەکەی بە هۆیەوە دەچێتە ئەوە دونیا «قیامەت» کە لە سێ شوێن پێکهاتووە ، دۆزەخ «الجحیم»و خاوێنکەر «المطهر»و بەهەشت «الفردوس» • «دانتێ» لەم گەشتەیدا شاعیری بتپەرستی رۆمانی «ڤێرجیل ٧٠ – ١٩ پ • ز » دەکاتە رێ نیشاندەری خۆی‌و قۆناغ بە قۆناغ دەیبا تا لە بەهەشتدا بەدیداری « پاتریس »ی خۆشەویستی شاد دەبێ •

« دانتێ » هەروا لە خۆوە «ڤێرجیل» ناکاتە شارەزاو رێنیشاندەری ، ئەو لەم هەڵبژاردنەی مەبەستێکی قووڵتری هەیە • «ڤێرجیل» هاوچەرخی سەردەمێك بوو ، خۆری شارستانیەت تێیدا بەرەو ئاوابوون هەنگاوی دەنا لەشیعرەکانیدا ئاوانە خوازی‌و بەرەبەیانێك بوو رۆژی « سەدەیەکی زێڕین »ی تێدا هەڵبێ • شان بەشانی ئەوەیش بە شان‌و شکۆی ئەو یاساو نەریتانەی رۆمای کۆندا هەڵی‌دەدا کە بە دڵ‌و گیان ئارەزووی دەکردن‌و باوەڕی بە مەزنی‌یان هەبوو • لە لایەکی تریشەوە رەوشتی بەرزو بێ‌هەوایی‌و جموجۆڵی بێ‌پایان‌و دڵسۆزیی «ڤێرجیل» لای ناودارانی بووژاندنەوە باشترین نموونەی ئادەمیزادی سەردەمەکەیان بوو • بێ بەپێی ئەمیش ئافرەتێك لەگەڵیدا دەچێتە بەهەشت خۆشەویسترین کەسیەتی • جا سەرەڕای هێزی خەیاڵی شاعیرو خۆ بەستنەوەی بە خۆشەویستیی «پاتریس»و یاساو نەریتی ئاینی مەسیحی‌یەوە ، دەبینین شانازیی بە تاکە کەسی خێر خواو هاوچەرخەوە دەکا کە چۆن دەی گەیەنێتە بەهەشت‌و لەتەك خۆشەویسترین کەسیدا بەیەکیان دەگەیەنێ •

« کۆمیدیای خوداوەندانە » بەگشتیی مۆرکی پەندو ئامۆژگاریی ئاینی‌ی پێوە دیارە کە «دانتێ» نەیدەتوانی خۆی لێیان رزگاربکا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ناوەرۆکەکەی تیژترین رەخنەی ئەدەبی‌یە کە تا ئێستا ئاراستەی کەنیسەو پیاوانی سەر بە کەنیسە کرابێ • «دانتێ» سروودی یەکەمیان بۆ رووداوەکانی ناو دۆزەخ تەرخان دەکاو تێیدا پەردە لە رووی خۆپەرستی‌ی‌و دڵرەقی‌ی‌و چاوچنۆکی‌ی پیاوانی کەنیسە هەڵدەماڵێ لەوەیش گرنگتر ئەوەیە کە لە سروودی نۆزدەهەمداو لە ناو کڵپەی ئاگری دۆزەخدا چاوی بەو قەشەو پاپایانە دەکەوێ کە قەواڵەی خوالێخۆشبوون – صکوك الغفران – یان فرۆشتووە • دەبینێ ئەوانە لەگەڵ ئەو تاوانبارانەدا دەسووتێن کە لەم دونیا چەتەو رێگرو ساختەبازو دووزمان‌و بوختانکەرو خایەنی نیشتمان بوون • «دانتێ» لەم بەشەی بەیتەکەیدا دۆزەخ دەکاتە نیشتەجێی هەمیشەیی ئەو پاپایانە لەودونیا چاوی پێیان دەکەوێ‌و لەگەڵیاندا گفتوگۆ دەکا • ئەمە لە کاتیکا رێزێکی زۆر لە شاعیرو فەیلەسووفە بتپەرستەکان دەنێ ، چونکە بە دڵسۆزی‌یەوە خزمەتی زانست‌و کۆمەڵیان کردووەو وەك دیمان یەکێکیش لەوانە هەڵدەبژێرێ دەیکاتە رێنیشاندەر• خۆیشەویسترین کەسی خۆیشی کە «پاتریس» بوو ، کردیە نموونەی ئادەمیزادی سەردەمەکەی • بەهەمان دەستوور «دانتی» بەشی دووەمی ئەوەدونیا کە بریتی‌یە لە «المطهر» بۆ فەرمانڕەوا بتپەرستەکانی «رۆمان» تەرخان دەکا ، چونکە ئەوانیش لە سەردەمی خۆیاندا بەوپەڕی دڵسۆزی‌یەوە خزمەتی وڵاتیان کردووەو ماوەی بەدرەوشتی‌ی‌و بەرتیل خواردنیان نەداوە بێ‌گومان هەستی ناسك‌و باوەڕی نەگۆڕو پتەوی بە ئاینی مەسیحی‌ی وایان لێ‌کرد نەتوانێ (ئەعراف) بکاتە شوێن‌و جێگای هەمیشەیی ئەوانە • بەڵام سەرباری ئەمەیش لە پاپاکان بە چاکتریان دادەنێ‌و مەبەستی لە تاکەکەسی دڵسۆزی سەردەمەکەی خۆیەتی •

بیروڕای سەربەست

با خەبیری کتێب هەڵسەنگێنەرە ئاشکرا بێ

محمدی مەلا کریم

عادەتی دەزگا کولتووری‌یەکانی میری وایە کە بنووسێك یا وەرگێڕێك کتێبێکیان دەباتە لا بۆی لەچاپ بدەن یا یارمەتیی لەچاپدانی بدەن ، کتێبەکەی لێ وەرئەگرن‌و ئەینێرنە لای رۆشنبیرێکی متمانە پێکراو بیخوێنێتەوەو رای خۆی تیا دەربڕێ : ئاخۆ شایانی لەچاپدان یا یارمەتی‌دانی لەچاپدانە ، یا نە ؟ ئەو سەنگ‌و ترازووەش کە ئەم رۆشنبیرە متمانە پێکراوە لە بڕیاردانەکەیا ئەبێ لە پێش چاوی بێ ، ئەوەیە کتێبەکە چ لە رووی سیاسی‌و چ لە رووی هونەری‌و چ لە رووی بابەت‌و کەڵکەوە بۆ کۆمەڵ گلەیی لەسەر نەبێ ، یا هەر هیچ نەبێ ئەوەندەی رەخنە لەسەر نەبێ نەتوانین ناتەواوی‌یەکانی راست بکەینەوەو کون‌و کەلێنەکانی بگرین •

کتێب نیشاندانی رۆشنبیرێکی متمانە پێکراوە شتێکی زۆر راست‌و بەجێ‌یەو ، ئەگەر وانەبێ هیچ پێ‌و دانگێك بۆ بەرەوا زانینی لەچاپدان‌و یارمەتی‌دانی لەچاپدانی کتێبێك‌و دەس نووقاندن لەئاست کتێبێکی‌ترا نامێنێتەوەو مەسەلەکە ئەبێ بە ئارەزووبازی‌و خاترو خاترکاری لەسەر حیسابی گەنجینەی میری کە ئەویش ماڵی میللەتەو لەسەر حیسابی خوێندەواری بەستەزمان کە کتێب – لە مەبەستی دارشتنی مێشك‌و بیری ئەوە •

لەم مەسەلەی کتێب بە رۆشنبیرێك سپاردنەدا کە بە (خەبیر) ناوی دەرکردووە واتە (شارەزا)و، من لەم کورتە وتارەمدا بۆ باشتر روون کردنەوەی مەبەستەکەم هەر بە (خەبیر) ناوی ئەبەم ، ئەوە مەبەستە کە یەکەم خەبیرەکە لە رووی هەڵسەنگاندنی سیاسیی کتێبەکەوە خۆیمان لێ نەکا بە (داروغە بازاڕ)ی جاران‌و هەموو بیرێك قەدەغە بکا ، بەڵکو بە دڵ‌و دەروونێکی تۆزێ فراوانەوە لە چاوچێوەی سیاسەتی رەسمیدا بجووڵێتەوەو ، دووهەمیش ئەوەی لێ بوەشێتەوە کە لە رووی هەڵسەنگاندنی هونەری‌و تەکنیکی‌و هەڵسەنگاندنی بابەتەوە لەقەدی ئەو ئەرکە بێ کە پێی سپێرراوە•

تا ئێستا وا کراوە بە عادەت (خەبیر) نهێنی بێ ، واتە خاوەن کتێب نەزانێ کێ خەبیری کتێبەکەیەتی بۆئەوەی خەبیر بتوانێ بە ئازادی‌و بێ دەست تێوەردانی کەس کارەکەی راپەڕێنێ‌و تەنها دەروونی خۆی بکا بە سەرپشك لەو بڕیارەیدا کە ئەیدا • بەڵام ئەوەی ئێمە بە چاوی خۆمان لەم ساڵانەدا دیومانە ئەوەیە یەکەم خەبیر هەر لە یەکەم رۆژەکانی پێ سپاردنی کتێبەکەوە زۆر جار زانراوە کێ‌یەو خراوەتە بەر تەوژمی تکاو لێ‌پاڕانەوەو دەست بە پشتێنا کردن‌و ، ئەویش لە سەرێکەوە بەهۆی ئەوەوە کە کتێبەکە ئەخوێنێتەوە نایناسێتەوە تا ئەگەر کتێبەکە لە ڕوویەکەوە قەڵب بوو سەرزەنشتی بکەن‌و ، لە سەرێکی‌کەشەوە لەبەرئەوە کە خاوەن کتێب ئەیناسێ‌و ئەزانێ کێ‌یەو ، ئەگەر کتێبەکەی پەسەند نەکا سبەینێ بە گلەیی‌و بناشت سەری کەچەڵ ئەکاو بەڵکو لەناو خەڵکیشدا بەدناو ئەکرێ گوایە رێگای لە بڵاوبونەوەی وشەی پیرۆزی کوردی گرتووەو بووە بە داردەستی ئەوانەی حەز لە بڵاوبونەوەی چاپەمەنیی کوردی ناکەن ، کەم وا رێ‌کەوتووە رای راستەقینەی خۆی بەتەواوی لەبارەی کتێبێکەوە دەربڕێ‌و کتێبێکی‌وا بداتە دواوە کە شایانی پارە تیا خەرج کردن‌و بە خوێندەواران گەیاندن نەبێ ، بەڵکو مەسەلەکەش گەیشتووەتە ئەوە کەم وا رێکەوێ بەراستی بیخوێنێتەوەو لایەنە لەرو لاوازو لایەنە چاخ‌و بەپێزەکانی دیاری‌و دەس‌نیشان بکاو پێشنیهادی بەجێ بە خاوەن کتێب بدا بۆئەوەی ناتەواوی‌یەکانی کتێبەکەی چار بکا ئەتوانم بڵێم مەسەلەکە وای لێ‌هاتووە بەدەگمەن خەبیری‌وا دەست‌ئەکەوێ کە لای‌وابێ ئەتوانێ‌و بۆی هەیە رەخنە لە کتێبێك بگرێ •

لە سایەی ئەم وەزعە نارەوایەوە ئەو پارەیە کە تائێستا ساڵانە بۆ لەچاپدانی کتێبی کوردی تەرخان کراوە لە بوجەی دەزگا کولتووری‌یەکانی کوردستان‌و کورددا ، زۆری بەفیڕۆ چووەو گەلێ کتێبی وا لەچاپ‌دراوە کە لە رۆژی ئەمڕۆدا هیچ بارێکی کولتووری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی گەلەکەمان راست‌ناکەنەوەو ، کە مەسەلەش دێتە سەر لیستە گرتن ئەبینین پڕەو مشەمەرو خوا نەیبڕێ ساڵی ئەوەندە کتێب دەرئەچێ •

بۆیە من دەمێکە گەیشتوومەتە ئەو باوەڕە کە بۆ چاری ئەم ناتەواوی‌یە زەقەی ژیانی کولتووریمان ، ئەبێ (خەبیر) ئاشکرا بێ ، واتە بە خاوەن کتێب بووترێ فلان‌کەس خەبیری کتێبەکەتەو ناویشی لە سووچێکی دوا لاپەڕەی کتێبەکەوە لەچاپ‌بدرێ ، چونکە ئەگەر وابێ خەبیر تا دانەیەکی ئەو کتێبە لە دنیادا مابێ‌و خۆی لەدنیادا بێ ، لە بەرچاوی دادگای رای گشتیدا خۆی بە بەرپرس ئەزانێ لەبەرئەوە کتێبەکە بەوردی ئەخوێنێتەوەو بەدوای دیاری‌کردنی خاڵی چاك‌و خراپیا ئەگەڕێ‌و ، ئەترسێ لەوە کە سبەینێ خەڵکی بڵێن ئەمە لای خۆی رۆشنبیرێکی ناسراوەو سەرو سەودایەکی هەیە ، چۆن دەرکی بەم ناتەواوی‌یانەی ئەو کتێبە بخانە ژێر پێ‌و چاك بکا بە خراپ‌و خراپ بکا بە چاك‌و ، بە ئەرکی سەرشانی خۆیی ئەزانێ ئەگەر پێویست بوو خاوەن کتێب بانگ بکانە لای خۆی لە هەندێ سەری کتێبەکە بدوێ لەگەڵی‌و رێگای بۆ دیاری‌بکا چۆن ناتەواوی‌یەکانی راست بکاتەوە • خۆ ئەگەر زانیشی ئەم ئەرکە بەو جێ‌بەجێ ناکرێ ، لەپێناوی چەند دینارێکا دەروونی خۆی پێ‌شێل ناکاو کتێبەکە ئەگێڕێتەوە بۆ دەزگاکەو ئەڵێ لێم ببوورن ، هەڵسەنگاندنی ئەم کتێبە لە توانای مندا نی‌یە •

لەمدوایی‌یەدا ئەمینداریتیی هەموو کولتوورو لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناوی ئەو خەبیرانەی بلاوکردەوە کە لە ساڵی ڕابووردوودا هەڵسەنگاندنی ئەو کتێبانەی پێ سپاردبوون کە براونەتە لای بۆ لەچاپدان یا یارمەتی‌دانی لەچاپدان • بێ‌گومان ئەمە هەنگاوێکە بەرەو پێشەوە لە مەیدانی بەر پرس خستنی خەبیرەکاندا ، بەڵام بەشی ئەوە ناکا کە ئێمە پێویستمانە ، چونکە نازانین هەرکام لەوانە خەبیری چ کتێبێك بووە تا ئەگەر رای گشتی کتێبەکەی وا هەڵسەنگاند کە پێویستە لەم رۆژەدا بڵاوبکرێتەوە ، بزانێ کێ لەوکارە بەرپرسە ، سەرەڕای ئەوەش کە ئازە کارەکە براوەتەوەو ئەگەر هەڵەیەك روویدابێ راست ناکرێتەوە

ئێمە پێویستمان بەوەیە فێری ئەوە ببین هەمیشە بەگوێرەی رای راستەقینەی خۆمان قسە بکەین‌و ئەوەی رامان لێ‌یە بڵێین رامان لێ‌یە‌و ئەوەی رامان لێ نی‌یە بڵێین رامان لێ نی‌یە، نەخوازەڵا ئەگەر راکە پێوەندی بە سوودی هەزاران کەسەوە بێ کە لە مەیدانی هەڵسەنگاندنی کتێبدا ئەوانەن تا ئەو کتێبە مابێ ئەیخوێننەوە • من لاموایە ئاشکراکردنی ناوی خەبیرو راگەیاندنی بە خاوەن کتێب‌و نووسینی ناوی لە سووچێکی دوا لاپەڕەی کتێبەوە یارمەتیی ئەوەمان ئەدا کتێبی باشترمان بۆ لەچاپ بدرێ‌و ئەو پارەیەی میری بۆ ئەم مەبەستەی تەرخان‌ئەکا سوودی زۆرتری لێ وەربگیرێ‌و هیچی بە خۆڕایی‌و نیمچە خۆڕایی نەڕواو ، ئەوەیش کە ناوێری لە بارو دۆخی وادا رابدا ، پێویست ناکا قایل ببێ بە خەبیری کتێبی دابنێن •

هیوام وایە ئەم پێشنیهادەم بکەوێتە بەرچاوی بەرپرسانی دەزگای ئەمینداریتیی هەموو کولتوورو لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌و بەڕێوەبەرێتیی رۆشنبیریی کوردی‌و هەموو ئەو دەزگایانەی کتێبی کوردی لەچاپ‌ئەدەن یان یارمەتیی لەچاپدانی ئەدەن بەوردی لەبەر رووناکیی قازانجی جەماوەری خوێندەواری کورددا لێی بکۆڵنەوە یا پەسەندی‌کەن یا چاکەی زۆرتری رێبازی ئێستای خۆیانمان بۆ روون‌بکەنەوە •

دەربارەی نووسین‌و کاری رۆژنامەنووسی

نووسینی: وائل عانی/ احمد سید علی بەرزنجی کردوویەتی بەکوردی

لەو کۆمەڵانەدا کە تازە گەشەدەکەن ، ئاگاداری‌نامە لە ژیانی راگەیاندن‌و ئابووری‌و پەرەپێداندا بەشێوەیەکی گشتی گرنگی‌یەکی گەورەی هەیە •

شارەزایانی راگەیاندنیشی ئاگاداری نامە دەکەنە ئەم بەشانە :

١ – ئاگاداری نامەی ئابووری •
٢ – ئاگاداری نامەی رۆشنبیری •
٣ – ئاگاداری نامەی کۆمەڵایەتی •

مەبەستیش لە ئاگاداری نامەی ئابووری ئەو هەواڵەیە کە بەوێنەیەکەوە بوونی جۆرە کەلوپەلێك لە دامەزراوە بازرگانیەکاندا رادەگەیێنێ ئەمانەش – کەرتی گشتی‌بن یان تایبەتی – بەنیازی ئاگاداری کردنەوەی کڕیار پەنادەبەنە بەر ئەم جۆرە ئاگاداریانە • چونکە ئەمە هیچ کاری کردن نیە کە خەڵکی هەموو رۆژەکەی بەپرسیارکردن لەو پێویستی‌یە تازانەوە بەرێتەسەر کە ئەم پێویستی پێ‌یانە •

مەترسی ئەم‌جۆرە ئاگاداری نامانەش لە حاڵەتێکدا دەردەکەوێ کە زیادلە پێویست بەشان‌و باڵی بابەتەکەدابێ‌و ئیتر بێ‌گوێدانە ئەوە راستە یان نا • لەبەرئەمە وریایی لە وردبینی‌ی ناو ئاگادارینامەکە شتێکی زۆر گرنگە بۆ دورکەوتنەوە لە خەڵەتاندنی کڕیارو تێوەگلاندنی • لەکاتێکدا کە راستی نازانێ

بەڵام ئاگاداری نامەی رۆشنبیری بریتی‌یە لەهەموو دەنگ‌و باسێك کە لە زانکۆو دەزگاکانی بڵاوکردنەوەو هونەری مەڵبەندەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی‌یەوە دەردەچێ بە مەبەستی راکێشانی هاونیشتمانیان سەرنجی بۆ دیاردەیەکی رۆشنبیری یان زانستی یا هونەری کە کۆمەڵانی گەل دەگرێتەوە •

وەك دەرچوونی کتێبێکی تازە، پێشکەش‌کردنی شانۆگەرییەك ، پێشبڕکەیەکی زانستی ، ئاگاداری بۆ خەڵك ناردنە دەرەوە بە مەبەستی گەشت‌و گوزار ، •• هتد •

ئەم جۆرە ئاگاداری نامەیەش زۆربەی جار سێ شێوە وەردەگرێ : یان لە رێگەی هەواڵەوە ، یان ئاگاداریەکی ئاسایی ، یان وەك وتەیەکی رۆژنامەیی یا ریپۆرتاژێ •

هەروەها ئاگاداری نامەی رۆشنبیری شتێکی پێویستەو ناتوانرێ لای هەرکۆمەڵێ‌بێ‌و لەهەر کاتێکدابێ دەسبەرداری ببرێ ، چونکە هەرچەندە رویەکی رونی چالاکی رۆشنبیری‌و زانستی‌و هونەری وڵات دەداتەوە ، بەڵام لەلایەکی‌ترەوە هۆیەکی هاندەرە بۆ خەڵکی بۆ بەشداربوونێکی کاریگەر لە جوڵانەوەی شارستانیەتیداو چێژ بینین لەو بەرهەمانەی کە بیرو هۆشی رۆشنبیر دەیانخەنە روو ، لە بەرهەمێك کە مل‌کەچی نرخاندنە •

جا ئاگاداری نامەیەکی پێشکەش کردنی شانۆگەریەك ، گێڕانی ئاهەنگێکی مۆسیقا ، کۆڕێك ••• ئەمانە لەبنەڕەتدا هەواڵن دەربارەی چالاکی‌یەکی ئاراستەکەر بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی کە مەبەست لێ‌ی ئەوەندەی بەشداریە لە رۆشنبیرکردنی کۆمەڵ‌و خەملاندنی بیرو هۆشی ئەمەندە قازانج‌کردن نیە •

بەڵام ئاگاداری نامەی کۆمەڵایەتی ئەو هەواڵەیە کە تەنیا کەسێك دەگرێتەوە ، مەبەستیش لێ‌ی سەرنج راکێشانی هەندێکە بۆ روودانی حاڵەتێکی ئەوکەسە • مردن ، ژن‌هێنان یا شوکردن ، مناڵ‌بوون ، گەشتێك •• هند

ئەم جۆرە ئاگاداری نامانە لەگەڵ ئەوەشدا کە مەودای کارتێ‌کردنەکەی بۆسەر کەسانی‌دی تەسکە ، چونکە تەنیا دەربارەی کەسێکە نەك کۆمەڵێك ، بەڵام لەلایەکی ترەوە بەهۆیەك دادەنرێ لەو هۆیانەی کە خەڵکی بەلای رۆژنامە نووسی‌دا رادەکێشێ‌و لە شتە وردەکانی رێڕەوی ژیانی رۆژانەیاندا دەورێکیان دەداتێ •

زۆر لە رۆژنامەکان ستوونی گەورە گەورە بۆ ئەم جۆرە ئاگاداری نامانە تەرخان دەکەن ، ئەویشی بەهۆی گرنگی لە خستنەرووی حاڵی خەڵك‌و ئەوەی لە ژیانیاندایە لە خۆشی‌و ناخۆشی ، چونکە ئەوخێزانەی کە بۆ مردوویەکی دادەنیشێ‌و پرسەی بۆ دادەنێ ناتوانێ هەرچی خزم‌و خوێشە بە تەلەفون‌و نامە ئاگاداریان کات ، بەڵکو رێگای رۆژنامە بڵاوترین‌و فراوانترین هۆیەکە لەناو خەڵکیدا، دیسان سەبارەت بە شایی‌کردن‌و حەج‌و مناڵ بوونیش هەروەها ••• هتد •

Institut kurde de Paris

لەبەر رووناكی چاوپێكەوتنە رۆژنامەچی‌یەكە كە رۆژنامەی (عصر)ی قوبرصی لەگەڵ یەكێك لە كادرەكانی حیزبی شیوعی عیراقدا سازی‌كردوە

وتوو ویژێكی لە سەرخۆ

سەبارەت بە هەڵوێستەكانی حزبی شیوعی عیراق و هەڵسوكەوتەكانی

ئەو قسەی كە كادرەكەی حیزبی شیوعی عیراقی لەگەڵ رۆژنامەی (عصر)ی قوبرصیدا كردبووی‌و ، رۆژنامەی (ثورة) لە ژمارەی رۆژی ١٩٨٢/١٠/٩ دا بلاوی كردبوەوە سرنجی راكێشام .. لەوانەیە هۆی ئەو راوەستانە درێژە كە خوێندنەوەی دەقی چاوپێكەوتنەكە بردی ئەوەبێ كە من كەم باسی گۆڕانەكان‌و جموجوولەكان‌و هەڵوێستەكانی ئەم حیزبەم بیستوە لەو كاتەوە كە سەركردەكانی ئەم حیزبەو هەندێ لە كادرەكانی وڵاتیان بەجێ‌هێشت‌و بەرەو كۆچێكی تازە ملی رێگایان گرتەبەر بەو دوای ئاوركیادا هەتا لەسەرخۆیان خەون‌و بیرەوەری‌یەكانی رابووردوو بێننەوە یادیان .

لە ئاستی مەسەلەی مەوقفی حیزبی شیوعی عیراقی دەربارەی شەڕی بەینی عراق‌و ئێران زیاتر وەستام لە چاو مەسەلەكانی‌تر ، چونكە ئەم مەسەلەیە لای ئێمە زۆر گرنگە .. لەم بابەتەوە دەستم‌كرد بە موقارەنەكردن لە مابەینی ئەو شیعاراتانەی كە ئەم حیزبە لافی پێ لێ‌ئەدا وەك (نیشتمان‌پەروەری ، پێشكەوتن‌خوازی ، دیموكراتیەت) لەگەڵ كاروبارو رەفتاری رژێمی ئێران‌و مەوقفی نارەواو سووربوونی لەسەر بەردەوامی شەڕو پەل‌كوتان .

حیزبی شیوعی عیراق (شۆڕشی ئیسلامی) ئێرانی وا داناوە كە شۆڕشێكی نیشتمانی دژ بە ئیستعمارە .. عیراقیشی بە دەستدرێژكەر داناوە .. هەروەها ئەم حیزبە چوە ناو (بەرەیەك) كە هێزەكانی دژی عیراقی كۆكردوەتەوە . لە پێناوی یەكخستنی مەوقفە دوژمنەكان كە دژی (رژێمی عیراقن)و لە پێناوی كاركردن بۆ رووخاندنی ئەم رژێمە .. و موقفەكانی بەوە رازاندەوە كە ئەم حیزبە موافقە لەسەر ئەوە هێزی ئێرانی بێتە ناو خاكی عیراق بۆ (روخاندنی حوكم) !!

ئەم كادرە دانی بەوەدا ناوە كە حیزبەكەی واقعی نەبوە لە نرخاندنی رژێمی تازەی ئێراندا ؛ چونكە لە سالانی شەڕدا ئەم راستی‌یانەیان بۆ دەركەوتوە :ـ

● پیاوە ئایینیەكانی ئێران خۆیان لە لوتكەی دەسەلات‌و حوكمدا داناوەو ، هەموو ئەوانەیان لابرد كە لە روویاندا دەوەستان ، تەنانەت ئەوانەش كە هاوبەش بوون لە گەلیان لە شۆڕشدا .

● پیاوە ئایینیەكان بەرنامەیەكی سیاسی‌و ئابووری‌و كۆمەلایەتی ئاشكرایان نیە .

● رێگای سەربەستی‌یە دیموكراتیەكان نادەن‌و بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە كوردستانی ئێراندا سەركوت دەكەن ، هەروەهاش لە ناوچەكانی تردا .

● یەكیەتی سۆڤێت لەگەڵ ئیستیعماری ئەمریكی‌دا وەك یەك دادەنێن ..

شتێكی زۆر جوانە كە قادسیەی دووەمی عەرەب دەورێكی گەورەی هەبوو لە ریسواكردنی ئەو رژێمەی كە هەولی داوەو هەوڵ دەدات كە بازرگانی‌و موزایەدە بكات بە شیعارە پێشكەوتنخوازەكان‌و ، بەوەی كە گوایا دوژمنی ئیستیعمارو صەهیونیەتە !!

ئێمە حەقمانە كە بپرسین بۆچی مەوقفی شیوعیەكان وایە ؟ بۆچی لەگەڵ ئێراندان دژی عیراق ، بۆچی شیوعیەكان یارمەتی هەولەكانی رژێمی ئێران ئەدەن‌و موافقن لەسەر ئەوەی هێزە ئیرانیەكان بێنە ناو خاكی عیراق ؟!

ئەگەر جواب دانەوە لەم پرسیارە پێویستی بەوە هەبێ كە ئەختێ بەلگەی مێژوویی بخەینە روو ، خراپ نیە باسێكی لێ بكەین .

بۆیە ئەڵێین رابووردوی شیوعی‌یەكانی عیراق لای ئەوانەی كە هاوچەرخی پەیدابوونی بوون‌و ، سەیری یەكە یەكەی مەوقفەكانیان كردوە ئاشكرایە ، ئەوانەش ئەیزانن هاوچەرخیان نەبوون ، بەلام ئاگاداری مەوقفەكانیان بوون‌و تەئریخیان خوێندوەتەوە ، بەلام بۆ بەرەی تازە ، كە شتێكی كەم نەبێ هیچ دەربارەیان نازانن ، هەندێ لە مەوقفە ئاشكراو دیاری‌یەكانیان دەخەینە روو ، ئیتر واز لە درێژەپێدان ئەهێنم .

هەموومان لە شۆڕشی یەكی مایسی (١٩٤١) دەزانین ، كە شۆڕشێكی ئازادی خوای نیشتمانی دژ بە ئیستیعمار بوو ، ئەو شۆڕشەی كە ئیستاش جێگایەكی تایبەتی هەیە لە دەروونی عیراقی‌یەكاندا .

بەرامبەر بەم شۆڕشە نرخاندنی شیوعیەكان لە كەمتر لە دوو مانگا گۆڕا ، لە شۆڕشێكی نیشتمانی بێ‌گەردەوە بوو بە جوولانەوەیەكی گومان‌لێ‌كراو ، بوو بە كارێكی سەر بە (نازیەت) ئەم گۆڕانی مەوقفەش بە هۆی گۆڕینی خەریطەی سوێن‌خواری‌یە دەولەتیەكانەوە بوو .

حەوت سالی نەخایاند كە كۆمەلی نەتەوە یەكگرتوەكان بریاری دابەش‌كردنی فەلەستینی دا ، ئەم حیزبە هێرشێكی توندی رێك‌وپێكی بردە سەر ، لەبەر ئەوەی كە بریارێكی زالمانەیەو جێ بۆ زایۆنیزم خۆش دەكات لە خاكی فەلەستین‌دا .. كەچی هەر كە هەڵوێستی دەولەتان گۆڕانی بەسەرا‌هات ، حیزبی شیوعی پاشكەز بوویەوە بە گۆشەی (٩٠) پلەیی‌و ، بریاری رێك‌كەوتن‌و رازی بوونی دا بە بریاری ناوبراوو ، بە چارەكردنێكی جدی‌یانەی مەسەلەی فەلەستینی لەقەلەم دا خۆ هەلس‌وكەوتیان لە چوار چێوەی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشكەوتنخواز هێشتا لەبەرچاومانە ، ئاگامان لێ‌بوو چۆن لە ناو بەرەكەدا وەك حیزبێكی نەیار ، نەك وەك سوێنخوار دەجوولانەوە ، ئاگامان لێ‌بوو كە چۆن گوێیان نەئەدایە شێوە بیرەیی‌یەكان‌و نرخە كۆمەلایەتی‌یەكان .

هەڵوێستیشیان دەربارەی یەكیەتی عەرەبی ، بە تایبەتی پاش راگەیاندنی یەكیەتی‌یەكەی سوریاو میصر سالی ١٩٥٨ هیچ راست‌و بێ‌پێچ‌و پەنا نەبوو ، بەلكو یەكیەتی‌ی فیدرالی‌و شستی‌تریان تێكەل دەكرد .. ئەو هەڵوێستە تا ئیستاش لە مێشكی عیراقیەكاندا جێگیرە .

خۆ ئەگەر بمانەوێ باسی (دیموكراتی‌یەتیان) بكەین لەو كاتانەی كە بۆیان هەلكەوتبێ ، لەوباوەڕەدام لەوانەیە چەند كتێبی لەسەر دابنرێت .

ئیستە پاش ئەم نموونەو بەلگانە هۆی ئەوە چی‌یە چوونەتە ریزەوە لەپاڵ رژێمی خومەینی‌دا كە بە ناحەق شەڕ لە گەل عیراقدا دەكات . ئاخۆ لەبەر پێشكەوتنخوازی‌ی ئەو رژێمەیە ؟! یا لەبەر ئەوەیە كە رژێمێكی دیموكراتی‌و میللی‌یە ؟! یا لەبەر ئەو گۆڕانكاری‌و چارەسەكردنە گرنكانەیە كە لە قەوارەی كۆمەلگای ئێراندا هێناویەتیەدی ؟!!

یا تەنها گلدانەوەی فەرمانبەرەكانی بالیوزخانەی ئەمریكا (بارمتەكان) دەلیلی ئەوەیە كە دوژمنی ئیستیعمارن ؟! ئەگەرچی گالتەی (بارمتەكان) تالەكانی دەركەوت‌و ئامانجی ئەوباری‌یە بۆ خەلق دەركەوت .

ئەم پرسیارانە ئەگەر ئێمە وەلامیان بدەینەوە ، هیچ زانست‌و ئاگاداری‌ی خوێنەری پێ زیاد ناكەین ؛ چونكە ئیستە جیهان هەمووی حەقیقەتی ئەم رژێمەیان بۆ روون بوەتەوەو ، ئاگادارن لە شێوەو رەفتارەكانی ئەم رژێمە !!

لە چوارچێوەی لێكۆلینەوەی ئەو خالەی كە پەیوەندی بە هەڵوێستی ئەم حیزبەوەیە بەرامبەر هاتنەناوەوەی هێزی ئێران‌و رووخانی (رژێم) كە خەوی پێوە دەبینن ، دەلێم : كە ئەم خالەم خوێندەوە ، چاوپێكەوتنێكی رۆژنامە نووسانەم كەوتەوە یاد كە یەكێك لە رۆژنامەكانی جیهان لە سەرەتای شەڕدا لەگەڵ كوڕەكەی شای كۆڕبەكۆردا كردی .... رۆژنامەكە لە كوڕەكەی شای پرسی : هەڵوێستی چی دەبێ ئەگەر هێزەكانی عیراق چوونە ناو خاكی ئێرانەوە ؟! وەلامی دایەوەو وتی :ـ ئەگەرچی ناكۆكە لەگەڵ رژێمی ئێرانداو هەڵوێستی دیاری‌یە بەرامبەر كاربەدەستانی تاران ، ئامادەیە بۆ چەك‌هەلگرتن‌و شەڕكردن دژی هێزەكانی عیراق هەتا دەرئەچن ..

ئیتر حیزبێك كە لافی نیشتمانپەروەری لێ ئەدات‌و ، ئیددیعای ئەوە دەكات كە هەر ئەو نیشتمانپەروەرە ! چۆن رەوا ئەبینێ سوپای بێگانە بێتە نێو خاكی وڵاتەكەی ؟ ....

لەبەر هیچ نە ئەوە نەبێ كە ناجۆرە لەگەڵ سیاسەتی وڵاتەكەیا ؟!

لەبەر رووناكی‌ی ئەمە سەیری نیشتمانپەروەری ئەمانە بكەن ... سەبارەت بە چۆنیەتی‌ی سوێنخوادیی حیزبی شیوعی لەگەڵ غەیری خۆیا ، ئەوەی كە كادرە شیوعی‌یەكە وتوویەتی بۆ ئەوە دەشێ كە دووبارەی بكەینەوە هەتا لە هەڵوێستی (دامەزراو)یان تێ‌بگەین، ئەوەتا دەلێت :ـ

« هەر هاوسوێنی‌و هاوپەیمانی‌یەك كە حیزبی شیوعی‌مان بەستوویەتی یا دیبەستێت لەسەر بناغەی قەناعەت‌و پێ‌رازی‌بوونی هەموو ئەندامەكانی حیزبمان نابەسترێت ، بەتایبەتی قەناعەتی بنكەكانی حیزب ؛ چونكە سەركردایەتی حیزب خۆی ئەم هاوسوێنی‌و هاوپەیمانی‌یە دەبەستێت‌و ، لای وایە ئەم هاوسوێنی‌یە قازانجیەتی‌و ، ئیمانیاتێكی گەورەی بۆ پەیدا دەكات‌و ، رێی ئەوەی بۆ خۆش دەكات كە بە ئارامی بژین‌و بە وڵاتانی جیهانداو ، لەسەر بنكەكانی حیزب پێویستە تەحەمولی قورسایەتی سەرنەكەوتن‌و بێ هێزكردنی هەر پەیمانێك بكەن كە سەركردەی حیزب بەستوویەتی یا دەیبەستێ » .

ئەم قسەیە زۆر پێویستی بە تەعلیق‌و لەسەردوانێكی فراوان نیەو ، لەبەر روناكی‌دا ئەتوانرێ ئەندازەی بەهێزی‌و بتەوی ئەوەی كە پێی دەلێین (بەرە)و ، دیمەشق بارەگایەتی ، بزانرێت . ئەم بەرەیە چەند حزبێكی گرتوەتەخۆی كە ژمارەی ئەندامەكانی چوار ئەفەرن ! هەروەها ئەركی ئەساسی حیزبی شیوعی لەم رێكەوت‌و هاوسوێنیانەدا بریتی‌یە لە نیازی خراپ‌و ، هەر حیزبێ دەیەوێ كار لەناو حیزبەكەی تردا بكات‌و دەستی بەسەردا بگرێ ، وەك ئەوەی كە حیزبی شیوعی بە عبدالخالق زەنگەنەی وت بچێتە ناو حیزبەكەی عەزیز عەقراوی !

سەبارەت بەو پرسیارانەی كە پەیوەندی‌یان بە چۆنیەتی پەیوەندی شیوعیەكان‌و هەندێ وڵاتانی عەرەب‌و وڵاتانی بێگانەوە هەیە ، یا پەیوەندی بە بارو دۆخیانەوە هەیە لە سوریاو لوبناندا ، كە چۆن كاربەدەستە بەرپرسە سوری‌یەكان ئەیانەوێ شیوعی‌یە عیراقی‌یەكان بخەنە ژێر دەستی خۆیان‌و بۆ ئامانجی خۆیان بەكاریان بێنن !! بەلێ سەبارەت بەو پرسیارانە خوێندنەوەی دەقی چاوپێكەوتنە رۆژنامە نووسی‌یەكە بەسەو پێویست بە لەسەردوان ناكات !..

هەروەها لەو چاوپێكەوتنەدا خالێك باس‌كراوە كە پەیوەندی بەم حیزبەو بە بارو دۆخی‌یەوە هەیە بە شێوەیەكی گشتی ، ئەو خالە ئەو پروپاگەندەو نیشالانە بەدرۆ دەخاتەوە كە گوایا « ئەم‌حیزبە تواناو میللیەتی هەیەو ، جەماوەرێكی فرۆر لێی كۆبوەتەوە !! » .

ئەوەتا كادرەكە لەم باتەوە دەلێت :ـ

● « توانای تێكۆشانمان كەم‌و سنووردارە ، ئەگەر نەلێین : نابوودە » .

● « كاركردنمان لە جەماوەرە گەلی‌یەكاندا بێ‌هێزو بێ بایەخە ! » .

لە پایانا ئایا ئەو شتانەی ، كە ئەم‌كابرا قیادی‌یە باسی كردوە ، بەس نیە بۆ رووت‌كردنەوەی حیزبی شیوعی عیراق‌و ، دەرخستنی درۆو گەزافەكانی‌و ، بۆ دەرخستنی حەقیقەتی ئەوانەی لە دیمەشق‌و ، لەسەر شەقامەكانی هەندێ لە وڵاتە عەرەبیەكان‌و دەولەتە بێگانەكاندا دەسوورێنەوە ؟! یاخۆ ژبانیان لەسەر پاشخوان بوەتە تاقەرێگای ژیانیان ؟!

صبیح عبدالمجید

قوتابیانی كوردستان ـ پاشماوە

بەم بۆنەشەوە چەند چالاكیەكی تریان نواند لەوانە سازكردنی كۆرێكی فراوان بۆ جەماوەرانی قوتابیانی خانەی پێگەیاندنی مامۆستایانی كچان‌و كوڕان كە تیایدا هاورێ ئەمینداری نهێنی سەركردایەتی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست دكتۆر نجم عبدالله العراقي لەگەڵ سەرۆك‌و ئەندامانی لقی یەكێتی ئامادەبوون‌و لەلایەن هاوڕێی ناوبراوە وتارێك خوێنرایەوەو تیایدا ستایشی هەڵوێستی لقی یەكێتی قوتابیانی كوردستانی پارێزگای سلێمانی كرد بەتایبەتی لە خۆتەرخان كردنیاندا بۆ بواری خوێندەواری‌و پێشكەش كردنی چەندەها چالاكی جۆربەجۆر كە تایبەتی دەبن بۆ پالپشت‌گرتنی جەنگی رەوای وڵاتمان جەنگی قادسیەی صدام هەر بەم بۆنەشەوە لقی یەكێتی ئاهەنگێكی لە هۆلی یانەی ئەزمەر سازكردو تیایدا هاورێ لێپرسراوی حزب لەگەڵ سەرۆك‌و ئەندامانی لقی یەكێتی‌و خێزانێكی زۆر ئامادەبوون‌و لە لایەن چەند تیپێكی هونەری هەردوو یەكێتی قوتابیان‌و لاوانی پارێزگاوە چەند چالاكیەكی هونەری پێشكەش‌كرا كە بریتی بوون لە ژمارەیەك سرودی نیشتمانی‌و گۆرانی‌و مۆسیقاو هەلپەركێی كوردی .

● فریا ●

نوسینگەی سلێمانی

هیرشەكە ـ پاشماوە

بە خۆیان‌دا بێتەوە ، كە ئەو رێگەیەی گرتوویانە رێگەیەكی نارەواو پر لەخوێن‌و كوشتارو مال كاوول كردن‌و وێران‌كردنی شارو دێهات‌و نەهامەتی‌یە ، با كەمێك بە خۆیان‌دا بچنەوەو ، گوێ بۆ جلەوی سۆز شل‌نەكەن ، بەلكو گوێ بۆ دەنگی ئاشتی شل‌بكەن، **هەروەك سەرەكی فەرماندە فەرمووی (بۆ خوا ، ئامۆژگاری‌ی دەستەلاتدارانی تاران دەكەین ، بەپێی بەتەنگەوە هاتنمان بۆ ئەوەی خوێنی زیاتر نەرژێت ، دەلێین ، ئامۆژگاری‌ی دەستەلات بە دەستانی تاران دەكەین پەند لەو تاقی‌كردنەوە تالە وەربگرن كە لە ناوچەی شیب چەشتیان‌و گوێ بۆ سوودی گەلەكانیان‌و دەنگی ئاشتی شل‌بكەن‌و نەچنە ناو ئارەزووی شەڕاوی‌و دەنگی شەتیانەوەو لە سەر ئەو زنجیرە كارە سوپایی‌یە بەردەوام بن)** ، ئەگەریش لەسەر ئەو كردەوە ناپەسەندە سوور بن ئەوا وەك سەرەكی فەرماندە فەرمووی **(مردن چاوەڕێی ئەو هێزانەیانە كە لەسەر رێی خۆفراوان كردن‌و دەستدرێژی هانیسان دەدەن)** ، ئەمە ئامۆژگاری‌ی سەرەكی بەرێزە ، بۆ دەستەلات بە دەستەكانی تاران ، بۆ ئەوەی ئەم قسانە لە گوێ‌بگرن‌و هێزەكانیان رەوانەی دۆزەخ نەكەن .

كەچی وا دیارە ئەزانەكانی قوم‌و تاران ، لەم جیهانەدا خۆیان كەڕ كردووەو نابیسن ، ئەوەبوو هەر بەردەوام‌بوون لە هێرش‌هێناندا ، بەلام وەك سەرەكی فەرماندە فەرمووی (مردن چاوەڕێی ئەو هێزانەیانە) بوو ، هەموو تەفرو توونا بوون‌و دەستگیركران‌و عیراقی ئەبەز بە سەربەرزی مایەوەو شكستی‌و رووڕەشی بوون بە بەشی خومەینی جادووبازو دەست‌و تاقمە خوێن‌مژەكەی لە قوم‌و تاراندا ، ئەگەر خومەینی‌ی گورگ تۆبە نەكات ، ئەوا (تۆبەی گورگ مەرگ دەبێت) !

رێكخراوی پاشماوە

وتی ئەم داخوازی‌یە بۆ هەمووی كومێتەی راپەراندن داواكراوە .

لە لایەكی كەیشەوە زانراوە كە ئەو لیژنە سیاسی‌یەی كە لە ئەنجومەنی نیشتمانیدا دامەزراوە داوای ئەویستنی پرۆژەكەی رێگانی كردوە . لە بەیاننامەكەدا ئەوە هاتوە كە « پرۆژەی رێگان لە ئامانج‌و كرۆكیا مافە نیشتمانی‌یە سەلمێنراوەكانی گەلی فەلەستین ناهێنێتە دی و دان بەوەدا نانێ كە رێكخراوەی ئازادكەری فەلەستین تاقە نوێنەری گەلی فەلەستینە لەبەر ئەوە ئەنجومەنی نیشتمانی ئەم پرۆژەیە بە بناغەیەكی باش دانانێ بۆ چارەكردنی مەسەلەی فەلەستین‌و كێشەی عەرەب‌و زایۆنی » .

لە لایەكی تریشەوە قسەكەرێك بە ناوی رێكخراوەكەوە وتی ئەنجومەنی نیشتمانی رازی نەبوو بە وازهێنانی عصام سەرطاوی‌و ئەویش بە رادیۆی مۆنت‌كارلۆی گەیاند كە وا دلسۆزی رێكخراوەی ئازادكەری فەلەستینە و بە گوێرەی بریارەكانی ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستین دەجوولێتەوە .

لیژنەی ـ پاشماوە

خەریكی ئەمەیەو بە سووربوونەوە داوا لە دەولەتەكانی ئەندامی خۆی دەكات كە ئەوپەری تەقەللای بەشداربوونیان بۆ بەرپاكردنی ئاسایشی ناوچەكە بدەن .

دەولەتانی ئەندامانی ئەنجوومەنەكە داوا لە سكرتێری گشتی دەكات كە بەراوێژكردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ گەیشتنە چارەیەكی ئاسایشانە تەقەللا بدەن‌و ئاگاداری ئەنجوومەن لە هەموو هەنگاوێكدا كە لەم رووەوە دەمرێ بكرێ .

صدام حسین هێناویانەتە كایەوەو بەشداری‌كردن لە پتەوكردنی گیانی سەركەوتن‌و قوولكردنەوەی بەشداری‌كردنی جەماوەر لەگەڵ پێویستی‌یەكانی بارودۆخی ئیستای وڵاتمان لە بەربەركانی كردنی ئازایانەی تەماعە فرەوانكاری ـ یەكانی دەستەی خومەینی تەلەكەبازو ئەو بەدەم‌عەرەبانەو خایەن‌و چلكاوخۆرانەی كە لەگەلیانان .

دەربارەی ـ پاشماوە

ئاشتیانە بەسەریاندا دەسەپێنێ بەجۆرێك كە زیان بە ئاشتی‌و ئاسایشی دەولەتان نەگەیەنێ‌و نەیەلێ كە ئەو پەیوەندی‌یە نێوو دەولەتیانەی هەیانە وایان لێ‌بێ هێزی هەرەشەكردنی دژی یەكێتی هەرێمەكەو سەربەستی سیاسی‌یەكێ لەو دەولەتانە تیا بەكاربهێنرێ .

ئەندامانی ئەنجورمەنەكە بانگەوازێكی نوێ دەردەكەن‌و سوورن لەسەر ئەوەی كە دەست‌بەجێ تەقە بوەستێنرێ‌و .. هەموو كارێكی سوپایی رابگیرێ‌و هێزەكانی هەردوولا بكێشرێنەوە سەر سنووری دەولەتان كە دانی پێدانراوە بەجۆرێك كە رێگەی ئەوە هەبێ بە پێی باوەڕنامەكە بكەنە چارەسەركردنێكی ئاشتیانە .

ئەنجورمەنەكە تا ئیستا

بۆ ئاگاداری

دەزگای گشتی گمرك لە ناوچەی ناوەراست بە مەزادی ئاشكرا رۆژانی یەك شەممەو دووشەممە ٢٧ ، ٢٨ـ٢ـ١٩٨٣ لەسەعات‌دەی بەیانیدا لە مەیدانی حصوە ژمارەیە ئوتومۆبیلی هەمەجۆر دەفرۆشێ ئەوانەی ئارەزووی كرین دەكەن لەكات‌و شوێنی دیاری كراو ئامادەبن تامینات ٢٠٪و دەلالی لەسەر كریارە .

یاریدەری بەرێوەبەری گشتی

Institut Kurde de Paris

گۆرێکی رۆشنبیری

لە چالاکیەکانی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

بێگومان وەکو دەیزانین دەزگاکەمان کە هەمیشە هەوڵی خزمەتکردنی ئەدیب و هونەرمەنداو رۆشنبیرانە چ بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان لە رۆژنامەو گۆڤارەکانماندا و چ بە لەچاپدانی کتێبەکانیان یاخود سازدانی کۆڕی ئەدەبی و هونەری بۆیان ، ئەمانەش بێگومان لەبەر ئەوەیە کە رۆشنبیرانو ئەدەبدۆستان چێژیان لێوەربگرنو بەو هۆیەشەوە بتوانێ خزمەتی ووشەی پیرۆزی کوردی پێبکرێ ٠٠٠٠

بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو قسانەی سەرەوە دەڵێین لە رۆژی دووشەمە رێکەوتی ٢١-٢-١٩٨٣ کۆڕێک بەسەرپەرشتی دەزگاکەمان لە هۆڵی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی بۆ کاک رزگار کریم ساز کراو برادەر محمود زامدار کۆرەکەی گێڕا ٠ بەسەرباسی (شانۆی منالانو منالانی کورد) ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کاک رزگار لە پێشەکیەکی درێژدا مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی منالی خوێندەوە دوای ئەوە کاک رزگار هاتە سەرباسی شانۆی منالانی کوردو سالی ١٩٥٦ی بەسەرهەڵدانی ئەو باسە دانا ، هەروەها باسی ئەکتەرو دەقی گەلێ لە شانۆییە منداڵەکانی بەنموونە هێنایەوە ، باسی ئەوەی کرد کە ئەکتەری شانۆی منالان دەبێ کێ بێ ٠٠٠ ئایا منداڵ خۆی بێت یاخود گەورە یان گەورەو منال ئەمەو ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانو قوتابیان بەشداری گوناقەشەو لێکۆڵینەوە کە بوون ، دکتور عزالدین مصطفی رسول دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی منالانی کورد ووتی لە پێش ١٩٥٦ یشدا گەلێ شانۆیی منداڵانە لەقوتابخانەکاندا پێشکەش کراوە ٠

مامۆستا عبدالستار طاهر شریف باسەکەی بە باسێکی ئەکادیمی رێکوپێک دانا بەڵام لە مەسەلەی دیاریکردنی قۆناغەکانی ژیانی منالدا کە کاک رزگار بە چەند بەشێک دانابوو تا ٦ سالی بە قۆناغێکو لە ٦-٨ بە قۆناغێکو لە ٨-١٨ شەوە بە قۆناغێک ووتی لە ٨-١٨وە بە دوو قۆناغەنەک بە یەک قۆناغ واتە لە ٨ تا ١٢و لە ١٢ - ١٨ ٠

کاک عبدالله عباس لە مەسەلەی بۆ چوونە مێژوویەکانی بوونی شانوی منداڵو دروست بوونی لای ئێمە ئەو باری سەرنجەی هەبوو کە شانوی منداڵ لە خۆیا شتێکی نوێیەو ئەوەی لای ئێمە هەیە ، تەقەلا بۆ دروستکردنی ، نەک هەیە ٠

هەروەها کاک جەمال غەمبارو خوشکە پەیمانو غفور صالحو مامۆستا توفیق مهدی کە بڕوانامەی ماجستێری هەبوو لە شانۆی منالاندا بەشداری کۆڕەکەیان کردو بیروڕای خۆیان خستە روو ٠ کۆڕەکە نزیکەی دوو سەعاتو نیوی خایاندو ژمارەیەکی زۆر زۆر لە قوتابیانو ئەدیبو رۆشنبیران ئامادەی بوون ٠

ئێمەش لە لایەن خۆمانەوە دەڵێین باسەکە تا رادەیەکی باش سەرکەوتوو بوو ، بەڵام ئەگەر لە دوا رۆژدا بکرێ بە نامیلکە پێویستی بە توێژنەوە لە شانۆی منالان لە شارەکانی هەولێرو دهۆکو هەیە ، چونکە باسەکە وەکو خۆی ووتی تایبەت بوو بە شاری سلێمانیەوە ٠

هەرجارەی نووسینێک

« رویالا عبدالقادر محمد »

● لە بەشی رپیۆرتاژی رۆژنامەی هاوکاری تازیز ژمارە (٦٧٣)ی رۆژی ٣-٢-١٩٨٣ کاک عبدالوهاب تالەبانی چاوپێکەوتنێکی کردبوو لەگەڵ عەمیدی کۆلێجی ئەدەبیات لە زانکۆی صلاح‌الدین ٠٠٠ مانشێتێکی بچکۆلانە نوسرابوو (دامەزراندنی بەشی دیراساتی باڵای کوردی لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە) ٠٠٠ بێگومان هەنگاوێکی پیرۆزە ، چونکە کردنەوەی ئەم بەشە زیاتر دەمانباتەوە بۆ ئەو لایەنە گەشەی کە ئەمرۆ زمانی کوردی پێدەگەشێتەوە ٠٠٠ تاکو بچینە بنج‌وبناوانی زمانە شیرینەکەمانو شی‌بکەینەوە لەسەر بناغەیەکی زانستیانە ٠٠٠٠

زۆربەی قوتابیانی کورد بە تەک ئەوە وەن کە خوێندنی باڵا لە زمانەکەی خۆیان تەواو بکەن ، تاکو لە تەرازووی زمانانی جیهان شوێنی خۆی بگرێتو حساباتی تایبەتی بۆ بکرێت ٠٠ یان لە زانکۆکانی جیهانی‌دا پەنجەی بۆ رابکێشرێت ٠٠٠٠

● بەرای زۆربەی زۆری رۆشنبیرو پسپۆرانی زمانی کوردی ئەگەر ئەم بەشە لە وولاتەکەی خۆمانا بێ زۆر چاکترە لەوەی کە لە دەرەوە بێ ، چونکە قوتابیانمان زووتر سەرچاوەکانیان پێدەگاتو لە نزیکەوە هەرچییەکیان بوێت دەربارەی ئەو دەرسانەی کە دەیخوێنن بە دەستیان دەکەوێت ، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە بە چەند رۆژێک رۆژنامەیەکی کوردی دەگاتە قوتابیەکی کورد کە لە خوێندنی باڵا یان دکتورای لە زمانی کوردی دەخوێنی لە یەکێتی سوفیەت ٠٠٠ بەڵام بەمەرجێک ئەم بەشە دەبێ مامۆستاو شارەزای تەواوی بۆ تەرخان بکرێتو پسپۆرایەتی‌یەکی تەواوی‌یان هەبێت لە زمانی کوردی ٠٠٠

● جا هەلویستی رۆژنامەی «هاوکاری»و هەموو گۆڤارو رۆژنامەیەکی خێرخوازو خاوەن ویژدانو خۆشەویستی ووشەی کوردی پێویستی بەوە هەیە کە ئەم هەنگاوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێو لە سەری بنوسێو دەست‌نیشانی لایەنە ئیجابیانەکەی بکات کە قۆناغی ئەمرۆمان دەیەوێو بەخۆیەوە هەلیدەگرێت ٠٠

چونکە با لە بیر نەکەین رۆشنبیری کورد، پێویستی بەوە هەیە کە ئەمرۆ بەشی خوێندنی باڵا لە زمانە شیرینەکەی‌دا بەخۆیەوە ببینێو گەلێک لە مامۆستاو ئەدیبە ناسراوەکانمان خاوەنی دکتوران لە زمانی کوردی٠ سووربوون لەسەر کردنەوەی ئەم بەشەزیاتر خزمەت دەبەخشێو لایەنی زانستیانەی زمانی کوردی گەشەدارتر دەکات ٠٠٠٠ چاوەڕوانین بچینە ئەم بەشە خوێندنی باڵا بەسەر «حاجی قادری کۆیی‌و دلدارو پیرەمێردی نەمرو٠٠هتد» تەواو بکەین ٠٠٠٠

ئایشە شانە

گۆرانی بۆ عێراقی‌تر شۆرش دەڵێ

سەگڤان عبدالحکیم

بەری چەند رۆژەکا کاغەزەک گەهشتە من ژستراتێژا هێژا عیشا شانێ وتێدا سلاڤ بوهەمی گوهداریێت خۆ فرێکربینو خەربیێ ل سەری دایەودڤێت بێتە عیراقێ بسەرەدان و دگەل کاغەزاخۆ رسمەک نویو دەلال هنارتی یە ، دگەل سترانەک نوی نڤیسیە ٠٠ هەلبەت ئەو ستران ئەم دکارین بێژین سرودە بتنێ بەیڤێت هنارتین بێدەنگو ئاوازمەژی دڤێت بو خویندەوارا بەلاڤکەین چنکو ئەڤ بە بڤەبنەرخن چنکو داخازاسەرکەتنتنا وەلاتێ مە دکەت دژی دوژمنا ٠٠ هەلبەت پەیڤێت لاتینی نڤیسیبو وهاتە گوهرین وئەڤە ئەو سترانە ئەواعیشا شانێ هنارتی



دەردێ من عراقە دەردێ من بەغداد
هەر رۆژئەزدگەرم دکەمە فریاد
ئەی رەبی عالەمێ تو بکە امداد
تو سەرکە تو بکە بەغدادا شیرین
ئەی رەبێ عالەمێ تو ئەمداد بکە گەلەکێ سەرکە

● × ●

ژدەردێ عراقێ ئەز نەخوەشم
بحەسرەتا وەمە ئەز دل ئێشم
دەردێ من گرانە نەوێرم بێژم
خەون‌و خەیالا من گەلەکێ عراقە

● × ●

بەغداد شیرینە وەللاهی جانە
مەسکەنی عەرەبو کوردو شێخانە
چیاێن عراقێ گولو رەیحانە
عەیشە شانا غەریب ب حسرەتا وانە
بشەڤ خەونا من دا بروژ خەیالم
بحەسرەتو دمردم دگەرم دنالم
ژدەردێ عراقێ ئەز خراب مالم

● × ●

دەولەتا عراقێ ب شەرەڤو شانە
عەدالەتا مەزن ئەز بوم حەیرانە
عەرەبێ کورد وەک هەڤێ وەک برانە
کەدەرا من ئەون ئەو گەلەک زانن
بەردانێ من عراق شیرین وەتەنە

ئەنتۆنی کوینی هونەرمەند

لەم دواییەدا هونەرمەند ئەنتۆنی کوین سەلماندی کە بێجگە لە نواندن وێنەکێشو پەیکەرتاشێکی وەستایشە٠٠ ئەو پیشانگا قەشەنگەی کە لە هۆنۆلۆلۆ کردیەوە بێ چەن‌وچوون ئەمەی دەرخست٠

لە لایەکی تریشەوە هەرچەندە تەمەنی گەیشتوەتە ٦٧ ساڵە لە وێنەگرتنی فلیمی (رێجینا) بووەوە لەگەڵ ژنە هونەرمەند ئانا گاردنەرداو هەمیشە سەرقالی چەندەها پرۆژەیشە ٠



بلووزی خوری
بەڵام چۆن بلووزێ ٠٠

ئەم پیرەژنە ئەمسایی‌یە کە تەمەنی ٧١ ساڵە مانگێکی تەواو بە دزی‌یەوە خەریکی چنینی بلووزێک بوو بۆ ئەوەی بە بۆنەی ساڵی تازەوە پێشکەشی ئەم ئافرەتە پێنج ساڵی مێردەکەی کا ٠ سەیر ئەوەیە رەبەق لەسەرخۆ تووکی (میسکی) سەگی رنیوەتەوە بۆ ئەم بلووزەو تاڵێکی لێنەکریوە ٠٠

پاش ئەوەی بلووز تەواوبوو و مێردی بەرێز لەبەری‌کرد (میسکی)یەکی تازە لە ماڵی خانمدا پەیدابوو ٠

ئەگەی هی خواردن نیە

وا نەزانی ئەمە هێلکەیەی نەخش‌کراوە ٠٠ ناە ئەمە ئامرازێکی تایبەتی‌یەو بۆ ماوەی سەعاتێک کۆک دەکرێو لەسەر هەر ماوەیەک تیرەکەی دانێ کە کاتی خۆی هاتو چێشتەکەت پێ‌گەیی ٠ ٠ دەست‌دەکاتە دەنگەدەنگو ئاگادارت دەکات لەوەی چێشتەکەت ئامادەبە ٠

ئەم پیاوە خرە

دیڤین لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە ئەستێرەیەکی جیهانی ٠٠ هۆی ئەمەیش دەگەرێتەوە بۆ ورگە خرەکەی کە لە باڵۆنێکی گەورە دەچێ ٠

جارجاریش دیڤین بە جلی ژنانەوە دەچێتە سەر شانۆ و دانس‌دەکاو خۆی

« دەنوێنێ »و خەڵکیش پێ‌دەکەنن‌و « پارە »ی بۆ هەڵدەرێژن ٠

کامێرای چاوزل



کۆمپانیایەکی ژاپۆنی خەریکی تاقیکردنەوەی کامێرایەکە پێی دەڵێن بانۆراما ٦١٧ بەتایبەتی بۆ ئەوە تەرخان‌دەکرێ وێنەی گۆشەی بەربلاوو دیمەنی فراوانو کاروباری ئاسمانی بگرێ ٠ فلیمەکەیشی سێ ئەوەندەی فلیمی ترە لەبەرئەوە وێنەکانی زۆر وردترو رێک‌وپێکتر دەردەچن ٠

چیرۆک بۆ منداڵان

پێش برکێ

زیاد کەریم خدر

رۆژێکیان کۆمەڵێک لە قوتابیان لە گۆرەپانی یاری ئامادەبوون بۆ ئەوەی لە میهرەجانی وەرزشی بەشداری بکەن ، ئەو رۆژە بۆ یاری پێش برکێی پایسکل تەرخان کرابوو ، هەڤالیش وەک قوتابیەکانی تر خۆیو پایسکلەکەی ئامادە بوو بۆ ئەوەی بەشداری بکات بۆ ئەم کارەش پێویستیان بە رێگایەکی قیرتاوو سەربەخۆ هەبوو تاکو بەسەریا برۆنو بگەرێنەوە ، کاتێک حەکەمەکە شاووری لێدا قوتابیەکان بە گورو دەرچوون ، هەڤال لە پێشەوەی هەموان دەرۆیشت ، کەچی لە رێگادا بەردێک بەر ئەژنۆی هەڤال کەوتو لە هاورێکانی بە دوای خست ، هەڤال زۆر پەرێشان بوو ویستی خۆی لە یاری‌یەکە بکێشێتەوە ٠٠ ناچار دووبارە بە توندی سواری پایسکلەکەی بووەو کەوتەوە رێگا ، لەبەر خۆیەوە دەیوت دەبێت بە ئەو سەری یاری‌یەکە بگەم ٠چەند دەقیقەیەک مابوو بۆ تەواو بوونی ماوەکە خوێن لە پێی هەڤال هاتە خوارەوە ٠ هەڤال زوو زوو فانیلەکەی وەرزشی لەبەر خۆی داکەندو پارچەیەکی لێ‌کردەوە بۆ ئەوەی لە برینەکەی بپێچێتەوە ٠ خەڵکەکە هەرچاوەرێی هەڤال بوون دەیانووت بۆچی نەگەیشتە جێ ٠ هەتاکو ئوتومۆبێلی چارەسەرکردن هاتو هەڤالی گەیاندە نەخۆشخانە بۆ ئەوەی چارەسەری بکرێت ٠ هەرچەندە هەڤال زۆر خۆی ماندوو کردو کۆڵی نەدا بۆ ئەوەی بە یەکەم دەربچێت ٠ بەڵام هەڤال خەڵاتێکی تری وەرگرت کە دڵ خۆشی دەکات ٠

شیعر بۆمنداڵان

سروودێک بۆ بەبە

بەبە نەرمو نیانە
بەبە شادیی دڵانە
خەندەی ، گوڵی قەدپاڵە
قاقای ، تینی ناو ماڵە
گریانەکەی ، ئاوازە
سەرچاوەی نۆتەی نازە
بەبەمان خەمرە وێنە
نیگارێکە بێ وێنە ، ٠٠٠

دە دەی بەبە گیان وەرە
تەمی دڵمان لابەرە ،
دارە دارە ، پاپایە
بەبە خونچەی هیوایە ،
بەبە سروەی بێ‌گەردە
بەبە شنەی سەر هەردە ،
لە گێژاوی پەستیدا
بەبە دەرمانی دەردە ،

بەبەپشووی دوای رەنجە
زێرو زیوو هەم گەنجە ،
بەبە باخچەی خێزانە
لە ناو دڵا گوڵدانە
لە جوانترین جوانی
بەبە زۆرتر جوانە

((عوسمان هەورامی))

تیپی هونەری میللی‌و شەوێک لەژیانی خانزاد ٠

نووسینگەی سلیمانی

زانیمان کە تیپی هونەری میللی یەکێتی نەقابەکانی پارێزگای سلێمانی پراوەلەسەر دەرهێنانی شانۆیی - شەوێک لە ژیانی خانزاد - دەکەن بۆ ئەوەی لە تەلەفزیۆنی - التامیم‌ەوە پێشکەشی کەن ٠٠٠

سەرێکمان دا لە نیشتەجێی تیپەکەو چاومان بە هەندێ پراوەی دیمەنی شانۆیی‌یەکە کەوتو لەگەڵ سەرۆکی تیپەکە-اسماعیل بەرزنجی-ودەرهێنەری شانۆیی‌یەکە -. عباس ژاژەڵەیی‌دا لە بارەی ئەم کارە هونەریی‌یەوە لە گەلیاندا کەوتینە گفت‌وگۆ :لە وەلامی پرسیارێکماندا دەربارەی دەقی شانۆیی‌یەکە٠٠٠ اسماعیل بەرزنجی حەمە کەریم هەورامی نووسیویەتی‌و من بۆ تۆمارکردن لە تەلەفزیۆندا ئامادەم کردوە ٠٠٠

لە وەلامی پیسیارێکی‌ترماندا دەربارەی کەسانی شانۆیی‌یەکە وتی : نزیکەی‌سی - ٣٠ - کەس لەم کارە هونەریی‌یەدا بەشداری‌دەکەن ٠٠٠ و چەند دەورێکی سەرەکی‌تیادایەوەکو دەوری خانزادو لەشکری‌و قازی‌و عائشەخان٠

دەربارەی کاتی تۆمارکردنی شانۆیی‌یەکەشی بۆ تەلەفزیونی تەئمیم ٠٠٠دەرهێنەری شانۆیی‌یەکە کاک عباس ژاژەڵەیی وتی : نیازوایە لەم مانگەدا چەن دیمەنێکی لێ‌تۆمارکەین ٠

هاوکاری
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد : شەقامی « الخلفاء » مەیدانی « الخلانی »
تەلەفون : ٨٨٧٥٧٩٥
پێنج خەت